گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە
ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا
دەریدەکات

# هەیڤ

46



## هەماهەنگی نێوان دەقە قورئانییەکان سەبارەت بە پێکهاتنی مرۆڤ



## پێشینەکان و هەڵێنجانی گۆیی بوونی زەوی




## خۆکوشینی 5:2 چی یە؟

بسم الله الرحمن الرحيم



هەورە بروسکە...
دیاردەیەکی ترسناك و سوودبەخش 7


ڕێنوسی قورئانیی 8


دۆزینەوەی کۆنترین هەنگوین 16


فسیۆلۆجی نوێژ 26


دۆزینەوەی کەمکردنی زەوی
لە لێوارەکانیەوە 35


بۆ نەوجەوانان 40


ئەم گۆڤارە ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی تێدایە، پاراستنی پێویستە.

# هەیڤ


بەشی کوردی
یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002دا بلاو کرایەوە
ژمارە (46) هاوینی 2017ز - 1438ك
www.haiv.org

خاوەنی ئیمتیاز
ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

سەرنووسەر
د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

جێگری سەرنووسەر
خالید حەسەن عەلی

بەڕێوەبەری نووسین
هاوژین طالب رضا
009647707601225

ڕاوێژکاری یاسایی
محەمەد ڕەئووف ئەحمەد
009647701527323

دەستەی نووسەران
فارووق ڕەسووڵ یەحیا
محەمەد حسێن کەریم
د. کاوە فەرەج سەعدون
جەمال محەمەد ئەمین
د. محمد جمیل الحبال
بەرزان ئەبوبەکر ڕەشید
د. بەهێز محەمەد ساڵح
سەروەر حەسەن عەلی

دیزاین
زانیار ئەنوەر ئەحمەد
zanyarkurdish@gmail.com

پەیوەندی
haivkurdy@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان:
سلێمانی - شەقامی سەرەکی چوارچرا
بەرامبەر زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

# دەكرێت ئیعجازی زانستی

## یەكلاكەرەوەی بۆچوونە زانستیەكان بێت!

سەرنووسەر

خوای گەورە مرۆڤی دروست كردووە و دەستبەرداری نەبووە لە ڕێنموویكردنی لە هەموو بوارەكانی ژیانی دنیا و دوواڕۆژیشی، بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەرانی بۆ ناردوون و پەیامەكانی خۆیی بۆ ڕەوانە كردوون... هاوكات خوای گەورە ژیری بە مرۆڤ بەخشیوە و هەمیشە لە پەیامەكەیدا هانی داون كارەكانیان بە زانستیی ئەنجام بدەن و ژیریی بەكاربێنن و دووركەونەوە لە خورافە، تەنانەت بۆ ناسینی خواش دەبێت لەسەر بنەمانی زانست بێت، دەفەرموێت: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ (١٩) ﴾ محمد.

ئەگەر زانایەك موسڵمانیش نەبێت، خوای گەورە یارمەتی دەدات بۆئەوەی لە تویژینەوەكەیدا سەركەوتوو بێت، مادام بۆ خزمەتی بەندەكانی خۆیەتی، زانایان خۆیان باسیان لێوەكردووە، كە چۆن هەستیان بە ئیلهامێك یان ئاراستەكردنێك كردووە لەو كاتەی كە قۆناغێك لە قۆناغەكانی تویژینەوەكەیان لێ گیربووە، ئەگەر پشتیوانیی خوای لەگەڵ نەبووبێت هەرگیز كارەكەیان بۆ نەگەیشتۆتە ئەنجام!

یەكێك لە ڕێنموونیە بەردەوامەكانی خوای بە بەزەیی بۆ بەندەكانی، قورئانی پیرۆزە، كە جگە لە ڕێنمووییی پەیوەند بە ڕوح و ئایینی مرۆڤ و لایەنی كۆمەڵایەتی و باری یاساییان، چەندین ئاماژەی زانستیی تێدایە، كە بێگومان بێ حیكمەت نیە و هەروا بێ مەبەست ئەو چەندین ئاماژانەی لەخۆ نەگرتووە.. بەڵام هەر سەردەمە و مرۆڤەكان بە پێی زانست و ئاستی ژیانیان لە ئاماژەكانی تێدەگەن، گرنگ ئەوەیە ئێمەی موسڵمان لێان تێبگەین و نهێنیەكانی بدۆزینەوە، گەر نا كەمتەرخەمین و لێپرسراوین!

پێشینانمان وا دیارە لە ئێمە باشتر بووبن، كە لە ڕوانگەی دەقەكانەوە چەندین قەناعەتی زانستیان بۆ دروست بووە و بەرگریان لێ كردووە، ئەگەر چی پێچەوانەی بۆچوونە باوەكانی ئەو سەردەمانەش بووبێت! ئیبن حەجەر (٨٥٢ك وەفاتی كردووە)، كاتێك باس لەو دەقانە دەكات كە باسی دروستبوونی مرۆڤ دەكەن لە نێر و مێ، دژی ئەو بۆچوونانە دەوەستێت كە لە سەردەمی خۆیدا باو بووە، كە گوایە مرۆڤ لە خوێنی حەیز دروست دەبێت و ئاوی پیاو پەیوەندی پێوە نیە! بەڵام ئیبن حەجەر، لە ڕۆشنایی قورئان و فەرموودەكانەوە، پێی وایە هەردوو پیاو و ئافرەت بەشدارن لە دروستبوونی مرۆڤدا، بەڵگەشیان: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ (١٣) ﴾ الحجرات. ﴿ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ (٢) ﴾ العلق. ﴿ أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَن يُتۡرَكَ سُدًى (٣٦) أَلَمۡ يَكُ نُطۡفَةٗ مِّن مَّنِيّٖ يُمۡنَىٰ (٣٧) ثُمَّ كَانَ عَلَقَةٗ فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ (٣٨) فَجَعَلَ مِنۡهُ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ (٣٩) ﴾ القيامة... هتد. تا دەڵێت: (وأحاديث الباب تبطل ذلك..)، واتە ئەو بۆچوونانە هەڵەن... لە كاتێكدا ئەم زانیارییانە لە كۆتایی سەدەی نۆزدەی زایینیدا دۆزراونەتەوە.

ئیبن حەزم (٤٥٦ك وەفاتی كردووە) و ئیبن تەیمییە (٧٢٨ك وەفاتی كردووە) قەناعەتیان بە خڕیی زەوی هەبووە، بەڵكو ڕای زانایانی پێش خۆشیان نەقڵ دەكەن كە چۆن لەڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە پێیان وا بووە كە زەوی تەخت نیە، بەڵكو گۆییە، بەڵگەشیان ئایەتەكانی قورئان بووە: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ (٣٣) ﴾ الأنبياء. ﴿ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِ (٥) ﴾ الزمر. ﴿ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ (٤٠) ﴾ يس. ﴿ ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا (٢٧) رَفَعَ سَمۡكَهَا فَسَوَّىٰهَا (٢٨) وَأَغۡطَشَ لَيۡلَهَا وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا (٢٩) وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ (٣٠) أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا (٣١) وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا (٣٢) ﴾ النازعات.

بە هەمان شێوە، پزیشكانی موسڵمان لە ڕۆشنایی دەقەكانی قورئان و سوننەتەوە چەندین بۆچوونی هەڵەیان ڕەت كردۆتەوە لە بواری تەندروستی و گواستنەوەی نەخۆشی، بەڵكو چەندین ڕێگای چارەسەركردنی نوێیان دۆزیوەتەوە، هەروەها لە بواری كیمیا و ئەندازیاری و... هتد.

كەواتە دەكرێت قورئانی پیرۆز بكەین بە ڕوانگەیەك بۆ گەیشتن بە ڕاستیە گەردوونیەكان، لەسەر بنەمای ئەوەی كە قورئان گوتاری خوای گەورەیە و بە هیچ شێوەیەك كەمیی و نوقستانی ڕووی تێ ناكان: ﴿ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٞ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٖ (٤٢) ﴾ فصلت.

# موعجیزاتی قورئانی

## پاشكۆی یەكەم



ن: مامۆستا سەعیدی نوورسی
و: فارووق ڕەسووڵ یەحیا faruqrasul@haiv.org

ئەم پاشكۆیە پلەی حەڤدەهەمی تیشكی حەوتەمە (الایة الكبری) كرا بە پاشكۆیەك بۆ وتەی بیست و پێنجەم

ئەم گەشتیارەی كە تێر نابێت و ماندووبوون كاری تێناكات، زانیی: ئامانجی ژیانی ئەم دنیایە و ژیانی "ژیان" تەنها لە ئیماندایە، بۆیە لەگەڵ "دڵ"ی خۆیدا دوا و وتی:

- گوفتاری ئەو كەسەی كە لێی دەگەڕێین، بەناوبانگترین و ڕاست و داناترین گوفتاری ناو ئەم "بوون"ەیە و، لە هەموو چەرخ و سەردەمێكدا تەحەددای گشت ئەوانەی كردووە كە ملی بۆ كەچ ناكەن. كەواتە با لە پێشدا سەر لەو قورئانە پیرۆزە خاوەن ڕەوانیـیە ئیعجازبەخشە بدەین و بزانین چی دەڵێت؟ بەڵام پێش ئەوەی بچینە ناو ئەم جیهانە جوانەوە، با هەندێك بووەستین و ئەوەندە لەم كتێبە بكۆڵینەوە كە دڵنیامان بكات لەوەی كتێبی بەدیهێنەری ئێمەیە.

بەم جۆرە، دەستی كرد بە وردبوونەوە و لێكۆڵینەوە.

جا لەبەر ئەوەی ئەم گەشتیارە لە هاوچەرخەكانمانە، ئەوا لە پێشدا سەیری "پەیامەكانی نوور"ی كرد، كە چەند بریسكانەوەیەكی ئیعجازی مەعنەویی قورئانی پیرۆزن، بینیی:

ئەم پەیامانەی كە دەگەنە سەد و سی دانە، بۆخۆیان تەفسیرێكی بەنرخی ئایەتەكانی قورئانن، چونكە پەردە لە ڕووی سەرنجە وردەكان و ڕووناكیـیە ڕەنگینەكانی ئەو ئایەتانەی قورئان لادەدەن و ئاشكرایان دەكەن.

خۆ هەرچەندەش "پەیامەكانی نوور" لەم سەردەمە مولحیدە سەرسەختەدا، بە جیهاد و تێكۆشانێكی بەردەوام، ڕاستیـیەكانی قورئانیان بە هەموو لایەكدا بڵاو كردووەتەوە، كەچی هیچ كەسێك نەیتوانیوە ڕەخنەیان لێ بگرێت یان ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێت كە قورئانی پیرۆز — كە پێشەوا و ڕابەر و سەرچاوە و خۆری ڕووناكی بەخشی ئەو پەیامانەیە — ئاسمانیـیە و، گوفتاری خواوەندی پەروەردگاری هەموو جیهانەكانە و، هەرگیز گوفتاری ئادەمیزاد نیـیە، بە ڕادەیەك كە "وتەی بیست و پێنجەم" و كۆتایی "مەكتووبی نۆزدەهەم" كە هەردووكیان تەنها یەك بەڵگەی نێوان سەدان بەڵگەن لەوانەی كە پەیامەكانی نوور بۆ ڕوونكردنەوەی ئیعجازی قورئان هێناونی، بە چل شێوە و ڕووی جۆراوجۆر ئیعجازی قورئانیان چەسپاندووە، بە چەشنێك هەموو ئەو كەسانەیان خستووەتە سەرسووڕمانەوە كە خوێندوونیانەتەوە و لێیان كۆڵیونەتەوە، پاشان ڕێز و سەرسووڕمانی خۆیان بەرامبەر بەو پەیامانە دەربڕیوە، چ جای ئەوەی كە ڕەخنەیان ئاراستە بكەن یان بەرەنگاریان ببنەوە، بەڵكو هەموویان - تێكڕا - ستایشیان كردوون.

جا چەسپاندنی ڕووی ئیعجازی قورئان و، خستنەڕووی ئەو لایەنەی كە دەری دەخات قورئان فەرمایشت و گوفتاری خواوەندە، ئەم گەشتیارە بە پەیامەكانی نووری سپاردن، بەڵام بە وردی سەرنجی لە چەند خاڵێكدا كە بە ئاماژەیەكی كورت مەزنیی قورئانی پیرۆز دەردەخەن:

* خاڵی یەكەم:

هەروەك قورئانی پیرۆز، بە هەموو موعجیزات و ڕاستیـیەكانی خۆی، كە بەڵگەن لەسەر ئەوەی لە هەموو شتێكی تر حەقترن، موعجیزەی حەزرەتی محەممەدە ﷺ،

بە هەمان جۆر حەزرەتی محەممەدیش ﷺ بە هەموو موعجیزەکانی و بەڵگەکانی پێغەمبەرێتی و کەماڵاتی زانیاریی خۆی، موعجیزەی قورئانی پیرۆزە و، بەڵگەیەکی گومان بڕە لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز گوفتاری خواوەندی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە.

* خاڵی دووەم:

قورئانی پیرۆز گۆڕانکارییەکی گەلێ مەزنی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هێنایە گۆڕێ و، رووناکیی بە هەموو ئاسۆکانی گەردووندا پەخشاند و پڕی کردن لە بەختەوەری و ڕاستییە مەزنەکانی لەسەر نەخشاندن و، ئاڵوگۆڕێکی یەکجار گەورەی ئەنجام دا چ لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا چ لە گیان و ژیریياندا چ لە ژیانی: کەسی و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییاندا. ئنجا ئەم گۆڕان و ئاڵوگۆڕەشی بە بەردەوامی هێشتەوە و بەڕێوەی برد، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئایەتەکانی ئەم قورئانە (کە دەگەنە شەش هەزار و شەش سەد و شەست و شەش ئایەت) وا چواردە سەدەی ڕەبەقە لە هەموو چرکەیەکدا بە لای کەمەوە لەسەر زاری زیاتر لە سەد ملیۆن کەس، بەوپەڕی ڕێز و شکۆدارییەوە دەخوێندرێنەوە و، لەو کاتەیشەوە ئەم قورئانە خەڵکان پەروەردە و "دەروونەکان"یشیان پاکژ دەکات و، "دڵانیان" دەپاڵێوێت و، روونی و پلەبەرزی بە "گیانیان" و، ڕاستەشەقام و رووناکیش بە "ژیرییان" و ژین و بەختەوەریش بە "ژیانیان" دەبەخشێت.. بێ هیچ گومانێك، ئەم کتێبە هیچ هاووێنە و هاوتا و هاوشانێکی نییە، کەواتە موعجیزە و دەراسایە.

* خاڵی سێهەم:

قورئانی پیرۆز هەر لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا ڕەوانبێژییەکی وای پیشان داوە کە لە وێنەی نییە. بە ڕادەیەك کە نرخی "موعەللەقاتی سەبعە"ی بەناوبانگی ئەوانی داگرتە خوار کە چەند پارچە شیعرێکی کەڵە شاعیرە هەرە ڕەوانگۆکانیان بوون و بە زێڕ نوسرابوون و بە دیواری کەعبەدا هەڵواسرابوون، بە ڕادە و ئەندازەیەکی ئەوتۆ لە شان و شکۆ و نرخ و بەهای داشکاندن کە دوای هاتنی قورئان، کچەکەی "لوبەید" پارچە شیعرەکەی باوکی لە ڕووی دیواری کەعبە داگرت و، وتی: (مادەم ئەم ئایەتانە هاتن، ئیتر جێی تۆ لێرەدا نەماوە)!

هەروەها کاتێك ئەدیبێکی دەشتەکی ئەم ئایەتەی بیست کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ ﴿٩٤﴾ ﴾ الحجر. خۆی پێ ڕانەگیرا و یەکسەر سەری سوژدەی نایە زەوی!

پێیان وت: ئایا موسڵمان بوویت؟

وتی: نەخێر.. بەڵام سوژدەم بۆ ڕەوانبێژیی ئەم ئایەتە برد!

هەروەها هەزاران کەس لە پێشەوایانی ڕەوانبێژی و کەڵە ئەدیبانی چەشنی: عەبدولقاهیری جورجانی و، سەککاکی و، زومەخشەری، بە یەك دەم و یەك دەنگ دان بەوەدا دەنێن کە: (ڕەوانبێژیی قورئان لە سەرووی وزەی مرۆڤەوەیە و، لە توانای هیچ کەسێکدا نییە پێی بگات).

هەروەها قورئانی پیرۆز، هەر لە کاتی نازڵ بوونیەوە تاکو ئێستاش، تەحەددای هەموو ڕەوانبێژ و ئەدیبە لەخۆبایی و سەرسەختەکان دەکات و، لە کەش و فش و خۆبەگەورە گرتن و سەرسەختییان دادەگرێت و لووتبەرزییان دەهێنێتە خوار و، لەو تەحەددایانەشدا داوای هێنانی سوورەتێکی وەك سوورەتەکانی قورئانیان لێ دەکات، یان دەبێت بە تیاچوون و ڕسوایی دنیا و قیامەت ڕازی بن..

ئا لەم کاتەدا کە قورئان ئەم تەحەددایەی ڕادەگەیەنێت، دەبینیت سەرجەم ڕەوانبێژە سەرسەختەکانی ئەو سەردەمە وازیان لە ڕێگا کورتەکە هێنا، کە لاساییکردنەوەی قورئانە و هێنانی سوورەتێکی وەك ئەوە و، لە بریی ئەمە ڕێیەکی درێژیان گرتەبەر، کە ڕێی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانەیە و، ڕێیەکە کاولکاریی لە دووتوێدایە و زیان بە گیان و سامانیان دەگەیەنێت.. ئەوان بە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە، ئەوەمان بۆ دەچەسپێنن کە هەرگیز گرتنەبەری ڕێگا کورتەکە لە توانادا نییە و بۆ هیچ کەسێك مەیسەر نابێت!

هەروەها ملیۆنەها کتێبی عەرەبیمان لە بەردەستدان، کە یان دۆست و پشتگرانی قورئان بە نیازی چاوکردن لە شێوازەکەی و شوێن پێ هەڵگرتنی.. یان دوژمنانی بۆ مەبەستی بەرەنگاری کردن و ڕەخنە لێ گرتنی، نووسیویانن..

خۆ هەموو ئەو کتێبانەی کە نووسراون و دەشنووسرێن، سەرباری بەرەوپێش چوونی شێوازیان، کە ئەویش ئەنجامی لە دوای یەکتر هاتنی بیرەکانیان و سوودوەرگرتنی دواهینەکانیانە لە پێشینانیان، کەچی لەو کاتەوە تا ئێستا، هیچ کام لەو نووسراوانە نە لە شێوازی قورئان دەچێت نە نزیکیشی دەبێتەوە! تەنانەت ئەگەر پیاوێکی عەوامیش گوێی لە خوێندنی قورئان بێت، هەست بەو ڕاستییە دەکات و ناچار دەڵێت: (ئەم قورئانە لە هیچ کامێکی ئەو کتێبانە ناچێت). جا یان ئەوەیە ڕەوانبێژییەکەی ئەم لە خوار هی ئەو کتێبانەوەیە، یان لە سەرووی هەموویانەوەیە. خۆ هیچ مرۆڤێك - هەر کەسێك بێت — تەنانەت کافر و مرۆڤی نەفامیش ناتوانێت بڵێت: ڕەوانبێژییەکەی لە خوار ئەوانەوەیە.

جارێکیان یەکێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێ: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿١﴾ ﴾ الحدید.

پاشان وتی: من هیچ ڕوویەکی ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی ئەم ئایەتەدا نابینم کە ئێوە دەیبینن.

پێیان وت: (تۆیش وەك ئەم گەشتیارە بە ئەندێشەت بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێرەوە کە ئەم ئایەتەی تێدا هاتووە، لەوێ گوێی لێ ڕابگرە)!

ئەویش کە بە ئەندێشە گەڕایەوە بۆ ئەوێ و سەیری کاتی پێش نازڵ بوونی قورئانی کرد، بینیی: بوونەوەرانی جیهان، لە بۆشایییەکی چۆڵ و فراوانی بێ سنوور و جیهانێکی تیاچووی فانیدا فڕێ دراون و، لە بارێکی نائومێد و شڵەژاودان، لەناو تاریکییەکی ڕەش و چڕدا دەگەوزێن و، بێ

گیان و ژیان و هەست و نەست و کار و ئەرك و فرمانن.. ئا لەم کاتەدا، گوێی بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕاگرت و لێی ورد بووەوە، بینیی:

ئەم ئایەتە پەردەیەکی دادراوەی لەسەر ڕووی گەردوون و سەرانسەری جیهان هەڵدایەوە و، بە درەوشاوەیی و ڕوونی ڕووی گەردوون و جیهان دەرکەوت و، ئەم گوفتارە ئەزەلی و فەرمانە هەتاهەتاییە دەرسێکی بە خاوەن هەستانی ڕیز بەستووی چەرخە یەك لە دوای یەکەکان ڕاگەیاند و بۆی ڕوون کردنەوە کە ئەم گەردوونە وەك مزگەوتێکی مەزن وایە و، بوونەوەرانی ناویشی - بە تایبەت ئاسمانەکان و زەوی - سەرگەرمی زیکر و تەهلیل و تەسبیحاتی گەرموگوڕی تایبەتیی خۆیانن و، هەریەکەیان بەوپەڕی شادمانی و تاسەمەندییەوە کار و ئەرکی خۆیان خستووەتە ئەستۆ و، بەوپەڕی بەختەوەری و سوپاسگوزاری و پێزانینیشەوە ئەنجامیان دەدەن و ڕایاندەپەڕێنن.

ئەم گەشتیارە، بەم جۆرە کاریگەریی ئەم ئایەتە پیرۆزەی لە گەردووندا بینی و، ئنجا مەودای بەرزی و ڕەوانبێژییەکەی چەشت و، گشت ئایەتەکانی تریشی بەم چاوە بینی و بەم پێوەرە هەڵی سەنگاندن. پاشان لە نهێنیی ئەوەش گەیشت کە ڕەوانبێژیی بێ وێنەی قورئانی پیرۆز بەسەر نیوەی گۆی زەوی و پێنجیەکی گرۆی مرۆڤدا زاڵ و شکۆدارە و، دوای ئەوەش پەیی بە حیکمەتێك برد لە نێوان ئەو هەزاران حیکمەتانەی کە وان لە بەردەوام بوون و نەبڕانەوەی شکۆمەندیی دەستەڵاتی قورئانی پیرۆزدا، بۆ ماوەی چواردە سەدەی ڕەبەق بەوپەڕی ڕێزەوە.

* خاڵی چوارەم:

قورئانی پیرۆز دارای سازگاری و شیرینییەکی ڕەسەن و ڕاستەقینەی ئەوتۆیە کە بە دووپات کردنەوەی زۆر و بەردەوامیشی نابێزرێت و هەرگیز خوێندنەوەی زۆری نابێتە مایەی بێزاری، لە کاتێکدا کە دووپات بوونەوە لە شتی تردا، با زۆر خۆش و شیرین و بەتامیش بێت، هۆی بێزاربوون و لەبەرچاوکەوتنە. بەڵکو قورئانی پیرۆز، بە دووپات کردنەوەی خوێندنەوەی، پتر شیرینی و سازگارییەکەی زیاد دەبێت و دەردەکەوێت. ئەمەش ڕاستییەکە هەر لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا لای هەموو کەسێك سەلماوە و، بە نموونە دەهێنرێتەوە.

بەم جۆرە، قورئانی پیرۆز هێندە تەڕی و پاراوی و لاوی و تازەیی دەرخستووە کە تا ئێستاش هەموو ئەمانەی پێوە دیارە و، هەرچەندەش وا چواردە سەدەیە نازڵ بووە و هەموو کەسێك بە ئاسانی دەستی دەکەوێت کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، دەڵێی ئا ئێستا بە تازەیی نازڵ بووە. هەموو سەردەمێکیش قورئانیان هەر ئاوا بە لاوی و پاراوی و تازەیی وەرگرتووە و، وەك تەنها بە تایبەتی لەگەڵ ئەواندا بدوێت ئاوا لە بەرچاویاندا دەرکەوتووە. گشت تاقمێکی زانست مەشرەبی هەموو کاتێکیش دەبینن قورئان پارێزگاریی لاوی و تازەیی شێوازەکانی دەکات و پاراویی شێوەی ڕوونکردنەوەکانی ڕادەگرێت، هەرچەندەش قورئانیان لە بەردەستدایە و هەردەم لێی هەڵدەگۆزن و شوێنپێی هەنگاوی شێوازی ئەو هەڵدەگرن.

* خاڵی پێنجەم:

قورئانی پیرۆز یەکێك لە باڵەکانی ڕووەو "ڕابوردوو" و، ئەوی تریشی بەرەو "داهاتوو" بڵاو کردووەتەوە، چونکە بناغە و بنچینەی قورئان و یەکێك لە دوو باڵەکانی ئەو ڕاستییەیە کە هەموو "پێغەمبەرانی پێشین" لە سەری یەکیان گرتووە. ئەوەتا قورئانی پیرۆز تەسدیقیان دەکات و پشتیان دەگرێت و، ئەوانیش پشتی ئەم دەگرن و بە زمانی حاڵی یەكگرتنیان لەگەڵ قورئاندا، تەسدیقی دەکەن.. هەروەها "ئەولیا و پیاوچاکان و دەروون خاوێنەکان"یش "بەر"ێکن ژیانیان لە "درەختی قورئان"ی پیرۆزەوە دەست کەوتووە.

جا پێگەیشتن و زیندوویی ئەم بەرە پێگەیشتووانە بەڵگەی ئەوەیە کە درەختە پیرۆزەکەیان بەخشندە و خاوەنی ژیان و، دارای ڕێژنەی بەردەوام و ڕاستی و ڕەسەنایەتییە. چونکە هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆشتوونەتە ژێر چاودێری و پارێزگاریی باڵی دووهەمی قورئان و لە سایەیدا ژیاون، لە شوێنکەوتووانی تەریقەتە ڕاستەقینەکانی ئیسلام، هەر هەموویان شایەتی دەدەن کە قورئانی پیرۆز عەینی حەق و کۆگای ڕاستییەکانە و، لە "گشتیبوون" و "هەمەلایەنگیری"دا هەرگیز هاوتا و وێنەی نییە، کەواتە موعجیزەیەکی ڕوون و ئاشکرایە.

* خاڵی شەشەم:

هەر شەش لاکانی قورئان ڕوون و ڕووناکیبەخشن. ئەمەش ڕاستی و دادگەریی قورئان دەردەخات..

بەڵێ، "لای خوارەوەی" قورئان و ژێرەوەی: ستوونی بەڵگەکانە و لەسەریان ڕاوەستاوە.. لە "لای سەروویشیەوە": مۆری ئیعجازی لەسەر نەخشاوە.. "بەردەم و ئامانجیشی": دیارییەکانی بەختەوەریی هەردوو دنیان.. لە "پشتیشیەوە" واتە خاڵی پشت پێبەستنی: ڕاستییەکانی سرووشی ئاسمانی ڕیزیان بەستووە.. لە "لای ڕاستیشیەوە": تەسدیق کردنی چەندین بەڵگەی بێسنوور و لەژمارەبەدەری ژیرییە ڕاستەکانە.. "لای چەپیشی": دڵنیایی و کێشبوون و تەسلیم و ملکەچیی تەواوەتیی دڵە ساغ و دەروون و هەناوە خاوێنەکانە.

جا هەروەك ئەم شەش لایانە دەیچەسپێنن کە: قورئانی پیرۆز قەڵایەکی ئاسمانیی وەهایە لەسەر زەویدا کە هیچ شتێك ناتوانێت بیبڕێت و کەلێن لە دیوارەکەیدا دروست بکات.. هەروەها شەش مەقامیش هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەن و دەیچەسپێنن کە: قورئان خۆی لە خۆیدا ڕاست و ڕەوایە و، هەرگیز گوفتاری مرۆڤ نییە و، لە هیچ لایەکیەوە ناڕەوایی توخنی ناکەوێت.

مەقامی یەکەمیان بریتییە لە پشتگیریکردنی ئەم قورئانە پیرۆزە لە لایەن کارساز و بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەوە، کە خوایەکە دەرخستنی جوانی و، پارێزگاریکردنی چاکە و ڕاستی و، نەهێشتن و لابردنی فێڵباز و درۆزنانی کردووە بە یاسایەکی کارگوزاری کارای خۆی..

ئەم خواوەندە مەقامێکی ڕێزلێنانی وەها و پلەوپایەیەکی

ئەوتۆی لە هەموو جیهاندا بەم قورئانە بەخشیوە کە لە هەموو پلە و پایە و مەقامێك بەرز و پایەدار و زاڵترە و، بەمەش تەسدیق و پشتگیریی خۆی بۆ قورئان دەربڕیوە.

پاشان ئەو ڕێزە شایان و باوەڕە بەتین و ڕەگداکوتاوەی کە زاتی مەزنی پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر قورئانی پیرۆز دەری‌بڕیوە، لە سەرووی هەموو ڕێزێکەوەیە. ئەم پێغەمبەرەی ﷺ کە سەرچاوەی ئیسلام و ڕوونکەرەوەی قورئانە و، بێ هیچ ویستێکی خۆی لە نێوان بێداری و نوستندا "وەحی"ی بۆ نازڵ دەبوو، ئەم پێغەمبەرەی کە فەرموودەکانی تری هەرگیز ناگەنە ئاستی قورئان، تەنانەت هەر لەویش ناچن، هەرچەندە ڕەوانگۆترین کەسیشە.. هەروەها ئەم پێغەمبەرە ﷺ بەم قورئانە: ڕووداوە غەیبی‌یە گەردوونی‌یەکانی پێشین و داهاتووشی بەوپەڕی دڵنیایی و باوەڕبەخۆبوون و بێ هیچ دوودڵی‌یەك ڕوون کردووەتەوە، هەرچەندەش نەخوێندەوار بووە. ئنجا لەمەشدا هیچ فێڵ و هەڵە و شتێکی وەك ئەمانەی - با بچووکیش بووبێت - لێ نەبینراوە، هەرچەندەش لە نێوان کەسانێکدا ژیاوە کە تابڵێی سەرنجی هەڵسوکەوتەکانی ئەویان داوە..

جا باوەڕهێنانی ئەم ڕوونکەرەوە و ڕاگەیەنەرە مەزنەی قورئان کە پێغەمبەرە ﷺ و، دڵنیایی و نەلەرزینی لە هیچ شتێکدا - با زۆر گەورەش بووبێت - پشتی ئەوە دەگرێت و دەیچەسپێنێت کە: قورئانی پیرۆز ئاسمانی‌یە و، ڕاست و ڕەوا و داد و گوفتاری پیرۆزی پەروەردگاری میهرەبانە.

هەروەها پەیوەست بوونی پێنجیەکی گرۆی مرۆڤ، بەڵکو نیوەی هەرە مەزنیان، بەم قورئانە پیرۆزەی کە لە بەردەمیاندایە و بە چاو دەیبینن، بە پەیوەندی‌یەکی گەرموگوڕی ئایینداری و گوێڕاگرتنی پڕ لە شەوق و تاسە و ئارەزوومەندی و، هاتنی پۆل پۆلی جینني و مەلائیکەت و ڕۆحانی‌یەکان بۆ لای و کۆبوونەوەیان لە دەوری لە کاتی خوێندنەوەی‌دا بە چەشنی پەپوولەی شەیدای ڕووناکی، بە شایەتیی چەندەها ڕووداوی زۆر و نیشانەی زەبەندە و "کەشف"ی ڕاستی گەلێ کەس لە پیاوچاکان..

هەموو ئەمانە، تەسدیقی ئەوە دەکەن کە ئەم قورئانە جێی ڕەزامەندی و مایەی سەرسووڕمانی گشت بوونەوەرانە و، لەم گەردوونەدا مەزنترین پلەوپایەی پێ دراوە.

هەروەها هەموو چینێك لە چینەکانی مرۆڤ، هەر لە عەوامەکان و تەمبەڵترین کەسەوە تا دەگاتە کەسانی یەکجار زیرەك و زانا، بەشی خۆیان بە تەواوی لەو دەرسانە وەردەگرن کە قورئانی پیرۆز دەیانڵێتەوە و قووڵترین ڕاستی‌یەکانی تێدەگەن و لێی وەردەگرن.. هەروەها سەرجەمی زانایانی سەدان زانست و هونەری ئیسلامی، بە تایبەت موجتەهیدانی شەریعەتی خاوێن و، لێکۆڵەرانی ئوسووڵی دین و بلیمەتانی زانستی کەلام و هاوچەشنیان، وەڵامی شیفابەخشی پێداویستی‌یەکانی تایبەت بە زانستەکانیانەوە لە قورئانی پیرۆز دەرهێناوە و هەڵگۆزیوە..

هەموو ئەمانە، تەسدیقی ئەوە دەکەن کە قورئانی پیرۆز سەرچاوەی حەق و کانگای ڕاستییە.

هەروەها بەرپەرچ نەدانەوەی قورئان لە لایەن ئەو ئەدیبە عەرەبانەی کە لە پێشەنگی کاروانی ئەدەبەوەن، بە تایبەت ئەوانەیان کە موسڵمان نەبوون، هەرچەندەش حەزیان لە بەرەنگاریی کردووە. هەروەها دەستەوسانی و کۆڵەواریی تەواویان بەرامبەر تەنها یەك ڕووی حەوت ڕووە مەزنەکانی ئیعجازی قورئان (کە ڕووی ڕەوانبێژی‌یەتی) و کۆڵەوارییان لە هێنانی شتێکی وەك تەنها یەك سوورەتی قورئان و، خۆدزینەوەیان لەم تەحەددا و داوایەی قورئان.. هەروەها بەرەنگار نەبوونەوەی ڕەوانبێژە بەناوبانگ و زانا بلیمەتەکان - تاکو ئێستا - بەرامبەر بە هیچ کام لە ڕووەکانی ئیعجازی قورئان، هەرچەندەش حەزیان دەکرد بەم چەشنە بەرەنگاری‌یە ناوبانگ دەربکەن و ناویان بڵاو ببێتەوە.. بەڵێ، بێدەنگییان لە ئاستی ئەمەدا، کۆڵەوارییان پیشان دەدات، ئەوەتا ئەوان لەم بوارەدا هیچ هەنگاوێکیان نەنا!

هەموو ئەمانە، بەڵگەیەکی گومانبڕن لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز خۆی بۆ خۆی موعجیزەیە و لە سەرووی توانا و وزەی مرۆڤەوەیە.

بەڵێ، بەها و بڵندی و ڕەوانگۆیی هەر گوفتارێك بەوە ڕوون دەبێتەوە کە بزانرێت: (کێ وتوویەتی؟ بە کێی وتووە؟ بۆچی وتوویەتی)؟!

جا لەسەر بناغەی ئەمە، تا ئێستا نە هاووێنەی قورئانی پیرۆز هاتووە و، نە دێت و، نە هەرگیز هیچ شتێك نزیکی دەبێتەوە. چونکە قورئانی پیرۆز فەرمایشتی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە و گوفتاری بەدیهێنەریانە و، قسەکردنێکە هەرگیز بە هیچ جۆرێ لاسایی ناکرێتەوە و، هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی پێوە نی‌یە کە ئەوە بگەیەنێت خۆکردەیی(التصنع)ی تێدا بێت..

هەروەها ئەو کەسەی کە قورئان گوفتاری خۆی ئاراستە دەکات نوێنەری گرۆی مرۆڤ بەڵکو نوێنەری سەرجەمی بوونەوەرانە بە گشتی و، بەڕێزترین قسەبۆکراو(مخاطب)ە و، ناویشی لە ناوی هەموان بەرز و پایەدارترە و، ئەم ئیسلامە مەزنە لە هێز و فراوانیی ئیمانەکەی ئەو کەسەوە سەرچاوەی گرتووە و، ڕێزیشی لە ڕادەیەکدایە کە بۆ "قاب قوسین" یان نزیکتریش سەرخراوە و بە گوفتار و لەگەڵ دوانی خواوەندی بێوێنە پایەدار کراوە و ڕێزی لێ نراوە.

پاشان قورئانی پیرۆز ڕێی بەختەوەریی هەردوو دنیا و ئامانجەکانی بەدیهێنانی گەردوون و مەبەستە پەروەردگاری‌یەکانی لەمەڕ گەردوونی ڕوون کردووەتەوە.. هەروەها ئیمانە بەرز و بڵند و فراوانەکەی ئەو قسەبۆکراوە بەڕێزەشی خستووەتە ڕوو، کە ئیمانێکە هەموو ڕاستی‌یەکانی ئیسلامی لە خۆدا جەم کردووە.. قورئانی پیرۆز هەموو لایەکی ئەم گەردوونە مەزنەی یەکالا کردووە و ئەم دیو و ئەو دیوی لاپەڕەکانی خستووەتە ڕوو، وەکو کەسێك کە

نەخشـەیەك یـان سـەعاتێكی لـە بەردەسـتدا بێـت و ئاڵوگـۆڕ و دەسـتكارییان بـكات و هەڵیـان بگێڕێتەوە. قورئـان بەم كردارەی و لـە نێـوان ئاڵوگۆڕەكانـی ئـەم گەردوونـەدا، بەدیهێنـەری "مرۆڤ و گـەردوون"ی بـەم مرۆڤـە ناسـاندووە.

كەواتـە هیـچ گومانێـك لـەوەدا نـی‌یـە كـە: هەرگیزاوهەرگیـز هێنـان و پەیداكردنـی هاووێنـەی ئـەم قورئانـە لـە توانـای كەسـدا نـی‌یـە و، ناكرێـت هیـچ شـتێك بگاتـە پلـەی ئیعجازی قورئـان.

هەروەهـا هـەزاران زانـای هەڵكەوتـوو، لەوانـەی كـە هەریەكەیـان تەفسـیرێكیان لـە چەندیـن بەرگـدا بـۆ قورئانـی پیـرۆز نووسـیوە، كـە هـی هەندێكیـان گەیشـتووەتە سـی یـان چل یـان حەفتـا بـەرگ تەفسـیر. هەمـوو ئـەو زانایانـە بـە پاڵپشـت و بەڵگەكانـی خۆیـان چەندین لایەنی لەژمارەبـەدەری: تایبەتكاریی بـەرز و سـەرنجی ڕەوان و تایبەتمەندیـی ورد و نهێنیـی ناسـك و واتـای بڵنـد و هەواڵـی غەیبیـی زۆر و جۆراوجـۆری قورئانـی پیرۆزیـان ڕوون كردووەتـەوە. جا دەرخسـتن و چەسـپاندنی ئـەو هەمـوو تایبەتكارییانـەی قورئـان لـە لایـەن ئـەو زانـا تەفسـیر نووسـانەوە، بەڵگەیەكـی گومانبـڕە لەسـەر ئـەوەی كـە قورئـان موعجیزەیەكـی خواییـیـە و دەراسـا و لەعادەتبـەدەرە. بـە تایبـەت كـە هـەر یەكـە لـە كتێبەكانـی "پەیامەكانـی نـوور" - كـە دەگەنـە سەدوسـی كتێـب - تایبەتكاری‌یەكـی قورئانـی پیـرۆز و سـەرنجێكی بێ‌وێنـەی ئەویـان بـە چـەشنێكی گومانبـڕ و بـە بەڵگـەی بەهێـز چەسـپاندووە. بـە تایبـەت پەیامـی "موعجیزاتـی قورئـانـی" و "مەقامـی دووهەمـی وتـەی بیسـتەم" كـە گەلـێ شـتی لە كارە دەراسـاكانی شارسـتانێتیی نوێ چەشـنی: شـەمەندەفەر و فڕۆكـەی لـە قورئانـی پیـرۆز دەرهێنـاوە. هەروەهـا تیشـكی یەكەم كـە نـاوی: "ئاماژەكانـی قورئـان"ە و ئـەو ئاماژانـە دەردەخـات كـە لـە قورئانـدا هـەن سـەبارەت بـە "پەیامەكانـی نـوور" و "كارەبـا" و، ئـەو هەشـت پەیامـە بچووكانـەش كـە ناویـان "هەشـت هێمـاكان"ە و مـەودای ڕێسـای وردی نێـوان پیتەكانـی قورئـان بـاس دەكـەن و تابلێـی دارای نهێنـی و واتـای زۆر و زەبەنـدەن. هەروەهـا ئـەو پەیامـە بچووكـەی كـە باسـی ئایەتەكانـی كۆتایـی سـوورەتی "الفتـح" دەكات و لـە ڕووی هەواڵدانـی غەیبی‌یـەوە بـە پێنـج ڕوو ئیعجـازی ئـەم سـوورەتە دەردەخـات و پەیامەكانـی تریـش كـە وەك ئەمـە وان..

جـا كـە هەمـوو یەكێـك لـە بەشـەكانی "پەیامەكانـی نـوور" ڕاسـتی‌یەك لـە ڕاسـتی‌یەكانی قورئانـی پیـرۆز و نوورێـك لـە نوورەكانـی ڕوون دەكەنـەوە، تەسـدیق و تەئكیـدی ئـەوە دەكـەن كـە قورئانـی پیـرۆز هاووێنـەی نـی‌یـە و دەراسـا و موعجیزەیـە و زمانـی جیهانـی "پەنهـان"ە لەنـاو ئـەم جیهانـە "بینـراو"ەدا و، گوفتـاری خواوەنـدی زانـای نهێنییەكانـە.

* * *

بـەم جـۆرە و لەبـەر ئـەم تایبەتكارییانـەی قورئانـی پیـرۆز كـە لـە: شـەش خاڵ و، شـەش لا و، شـەش مەقامـدا ئاماژەیـان بـۆ كرا، فەرمانڕەوایەتیی نوورانـی و شـكۆدار و دەسـتەڵاتی خاوێـن و پیـرۆزی قورئـان، بەوپـەڕی ویقـار و ڕێـزەوە، بـەردەوام بـووە و، ڕووی هەمـوو سـەردەمەكان و گـۆی زەویشـی، بـە درێژایـی هەزار و سێ سـەد سـاڵ، ڕوونـاك كردووەتـەوە..

لەبـەر هەمـوو ئـەو تایبەتكارییانـە، قورئانـی پیـرۆز چەندیـن پلەوپایـە و دەسـتكەوتی قودسـیی خـەڵات كـراوە. چونكـە بـەلای كەمـەوە خوێندنـەوەی هـەر پیتێكـی قورئان پاداشـتی (دە) خێر و (دە) دانـە چاكـە و (دە) بەروبوومـی بەهەشـتی هەیـە. تەنانـەت هەمـوو پیتێكـی هەنـدێ ئایـەت و سـوورەت (سـەد) یـان (هـەزار) یـان زیاتـر لـە بەروبوومەكانـی دواڕۆژ دەگرێـت و، لـە كاتـە پیرۆزەكانـدا پاداشـت و بەهـای هـەر پیتێـك لـە (دە) دانـەوە بـۆ (سـەدان) بـەرز دەبێتـەوە.



ئـەم گەشـتیارەی نـاو جیهـان، لـە هەمـوو ئەمانـە و چەندیـن تایبەتكاریی تری خاوێن و هاوچەشنی ئەمانە گەیشت و، بە "دڵ"ی خـۆی وت: (بەڵـێ ڕاسـتە، ئـەم قورئانـە پیـرۆزەی كـە لـە هەمـوو ڕوویەكـەوە خاوەنـی ئیعجـازە و، بە: یەكدەنگیی سـوورەتەكانی و، یەكگرتنـی ئایەتەكانـی و، تەوافوقـی نهێنـی و نوورەكانـی و، یەكاویـەك بوونـی بەروبـووم و ئاسـەوارەكانی.. شـایەتی‌یەكی بـە بەڵگـە چەسـپاو دەدات لەسـەر: "بـوون" و "یەكتایـی" خواوەنـدی "واجب الوجود" و، لەسـەر سیفەتە شـكۆدار و نـاوە جوانەكانـی، بـە ڕادەیـەك كـە هەمـوو شـایەتی‌یە لەژمارەبـەدەر و بێ‌سـنوورەكانی گشـت ئیمانـداران، تەنهـا چەنـد نمێكـی ئـەو شـایەتی‌دانەی قورئانـی پیـرۆزن).

لـە پلـەی حەڤدەهەمـی مەقامـی یەكەمیشـدا، بـەم جۆرەی خوارەوە ئاماژەیەكی كورت بۆ ئەو دەرسـی تەوحیـد و ئیمانـە كـراوە كـە ئـەم گەشـتیارە لـە قورئانـی پیـرۆز وەری‌گـرت:

(لا إلـه إلاّ اللـه الواجـب الوجـود الواحـد الأحـد الـذي دلّ عـلى وجـوب وجـوده في وحدتـه: القـرآن المعجـز البيـان المقبـول المرغـوب لأجنـاس الملَـك والإنـس والجـانّ، المقـروء كلّ آياتـه في كلّ دقيقـة بكـمال الإحـترام بألسـنة مئـة مليـون مـن نـوع الإنسـان، الدائـم سـلطنته القدسـية عـلي أقطـار الأرض والأكـوان وعـلى وجـوه الأعصـار والأزمـان، والجـاري حاكميتـه المعنويـة النورانيـة عـلى نصـف الأرض وخمـس البـشر في أربعـة عـشر عـصراً بكـمال الإحتشـام. وكـذا شـهد وبرهـن بإجـماع سـورة القدسـية السـماوية وباتفـاق آياتـه النورانيـة الإلهيـة وبتوافـق أسراره وأنـواره وبتطابـق حقائقـه وثمراتـه وآثـاره بالمشـاهدة والعيـان).



# هەورە بروسکە

## دیاردەیەکی ترسناك و سوودبەخش...

هاوڕێ تاریق

هەورە بروسکە یەکێکە لە دیاردە باوەکان بەڕێژەیەك لە هەر چرکەیکدا 100 بروسکە لە زەوی دەدات کە دەکاتە زیاد لە 3 ملیار بروسکە لە ساڵێکدا، هەورە بروسکە تریشقەیەکی کارەبایی مەزنە لە نێوان هەور و زەویدا، لە سەرەتادا هەوا وەك نەگەیەنەرێك دەور دەبینێت لە نێوان تەوژمی بارگە سالبی نێوان هەورەکان و بارگە موجەبی سەر زەوی، بەڵام کاتێك کەڵەکەبوونێکی زۆری بارگە سالب لەبەشی خوارەوەی هەورەکان ڕوودەدات هەوا چیتر توانای ڕاگرتنی نابێت سەرەنجام بارگە سالبەکە لە زەویدا خاڵی دەبێتەوە بە شێوەی بروسکە.

هەورە بروسکە لە بەشێکی زۆر کەمی چرکەیکدا ڕوودەدات و گەرمییەکی هێندە زۆر دەردەکات کە دەکاتە 27000 پلەی سەدی واتە پێنج ئەوەندەی گەرمی ڕووی خۆر! ئەم گەرمییە زۆرەش بەو ماوە کەمە و دروست بوونی پەستانێکی زۆر، وا دەکات کە هەوای چواردەوری بە خێرای بکشێت و لەرەیەکی کتوپڕ وەك تەقینەوە لە نێوان تەنۆلکەکانی هەوا دروست بکات کە لەشێوەی دەنگ دەیبیستین، بەڵام سەرەڕای ترسناکی ئەو دیاردەیە هەورە بروسکە سودێکی زۆر بەزەوی دەگەیەنێت، چونکە بەردەوام لە زەویەوە تەوژمی بارگە سالب بەرز دەبێتەوە، هەورە بروسکە ئەم تەوژمە دووبارە دەگەڕێنێتەوە بۆ زەوی، ئەگەر هەورە بروسکە نەبوایە ئەوا زەوی هاوسەنگی کارەبایی هەوای لە ماوەی 5 خولەکدا لە دەست دەدا.

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە هەورە بروسکەی هەم کردووەتە مایەی ترس و هەم سوود و هیوا بەخش:
﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا ﴿١٢﴾ ﴾ الرعد،
(خوا ئەو زاتەیە، کە هەورە بروسکەکانتان نیشاندەدات، هاوڕێ لەگەڵ ترسداو ئومێد و هیوابەخشیشە).

### سەرچاوە:


-Society, National Geographic. "Lightning Facts, Lightning Information, Lightning Videos, Lightning Photos - National Geographic." National Geographic. N.p., n.d. Web. 19 Oct. 2016.

-"Lightning FAQ." NOAA National Severe Storms Laboratory. N.p., n.d. Web. 19 Oct. 2016.

-"What Causes the Sound of Thunder?" What Causes the Sound of Thunder? Everyday Mysteries:Fun Science Facts from the Library of Congress). N.p., n.d. Web. 19 Oct. 2016






# ڕێنوسی قورئانیی

د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل diaryismaeil@yahoo.com

خـوای گـەوره دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر. خوای گـەوره قورئانـی پاراستووه لـه دڵەكانـدا و پاشـانیش بـه ڕێنموونـی كردنـی هـاوەڵان بـۆ نووسـینەوەی و پاراستنی لـه دووتوێـی كتێبێكـدا. گـەر سـەیر بكەیـن، هـەر لـه سـەرەتای دابەزینـی نیـگاوە، پێغەمبـەر ﷺ زۆر مەبەسـتی بـووە كـه چـی وەردەگرێـت لـه جبریلـەوە بیـری نەچێتـەوە، جاری وا هەبـووە پەلـەی كـردووە و لـه كاتـی دابەزینـی نیـگادا دەمـی جوڵانـدووە، بۆیـە خـوای گـەورەی پێـی فەرمـوو: ﴿ لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ﴾ القیامـة.

نەیارانـی ئیسـلام هـەر جـار بـه شـێوازێك دەیانەوێـت ژەهـری خۆیـان بڕژێننـه نـاو بیـر و هەسـتی موسـڵمانان -بـه تایبـەت گەنجان- بـه مەبەسـتی گومـان دروسـتكردن لـه بیروباوەڕیـان و سـەرچاوەی سـەرەكی دیینەكەیـان. یـەك لەوانـە: دەیانەوێـت بەگومانـەوە سـەیری مێـژووی نوسـینەوە و شـێوازی ڕێنوسـی قورئانیی بكەین! بۆیە پێویستە لەسەر گەنجان و ڕۆشنبیرانمان، كەمێكیـش بـێ، شـارەزاییان هەبێـت لـەم بابەتـە. بـه نموونـە: موحەممـەد ئەركـۆن[1] دەڵێـت: "كۆكردنـەوەی قورئـان دوای وەفاتی پێغەمبـەر ﷺ دەسـتی پێكـردووە، لەسـەردەمی عوسـماندا، واتـە دوای 25 سـاڵ.. هـاوەڵان لـه ژیانـی پێغەمبـەردا ﷺ ئایەتیـان نوسـیوەتەوە كـه بریتـی بـووە لـه چەنـد نوسـخەیەكی جوزئـی"[2]. جگـه لـه لەبەركردنـی قورئـان لـه لایـەن هـاوەڵان و دەمـاودەم كردنـی و گرنگیدانیـان پێـی، پێغەمبـەری خـوا ﷺ هـەر لـه سـەرەتای نیـگاوە، ئـەو ئایەتانـەی كه دادەبەزیـن داوای له هاوەڵان دەكـرد كـه بیانوسـنەوە، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش نوسـەرانی نیـگای هەبـوو، كـه لەبـەر دەسـتیدا قورئانیـان بـۆ دەنووسـییەوە.. بـەم شـێوەیە هیـچ ئایەتێـك دانەبەزیبـوو كـه لـه سـەردەمی پێغەمبەر ﷺ خۆیـدا بـه نووسـراوی نەپارێزرابێـت. كـه چەنـد ئایەتێـك دادەبـەزی پێغەمبـەر ﷺ دەیفەرمـوو ئـەم ئایەتانـە بخەنـە فلانـە شوێن لـه فلانـە سـورەت دوای فلانـە ئایـەت: (كان رسـولُ اللـه ﷺ مِـمَّا يَـأْتي عَلَيـهِ الزَمـانُ، يَنْـزِلُ عَلَيـهِ مِـنَ السُـوَرِ ذَواتِ العَـدَدِ، فَـكانَ إذا نَـزَلَ عليـه الـشَيءُ يَدعُـو بَعـضَ مَـنْ يَكْتُـبُ عِنْـدَهُ فَيَقُـولُ: ضَعُـوا هـذه في السُّـورَةِ التـي يُذْكَـرُ فيهـا كَـذا وكَـذا. وَينْـزِلُ عَلَيـه الآيـةُ فَيَقُـولُ: ضَعُـوا هَـذه الآيَـةَ في السُّـورَةِ الّتـي يُذْكَـرُ فيهـا كَـذا وكَـذا، وَينْـزِلُ عَليـه الآيـاتُ فَيَقُـولُ: ضَعُـوا هَـذه الآيـاتِ في السـورةِ التـي يُذْكَـرُ فيهـا كـذا وكـذا) الترمـذي: تفسـير القـرآن (3086)، أبـو داود: الصـلاة (786)، أحمـد (1/57). واتـە: (قورئـان لـه كاتـی جیـا جیـادا دەهاتـە خـوارەوە و كاتێـك شـتێك دادەبەزی، بانگی هەندێك لەوانەی قورئانیان بۆ دەنوسـی دەكـرد و دەیفەرمـوو: ئەمـە بخەنـە ئـەو سـورەتەی كـه باسـی فلانـە شـت دەكات و كاتێـك ئایەتێـك دادەبـەزی دەیفەرمـوو: ئـەم ئایەتـە بخەنـە ئـەو سـورەتەی كـه باسـی فلانـە شـت دەكات و كاتێـك چەنـد ئایەتێـك دادەبـەزی دەیفەرمـوو: بیخەنـە ئـەو سـورەتەی كـه باسـی فلانـە شـت دەكات).

لـه ژیانـی پێغەمبـەردا ﷺ قورئـان هەمـووی لـه دووتوێـی پەڕتوكێكـدا كۆنەكرابـۆوە، بەڵكـو پەرتوبـڵاو بـوو.. لەهەمـان كاتـدا هەندێـك لـه هـاوەڵان هەندێـك لـه قورئانیـان لای خۆیـان نوسـیبووەوە[3]. دوای وەفاتـی پێغەمبـەر ﷺ و دووای كوژرانـی نزیكـی 70 كـەس لـه قورئانخوێنـەكان (الحفـاظ) لـه شـەڕی (یەمامـە) لەگـەڵ هەڵگەڕاوەكانـدا، عومـەری كـوڕی خەتتـاب ؓ داوا دەكات لـه ئەبوبەكـر ؓ كـه فەرمـان بـدات بـه كۆكردنـەوەی قورئـان لـه دووتوێـی پەڕتوكێكـدا و بپارێزرێـت لـه ونبـوون، نـەوەكا قورئانخوێنـی زیاتـر بكوژرێـن و بـڕۆن، كـه سـەرچاوەی پارێزگاریكردنـی ئـەم قورئانـەن.. دوای گفتوگۆیەكـی زۆر پاشـان ئەبوبەكـر قەناعەتـی هێنـا و داوایـان لـه زەیـدی كـوڕی سـابت ؓ كرد كه هەستێت بەو كارە[4]. كۆكردنەوەی قورئان لەم سەردەمەدا بـۆ پاراسـتنی ئـەو بەڵگەنامانـە بـووە كـه سـەرەتا لەسـەردەمی پێغەمبـەردا ﷺ نوسـرابوونەوە و لـه شـوێنێكدا كۆیـان بكەنـەوە. پاشـان خەلیفـە عوسـمان، بـه ڕاوێژ و ڕەزامەندی گـەورە هاوەڵان، فەرمانیـدا بـه نوسـینەوەی چەنـد نوسـخەیەك لـەو قورئانـەی كه لـه سـەردەمی ئەبوبەكـردا كۆكرابـووەوە، پـاش پێداچوونەوەیەكـی كۆتایـی، كـه ڕەچـاوی هەمـوو شـێوازی خوێندنەوەكانـی تیـا بكرێـت، پاشـان ئـەم نوسـخانە بنێررێت بـۆ شـارە سـەرەكییەكان و بكرێتـە تاكـە سـەرچاوە بـۆ قورئانخوێنـان و مامۆسـتایان[5].

1- یەكێكـە لـە مۆدێرنیسـتەكان، كـە مەزهەبێكـی فیكـری ئەدەبـی عەلمانیە، لەسـەر بنەمـای بیـر و بۆچونـی ڕۆژئاوایـی دروسـت بـووە، وەك ماركسـی و فرۆیـدی و داریونـی.. ئامانجـی سـڕینەوەی سـەرچاوەكانی ئایینـە.. بنـواڕە: الموسـوعة الميسـرة في الأديـان والمذاهـب والأحـزاب المعاصرة، اشراف وتخطيـط ومراجعـة: د. مانـع بـن حـماد الجهنـي، دار النـدوة العالميـة للطباعـة والنـشر والتوزيـع، ط5، 2003م، 1424هــ: 2/ 867.

2-لـە كتێبـی: إتقـان البرهـان في علـوم القـرآن/ د. فضـل حسـن عبـاس، دار النفائــس، الأردن، ط2، 2010م، 1430ه: 2/ 371.

3- الإبانـة عـن معـاني القـراءات، أبي محمـد مـكي بـن أبي طالـب القيسي القـيرواني ثـمّ الأندلـسي القرطبـي، تحقيـق: فرغـلي سـيد عربـاوي، لبنـان، ط1، 2011: ص31.

4- البخاري: 4311.

5-مناهـل العرفـان في علـوم القـرآن/ محمـد عبدالعظيـم الزرقـاني، دار إحيـاء الـتراث العـربي، بـيروت، لبنـان، ط2: 1/ 188.

ڕێنوسی قورئانیی: بریتیە لەو شێوازی نوسینەی کە لە نوسینەوەی قورئاندا بەکارهاتووە هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ و پاشانیش لە نوسینەوەی موصحەفەکانی سەردەمی عوسماندا. ڕێنوسەکەی جیاوازە لە ڕێنوسی ئاسایی. ئەو زانستەی کە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە پێی دەوترێت: (علم الإملاء - علم الخط - علم الهجاء - علم هجاء المصاحف – علم الضبط).

لەکاتی هاتنی ئیسلامدا، عەرەب نەتەوەیەکی نەخوێندەوار بوون بەگشتی، لە مەککەدا تەنها 17 پیاو هەبووە کە توانای خوێندن و نوسینیان هەبوو، بەڵام لە مەدینە ژمارەیان زیاتر بووە[6]. لەو کاتەدا جۆرە خەتێکی نوسین باو بوو پێی وتراوە خەتی عەرەبیی باکوور، کە لە خەتی نەبەتی (النبطي) یەوە وەرگیراوە، کە ئەویش کاتی خۆی لە خەتی ئارامیەوە وەرگیراوە، پاشان پێی وتراوە خەتی حیجازی. بۆ تێگەیشتن لە خەتی نوسینی قورئان، پێویست دەکات ئاماژە بکەین بە تایبەتمەندیەکانی خەتی حیجازی[7].

### لە تایبەتمەندیەکانی خەتی حیجازی[8]:

- نەبوونی نیشانەکانی جوڵە (سەر و بۆر و ژێر).
- لێکچوونی هەندێك پیت لە شێوەدا.
- حەزفکردنی پیتەکانی مد (ا – و - ی) لە زۆربەی وشەکاندا.
- نوسینی ئەلیف بە شێوەی (ی).
- نوسینی (ت)ی مێینە (تاء التأنيث) بە دوو شێوە (ت - ة).
- نوسینی (و)ێکی زیادە لەکۆتایی هەندێك وشەدا.

پاش زانینی تایبەتمەندیەکانی خەتی حیجازی، ئەگەر سەیری تایبەتمەندیەکانی ڕێنوسی قورئانی بکەین، دەبینین چەند لێکچوونێکی سەرەکی بەدی دەکرێت لە نێوانیاندا، کە ئەگەری ئەوە بەهێز دەکات کە خەتی حیجازی کاریگەریی هەبووبێت لەسەر ڕێنوسی قورئانی.

### تایبەتمەندیەکانی ڕێنوسی قورئانیی[9]:

#### 1- لابردن (الحذف):

- لابردنی پیتی (ا)، بۆ نموونە: (الصراط) بە (الصرط) و (يا أيها) بە (يأيها) نوسراوە.
- لابردنی پیتی (ی)، بۆ نموونە: (الحواريين) بە (الحوارين) و (وليي) بە (ولي) نوسراوە.
- لابردنی پیتی (و)، بۆ نموونە: (الغاوون) بە (الغاون) و (يدعو الداعي) بە (يدع الداع) نوسراوە.
- لابردنی پیتی (ل)، بۆ نموونە: (الليل) بە (اليل) و (اللذي) بە (الذي) نوسراوە.
- لابردنی پیتی (ن)، بۆ نموونە: (ننجي المؤمنين) بە (نجي المؤمنين) و (لا تأمننا) بە (لا تأمنا) نوسراوە.

#### 2- زیادکردن (الزيادة):

- زیادکردنی (ا)، بۆ نموونە: (مئة) بە (مائة) و (لأذبحنه) بە (لأاذبحنه) نوسراوە.
- زیادکردنی (ی)، بۆ نموونە: (أفإن) بە (أفإين) و (بأيد) بە (بأييد) نوسراوە.
- زیادکردنی (و)، بۆ نموونە: (أُلو) بە (أولو) و (سأريكم) بە (سأوريكم) نوسراوە.

#### 3- گۆڕین (البدل):

- نوسینی (ا) بە (و)، بۆ نموونە: (الصلاة) بە (الصلوة) و (بالغداة) بە (بالغدوة) نوسراوە.
- نوسینی (ا) بە (ی)، بۆ نموونە: (وضحاها) بە (وضحيها) و (تلاها) بە (تليها) نوسراوە.
- نوسینی (ە)ی مێینە بە (ت)، بۆ نموونە: (رحمة) بە (رحمت) و (نعمة) بە (نعمت) نوسراوە.

#### 4- یاساکانی هەمزە (الهمزة):

- ئەگەر هەمزەکە لەپێشەوە بوو، بە چەند شێوازێك دەنوسرێت: (أنزل) بە (اونزل) و (إذا) بە (ائذا) نوسراوە.
- ئەگەر هەمزەکە لە ناوەڕستا بوو، بە چەند شێوازێك دەنوسرێت: (وتئوي) بە (وتؤي) و (الرئيا) بە (الرءيا) و (يئفكون) بە (يؤفكون) نوسراوە.
- ئەگەر هەمزەکە لە کۆتایدا بوو، بە چەند شێوازێك دەنوسرێت: (نَبأ) بە (نبئ) و (الخَبَأ) بە (الخبء) و (الضعفاء) بە (الضعفؤا) نوسراوە.

#### 5- جیاکردنەوە و پێکەوەلکان (الفصل والوصل):

- پێکەوەلکان و جیاکردنەوەی ئەو وشانەی کە تێهەڵکێشانیان (الادغام) تیا ڕووداوە، بۆ نموونە: (ألاّ) بە (أن لا) و (ممّا) بە (من ما) دەنوسرێت.
- پێکەوەلکانی ئەو وشانەی کە تێهەڵکێشان (الادغام) تیایاند ڕووی داوە، بۆ نموونە: (ألاّ) و (ممّا).

#### 6- ئەوەی دوو قیرائەی تیایە و بە یەکێکیان نوسراوە:

- (ولا يخاف عقبيها) لە زۆربەی خوێندنەوەکاندا و، (فلا يخاف عقبيها): لەلای مەدەنییەکان (نافع وأبو جعفر).

### لە سوودەکانی ڕێنوسی قورئانیی[10]:

- پاراستنی موصحەفەکان لە موخالەفەکردنی شێوازی نوسینەوەی موصحەفە عوسمانیەکان (ئەو موصحەفانەی لە سەردەمی پێشەوا عوسماندا نوسراون).
- جیاکردنەوەی خوێندنەوە دروستەکان لە خوێندنەوە هەڵەکان (القراءات الشاذة).
- ناسینەوەی ئەو قۆناغەی کە ئەو موصحەفەی تێدا نوسراوە.
- پاراستنی ئەو خوێندنەوانەی کە ڕێنوسی قورئانیی هەڵی دەگرن.
- زیندووکردنەوەی سوننەتی وەرگرتنی قورئان لە زاری

6- فتوح البلدان، أحمد بن يحيى البلاذري، ط. القاهرة، ص477 و479.

7- رسم المصحف دراسة لغوية تاريخية، غانم قدوري الحمد، ط1، 1402هـ - 1982م، ص50-45.

8- الميسر في علم رسم المصحف وضبطه، أ.د. غانم قدوري الحمد، مركز الدراسات والمعلومات القرآنية بمعهد الإمام الشاطبي- جدة، ط1، 1433هـ 2012-م: ص21.

9- الميسر في علم رسم المصحف وضبطه، ص-101 178. هەروەها: التبين في أحكام تلاوة الكتاب المبين، الشيخ عبداللطيف فايز ريان، دار المعرفة، بيروت - لبنان، ط1، 1420هـ - 1999م: ص559-528.

10- مزايا الرسم العثماني وفوائده، د.طه عابدين طه، مجلة البحوث والدراسات القرآنية، المملكة العربية السعودية، العدد2، السنة1، ص30-26.

قورئانخوێنەکانەوە.
- خۆپاراستن لەوەی هەڵە بکرێت لە نوسینەوەی قورئاندا، چونکە ئەگەر هەر جارەی بە شێوازێك بنوسرێتەوە، هۆکارە بۆ ئەوەی کە بەردەوام گۆڕانگاریی تیا ڕوو بدات، پاشان هەڵەی تیا بکرێت.
- پارێزگاریی کردنی یەکێك لە ڕوکنەکانی دروست خوێندنەوەی قورئان.

هەر لە مێژەوە زانایان لەم بوارەدا نوسینیان هەبووە و چەندین کتێبیان داناوە، لە پێش هەمووشیانەوە قورئانخوێنە بەناوبانگەکان بوون، لەوانە (القراء العشر). چەندین کتێب لەم بوارەدا نوسراون، هەندێکیان ماوون و هەندێکیشیان ون بوون. هەروەها چەندین نوسین لە شێوەی هۆنراوەدا دانراون، بە مەبەستی ئاسانکردن و لەبەرکردن، چەندین ڕاڤەشیان بۆ کراوە[11].

**بۆچوونی زانایان و توێژەران سەبارەت بە دیاردەکانی ڕێنوسی قورئانیی جیاوازە[12]، لەو ڕایانە:**

1- پێدەچێت ئەو دیاردانە بەهۆی کەم سەلیقەیی و دوواکەوتوویی زانستی نوسین بێت لای پێشینان، لەو زانایانەی کە ڕایان وایە: (یحیی بن زیاد الفراء (ت207)) و (ابن قتیبة (ت276)) و (ابن خلدون (ت808)).

ئیبن خەلدون دەڵێت: "گەر سەیری ئەوە بکەیت کە ڕوویدا لە وێناکردنیان بۆ موصحەف کە هاوەڵان بە دەستی خۆیان نوسیویانە، کە تۆکمە نیە، بۆیە زۆر لە وێنەکانیان پێچەوانەی قیاسی یاساکانی ڕێنوس بووە لای ئەهلی خۆی. پاشانیش تابیعیەکان شوێن ڕێچکەی ئەوان کەوتوون، وەك تەبەروك کردن بەوەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ نوسیویانە"[13]..

هەروەها دەڵێت: "ئاوڕ مەدەرەوە بۆ ئەوەی کە هەندێك گومان دەبەن بەوەی کە لە خەت دەزانن و وا دەزانن کە ئەو جیاوازییەی کە لە نوسینەوەی موصحەفدا هەیە هەمووی ئاماژەی خۆی تێدایە. ئەڵێن لە زیادکردنی (ا) لە وشەی (لاذبحنه) بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوەیە کە سەربڕینەکە ڕووی نەداوە و لە زیادکردنی (ي) لە وشەی (بأييد) بەڵگەیە لەسەر ئەوپەڕی توانای خوای گەورە و.. نموونەی ئەمانە، کە هیچ بنەمایەکی نیە جگە لە تەخمینکردن نەبێت".

2- دیاردەکانی ڕێنوسی قورئانیی بەڵگەی نهێنی شاراوە و مانای زیادەیان تیایە. لەوانەی ئەو ڕایەیان هەیە: (أحمد بن محمد بن عثمان الأزدي (ابن البناء المراكشي) (ت721)) و (الشيخ عبد العزيز الدباغ (ت1132)).

3- لێکدانەوەی زمانەوانیی بۆ دیاردەکانی ڕێنوسی قورئانی، لەوانە:
- لابردن (الحذف) بەوە لێك دەدەنەوە کە بۆ کورتکردنەوە (الإختصار) بەکارهاتبێت. یان لەبەر دووبارە نەبوونەوەی دوو وێنەی لەیەکچوو لە خەتەکەدا. یان نوسینەکەیان بەحیسابی

11-رسم المصحف دراسة لغوية تاريخية، ص178-168.
12- بنواڕە: الميسر في علم رسم المصحف وضبطه، ل203-185.
13- مقدمة ابن خلدون، عبد الرحمن بن خلدون، تحقيق: حامد أحمد الطاهر، دار الفجر للتراث، القاهرة، ط2، 1431هـ- 2010م، ص504.

گەیاندن (وصل) نوسیبێت نەك وەستان لەسەری (الوقف).
- زیادکردنیان بەوە لێکداوەتەوە کە بۆ جیاکردنەوەی مانا، یان بۆ بەهێزکردنی وشەکە بوو بێت.
- گۆڕینیان بەوە لێکداوەتەوە کە لەبەر خاتری گەڕانەوە بۆ ئەصلی وشەکە بوو بێت، یان لەبەر نوسینی وشەکان کە ئیمالەیان تیایە، یان نوسینەکەیان بە حیسابی گەیاندن (وصل) نوسیبێت، نەك وەستان لەسەری (الوقف).
- لە نوسینی هەمزەدا ڕەچاوی گەیاندن و ئاسانکردن (تسهيل)ی هەمزە، یان ڕەچاوکردنی جیاکردنەوەی هەمزەکە و جێبەجێکردن (تحقيق الهمزة)ی تیا کراوە.
- بۆ لێکدانەوەی جیاکردنەوە و پێکەوەلکان (الفصل والوصل) ڕەچاوی خوێندنەوەی وشەکانیان کردووە لەکاتی گەیاندن و وەستان لەسەریان، یان لەبەر کورتکردنەوە و ئاسانکاری لەکاتی خوێندنەوەیاندا.

**حوکمی پابەندبوون بە ڕێنوسی قورئانیەوە[14]:**

ڕای یەکەم: پێویستە پابەند بین بە ڕێنوسی عوسمانیەوە و نابێت موخالەفەی بکرێت: ئەمەش ڕای زۆرینەی زانایانی پێشین و ئەوانی دووایش:
- لە پێشەوا مالیکیان پرسی: پێت چۆنە ئەگەر موصحەفێك بنوسین لەسەر شێوازی نوسینی ئەو سەردەمە؟ فەرمووی: "بەڕاستی نازانم. دەبێت هەر وەك نوسینی پێشین بنوسرێتەوە"[15].
- ئەبو عەمری دانی دەڵێت: "هیچ کام لە زانایانی ئوممەت ڕایەکی غەیری ئەوەیان نەبووە"[16].
- پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێت: "موخالەفەکردنی خەتی موصحەفی عوسمانی حەرامە"[17].
- بەیهەقی لە (شعب الإيمان)دا دەڵێت: "هەرکەس موصحەفێك بنوسێت دەبێت پارێزگاریی ئەو پیتانە بکات کە کاتی خۆی موصحەفەکانی پێ نوسراوە و نابێت موخالەفەیان بکات، یان شتێکی لێ بگۆڕێت، چونکە ئەوان زاناتر و ڕاستگۆتر بوون و لە ئێمە زیاتر ڕاسپاردەیان پاراستووە.."[18].
- لە فەتوای دەستەی باڵای گەورە زانایانی سعودیە، ژمارە (71)ی (21/ 10/ 1399ك)دا هاتووە: "پارێزگاریکردنی نوسینەوەی موصحەف بە ڕێنوسی عوسمانی زەرورە، ئەوە شوێنکەوتنی عوسمان و عەلی و هاوەڵانی ترە و کارکردنە بە کۆدەنگیان"، هەروەها مەجمەعی فیقهی لە مەککە و خانەی فەتوا لە میسر پشتگیریی ئەم فەتوایەیان کردووە.

14- بنواڕە: مزايا الرسم العثماني وفوائده: ل-30 34.
15- المقنع في رسم مصاحف الأمصار ونقطها، الإمام أبو عمرو الداني، تحقيق: فرغلي سيد عرباوي، دار الفاروق الحديثة للطباعة والنشر، القاهرة، ط1، 1429هـ- 2008م: ص68.
16- هەمان سەرچاوە.
17- البرهان في علوم القرآن/ الإمام بدرالدين محمد بن عبدالله الزركشي، تحقيق: محمد أبو الفضل ابراهيم، دار المعرفة، بيروت- لبنان، 1972م، 1391هـ.
18- شعب الإيمان، البيهقي، تحقيق: عبدالعلي عبدالحميد حامد، مكتبة الرشد، الرياض، 1423هـ- 2003م: 4/ 219.

ڕای دووەم: جائیزە قورئان بە ڕێنووسی نوێ بنوسرێت، چونکە ڕێنوسی قورئان تەوقیفی نیە، بەڵکو کارێکە هاوەڵان لەسەری ڕازی بوون، لەوانە: ئیبن خەلدون و، قازی ئەبوبەکری باقەللانی، وەك لە کتێبی (الانتصار)دا باسی کردووە. هەروەها هەندێك لە زانا هاوچەرخەکان پێیان وایە ئەم جۆرە نوسینە خەڵکی دەخاتە هەڵەوە و نارەحەتیان دەکات و، هیچ بەڵگەیەك نیە لە قورئان یان سوننەت یان کۆدەنگی ئوممەت لەسەر ئەوەی کە واجبە ڕێنوسی قورئانی بەکاربێت.

ڕای سێیەم: نوسینی موصحەفەکان بە ڕێنوسی ئاسایی بنوسرێت بۆ عامەی خەڵك بە مەبەستی فێربوون و، هێشتنەوەی ڕێنوسی عوسمانی تەنها وەك کلتورێکی بۆماوە لە هاوەڵەکانەوە و، ئەو جۆرە موصحەفانە تایبەت بن بە زانایانەوە.

ڕای چوارەم: پێویستە قورئان بە ڕێنوسی ئاسایی بنوسرێتەوە، تا نەزانەکان نەکەونە هەڵەی گۆڕینی قورئان. ئەم ڕایەش دەگەڕێننەوە بۆ عزی کوڕی عەبدولسەلام[19].

ئایا ڕێنوسی قورئانی بە وەحییە، واتە (توقیفي)ە؟ یان ئیجتیهادی هاوەڵان بووە؟

هەندێك پێیان وایە لەلایەن خوایەوە، واتە (توقیفی)یە.. بە بەڵگەی ئەوەی لەگەڵ هاتنەخوارەوەی ئایەتەکاندا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دەکرد بە هاوەڵان کە ئایەتەکان بنوسنەوە بە ئامادەبوونی خۆی و پێی دەووتن کە فلانە ئایەت بخەنە فلانە شوێنەوە، تەنانەت هەڵەکانیشی بۆ ڕاستکردوونەتەوە: (كان رسولُ الله ﷺ ممَّا يأتي عليه الزمانُ، يَنزلُ عليه من السُّوَرِ ذواتِ العَدَدِ، فكانَ إذا نَزَلَ عليهِ الشيءُ يَدعُو بعضَ مَن يكتُبُ عندَهُ فيقولُ: ضَعُوا هذه في السُّورةِ التي يُذكَرُ فيها كذا وكذا..)[20]. زەیدی کوڕی سابت دەڵێت: (كُنتُ أكتُبُ الوَحيَ عندَ رسولِ اللهِ وَهُوَ يُملي عَلَيَّ، فإذا فرَغتُ، قال: اقرأهُ، فأقرأهُ، فإنْ كانَ فيهِ سَقَطٌ أقامَهُ)[21]. واتە: (قورئانم بۆ پێغەمبەر دەنوسیەوە و ئەویش پێی دەوتمەوە، کە تەواو دەبووم لە نوسینەوە، دەیفەرموو: بۆم بخوێنەوە، ئەگەر هەڵەیەکی تێدا بووایە بۆی ڕاستدەکردمەوە..). تەنانەت دەوترێت: "ئەگەر لە نوسینەوەی قورئاندا هەر تێبینییەك هەبووبایە، خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ لێ ئاگادار دەکردەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە جۆرە شێوازێکی دی نەبوبێت لە نوسینەوەدا کە لە بەردەم پێغەمبەردا ﷺ نەنوسرابێتەوە، لەبەر ئەوەش بووە کە زەید لە کۆکردنەوەی قورئاندا تەنها ئەو نوسراوانەی قەبوڵ بووە کە لە بەردەم پێغەمبەردا ﷺ نوسرابێتەوە"[22].

**پەیوەندی ڕێنوسی قورئانیی بە قیرائاتەوە[23]:**

دووای سبوردێکی خێرا بە مێژووی زانستی ڕێنوسی قورئانیی و ڕا و بۆچوونی زانایان، دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان ئەم جۆرە ڕێنوسە و قیرائاتە جۆراوجۆرەکانی قورئان:

1- نەبوونی خاڵ و سەروبۆر لەسەر پیتەکان لە نوسینەوەی قورئاندا، یارمەتیدەر بووە بۆ نوسینەوەی قیرائەتەکان بە یەك ڕێنووس، بۆ نموونە: (البيوت) بە (البِيوت) و (البُيوت)، هەروەها (رضوان) بە (رِضوان) و (رُضوان) بخوێنرێتەوە، کە دوو دیالۆکی جیاوازی عەرەبین.

هەروەها: (ولا يأمركم) بە (ولا يَأمُرَكم) و (ولا يَأمُرُكم)، هەروەها (يضعف له) بە (يُضاعَفُ له) و (يُضَعَّفُ له) بخوێنرێتەوە، کە جیاوازن لە (إعراب)دا.

هەروەها: (ويعلم ما يفعلون) بە (ويعلم ما يَفعَلُون) و (ويعلم ما تَفعَلُون)، هەروەها (إثم كبير) بە (إثمٌ كبير) و (إثمٌ كبير) بخوێنرێتەوە.

2- کاریگەریی شێوازی نوسینی کۆن لەسەر ڕێنوسی قورئانیی هۆکار بووە بۆ نوسینەوەی قیرائەتەکان بە یەك ڕێنووس، بۆ نموونە:

- لابردن (حذف)ی نوسینی (ا): دەتوانرێت (ملك) بە (مَلِك) و (مَالِك)، هەروەها (وما يخدعون) بە (مَا يُخادِعُونَ) و (وَمَا يَخْدَعُونَ) بخوێنرێتەوە.

- نوسینی (ا) بە (ى): دەتوانرێت (يوصي بها) بە (يُوصَى بِهَا) و (يُوصِي بِهَا)، هەروەها (اذ يعسيكم) بە (إذْ يُغَشِّيكُم) و (إذْ يَغْشَاكُمُ) بخوێنرێتەوە.

- نوسینی پیتی شەددەدار بە یەك پیت: دەتوانرێت (عقدتم) بە (عَقَّدتم) و (عَقَدتمُ)، هەروەها (من تفوت) بە (مِن تَفَوّت) و (مِن تَفاوت) بخوێنرێتەوە.

- نوسینی (ة)ی مێینە بە (ت): دەتوانرێت (كلمت ربك) بە (كَلِمَةُ رَبِّكَ) و (كَلِمَاتُ رَبِّكَ)، هەروەها (الغرفت) بە (الغُرْفَةِ) و (الغُرُفَاتِ) بخوێنرێتەوە.

ماوەتەوە بڵێین زانینی ئەم زانستە گرنگە بۆ توێژەرانی بواری ئیعجازی زانستی، بە تایبەتی ئیعجازی ژمارەیی، لەکاتی هەژمارکردنی پیتەکان و زانینی پەیوەندی لە نێوان وشەکاندا، تا نەکەونە هەندێك هەڵەوە. هەروەها گرنگی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەگەڵ بوونی موصحەفەکاندا، ناکرێت قورئان بە دروستی بخوێنرێتەوە ئەگەر ڕیوایەتی لەگەڵ نەبێت، بۆ نموونە: 3 جار وشەی (ملك) لە قورئاندا هاتووە، لەگەڵ ئەوەی یەك ڕێنووسن، بەڵام بە جیاواز دەخوێنرێنەوە:

1- لە سورەتی (الفاتحة)دا: ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤﴾ بە (مالِك) و (مَلِك) دەخوێنرێتەوە.

2- لە سورەتی (آل عمران)دا: ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ ٢٦﴾ تەنها بە (مالِك) دەخوێنرێتەوە.

3- لە سورەتی (الناس)دا: ﴿مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢﴾ تەنها بە (مَلِك) دەخوێنرێتەوە.

---

19- دکتۆر ئەیمەن سوید دەڵێت: بە دووای ئەم فەتوایەی عزی کوڕی عەبدولسەلامدا گەڕام نەمبینیەوە. پێشتریش دکتۆر غانم قەددوری بەدوایدا گەڕاوە و نەیبینیوەتەوە، وەك لە کتێبی (رسم المصحف)دا ئاماژەی پێ کردووە وقد حاولت العثور على رأي ابن عبد السلام هذا في أحد كتبه الثلاثة المطبوعة: (الفوائد)، و(الإشارة)، و(قواعد الأحكام) فلم أوفق".

20- الترمذي: تفسير القرآن (3086)، أبو داود: الصلاة (786)، أحمد (1/57).

21- الطبراني في الأوسط، 2/ 544. الطبراني في الأوسط، 2/ 544.

22- د. طه عابدين طه: مزايا الرسم العثماني وفوائده: ل13.

23- بنواڕە: الميسر في علم رسم المصحف وضبطه: ل-247 274.

# ئاماژەکانی ئیعجاز لە
# چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆزدا



أ. باسم وحیدالدین علی

و. پوختەکردنی: شاهۆ ڕەشید غەفور

خوای گەورە لە سورەتی (الملك)دا دەفەرموێت: ﴿ أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٤ ﴾، واتە: (مەگەر خوا نازانێت کێی دروست کردووە و چۆنی دروست کردووە، لە کاتێکدا ئەو زاتە وردکار و بە سۆز و ئاگایە.)

وردەکار و زانایە بە چۆنیەتی ئامۆژگاریکردنی بەندەکانی خۆی و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ گوێگرتن و پەند وەرگرتن، لەبەرئەوە باسکردنی ڕووداوەکان بە شێوازی چیرۆك بەشێکی گرنگە لە قورئانی پیرۆزدا، چونکە چیرۆك کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان. با کەس گومان نەبات کە چیرۆك تەنها ئاراستەی منالان دەکرێت، بەڵکو کۆمەڵگاکان بە گشتی پێویستییان بە بیستنی چیرۆکە، تەنانەت کۆبوونەوەی خەڵکی هەندێك جار بۆ بیستنی چیرۆکی یەکترە و لە کۆمەڵگە هەژارەکاندا خەڵکی ڕوودەکەنە چیرۆکخوانەکان بۆ بیستنی چیرۆك، لەم سەردەمەشدا خەڵکی ڕوودەکەنە شانۆ و سینەماکان بۆ هەمان مەبەست.

دەروونی مرۆڤەکان بە پەرۆشە بۆ زانینی ڕووداوەکان خەمبار بن یان دڵخۆشکەر، بە نموونە بۆ چاودێریکردنی سامانی دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتی خۆسەپێنی فەرمانڕەواکان و... تاد، چونکە مرۆڤ کاریگەر دەبێت بە کارەساتەکان و حەزی لە زانینی وردەکاری ناکۆکییەکانی نێوان خەڵکییە. هەروەها مرۆڤ ناخی حەزی لە گەڕانە بە دوای هەواڵدا و حەزی خۆهەڵقورتانی بانگهێشتی دەکات بۆ گوێگرتن و بە دواداچوون.

خواوەندی بەدیهێنەر ئەم پێویستیەی مرۆڤی لە قورئانی پیرۆزدا ڕەچاو کردووە و چیرۆکەکانی ناو قورئانی پیرۆز بە زمانێکی پاراو و سەرنجڕاکێشە و لەبەرکردنیان ئاسانە و دوور نین لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی، وشەبەندییەکی وای لەگەڵدایە کە لە دڵدا جێگیر دەبێت و دەشگونجێت لەگەڵ کەشی چیرۆکەکەدا.

وشەکان پڕ سۆزن کاتێك باسی بە یەکگەیشتنی خزم و دۆستان دەکات، وەك بە یەکشادبوونەوەی (یەعقوب و یوسف) (دروودی خوایان لێ بێت) لە کۆتایی (سورەتی یوسف)دا، هەروەها ئەو گفتوگۆیەی نێوان پێغەمبەر (ئیبراهیم) عليه السلام و باوکی کە لە سورەتی (مریم)دا باسکراوە. هەروەها وشەکان یەکلاکەرەوەن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی بیروباوەڕدا وەك لە سورەتی (الأحزاب)دا کە باسی ئەوە دەکات چۆن خوای گەورە کافران و جووەکانی (بەنی قورەیزە)ی تێکشکاند. یان وشەکان قایلکەر و ژیرانەن لە کاتی مشتومڕ لەگەڵ بێ باوەڕاندا وەك لە سورەتی (الشعراء)دا هاتووە چۆن پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام بتەکانی هۆزەکەی تێکشکاند و مشتومڕیان لەگەڵ دەکات. هەندێك جاریش چیرۆکەکە غەمباری پێوە دیارە ئەویش لە کاتی نائومێدی پێغەمبەران لە گەلەکەیان و ناڕەحەتبوونی پیاوچاکاندا وەك چۆن لە هەردوو سورەتی (نوح و لوط) باسکراوە، یان چیرۆکەکە ترسێنەرە کە باسی دابەزینی تۆڵە و سزای خوایی دەکات لە گەلی ستەمکاران وەك چۆن لە هەردوو سورەتی (الدخان و الحاقة)دا هاتووە. بەم شێوەیە خوێنەر و بیسەری ئەم چیرۆکانە بیانەوێت یان نەیانەوێت لە ناخ و دڵ و دەروونیاندا پەندێك وەردەگرن.

چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز هەڵبژێردراو و جۆراوجۆرن، هەر چیرۆکێك پەند و تایبەتمەندییەکی تیایە کە لە چیرۆکەکانی تری جیا دەکاتەوە، چونکە چیرۆك لێرەدا ئامانج نییە، بەڵکو گرنگی بابەتەکە لە دەرخستنی ئارەزووی مرۆڤەکان و نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە و جۆری تاوانەکان و جیاکردنەوەی خاوەن ئیرادە و دەروونە بەهێزەکاندایە، لە چیرۆکەکاندا کەسانێك دەبنە پەند و ئامۆژگاری و کەسانێکیش دەبنە پێشەنگ و نموونەی باش بۆ کەسانی دوای خۆیان.

کاتێك لە چیرۆکە قورئانییەکاندا باسی کەسانی ناوداری گەل و نەتەوە جیاوازەکان دەکرێت، یان پەردە لەسەر چیرۆکی نەتەوە لەناوچووەکان لادەبات و کۆتایی بەو مشت و مڕانە دێنێت، کە سەردەمانێکی دوورودرێژیان خایاندووە، بێ گومان کاریگەری چیرۆکەکان زیاتر دەبێت.

مەبەست لە باسکردنی چیرۆك لە قورئاندا پشتڕاستکردنەوەی پەیامە ئاسمانییەکان و سرووشی پێغەمبەرانە، هەموویان لەلایەن خوداوە نێردراون، ئایینەکان یەك بنچینەیان هەیە، ئامرازی بانگەوازی پێغەمبەران وەك یەك بووە و بەرپەرچدانەوەیان لە لایەن گەل و نەتەوەکانیان هاوشێوە بووە، خوای گەورەش لە کۆتاییدا پێغەمبەرانی سەرخستووە و سەرپێچیکەرانیشی لەناو بردووە، مرۆڤەکانی ئاگادار کردووەتەوە لە گومڕاییەکانی شەیتان، خوای گەورە بە توانایە لە بەدیهێنانی ئەو ڕووداوانەی کە وەك لە دایکبوونی پێغەمبەر (عیسى) عليه السلام و گەڕانەوەی ژیانی باڵندەیەك لە چیرۆکی پێغەمبەر (ئیبراهیم) عليه السلام هەروەها زیندووبوونەوەی مردووەکان.

سەرەڕای ئەمەش لە چیرۆکەکانی قورئاندا پەندێکی ڕادەبەدەر هاتووە کە لە ژمارە نایەن، هەندێکیان ڕوون و ئاشکران لای خوێنەر، هەندێکی تریشیان بە شێوەی لاوەکین لە بابەتی چیرۆکەکەدا بەڵام ڕەهەندی زۆر هەڵدەگرن.

ناساندنی کەسایەتی مرۆڤەکان لە چیرۆکەکانی قورئاندا پشکی شێریان بەرکەوتووە لە چەند دیوێکی جیاوازەوە، کاری چیرۆکەکەش چارەسەرکردنی گرێ ئاشکرا و شاراوەکانی دەروونی مرۆڤەکانە، هەروەها کاریگەرییەکانیشی پەند و ئامۆژگارییە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: "فالسعيد من وعظ بغيره" واتە: (خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە پەند و ئامۆژگاری لە کەسانی تر وەردەگرێت).

چیرۆکەکانی قورئان نە دروستکراوی خەیاڵن، نە پڕوپاگەندەی ڕووداوێکیشن کە لە هزردا وێنەی کێشرابێت، بەڵکو چیرۆکی ڕاستەقینەن و لە نەتەوەکانی پێشوودا ڕوویانداوە و شوێنەوار و جێماوە لە ناوچووەکان بەڵگەن لەسەر ئەم ڕاستییە. جێی تێڕامان و ئیعجاز لەوەدایە کە خوای گەورە پێش وەخت پێی ڕاگەیاندووین ئەم شوێنەوارانەی کە لە چیرۆکەکاندا باسکراون لە لایەن مرۆڤەوە دەدۆزرێنەوە و هەواڵی بەڵگە نەویستیشی لەسەر ئەم ڕاستییە پێ داوین، نموونەی ئەو بەڵگانەش وەك: دۆزینەوەی شوێنەواری (ثمود) هۆزی پێغەمبەر (صالح) عليه السلام، دۆزینەوەی شاری (ئیرەم) بارەگای گەلی (عاد) هۆزی پێغەمبەر (هود) عليه السلام، ڕزگاربوونی لاشەی فیرعەون دوای نوقوم بوونی کە زانایانی فەڕەنسی ئەوەیان سەلماند کە لەناوچوونی فیرعەون لە ئەنجامی خنکانی بووە، ئەویش بە شیکاری سییەکانی، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ٩٢﴾ یونس. واتە: (ئەمڕۆ ئیتر لاشەی تۆ ڕزگار دەکەین تا ببێتە موعجیزە و پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی دوای تۆ دێن (دیارە خوای گەورە پاراستویەتی لەوەی کە ماسی بیخوات، شەپۆلی دەریا گەیاندییە کەنار، تا ئەوانەی کە بە خوایان دەزانی بە چاوی خۆیان ببینن کە فیرعەون ئادەمیزادێکە وەك ئەو خەڵکە و ببێتە پەند، بۆ هەموو پاشا و زۆردارەکانی سەر زەوی کە ئەوە سەرئەنجامی مسۆگەری هەموویانە)، بەڵام بە ڕاستی زۆربەی خەڵکی لە ئایەت و موعجیزەکانی ئێمە غافڵ و بێ ئاگان). هەروەها لەوانەش دۆزینەوەی پارچەکانی کەشتییەکەی پێغەمبەر (نوح) عليه السلام.

با کەس گومانی ئەوەش نەبات کە چیرۆکەکانی قورئان دووبارەبوونەوەی تیایە و بەرەو بێزاریت دەبات، بە تایبەت لە باسی پێغەمبەر (موسا) عليه السلام و باسی (بەنی ئیسرائیل)، چونکە دووبارە باسکردنی ڕووداوێکی دیاریکراو سەرنج دەخرێتە سەر ڕوویەکی تری ڕووداوەکە کە لە پێشتردا باس نەکراوە بەمەش دەبێتە بابەتێکی تازە، کە لەم سورەتەدا باس دەکرێت و دەبێتە بەڵگە بۆ ئەو بابەتەی کە سورەتەکە ئاماژەی پێ دەدات.

بۆ نموونە هەواڵی جادووگەرەکانی فیرعەون لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرامبەر پێغەمبەر (موسى) عليه السلام لە سێ گۆشەنیگاوە باس کراوە، جارێك جادووگەرەکان پشتگیری ئەو کەسانە دەکەن کە زۆرترین بەخشینیان پێ دەدەن، جارێك بۆ سەلماندنی ئەوەی کە جادووکردن (سحر) کارێکی ناحەقە و تەنها بۆ چاوبەستی خەڵکییە و بە یادکردنەوەی خوای گەورە بەتاڵ دەبێتەوە، جاری سێیەمیش بۆ دەرخستنی لاوازی کوفر بەرامبەر بە ئیمان ئەویش بە باوەڕهێنانی جادووگەرەکان سەرەڕای هەڕەشە و تۆقاندنیان...

شێخ (أحمد كفتارو) -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت: بەشکردنی چیرۆکێك بەسەر چەند سورەتێکدا بۆ دوورکەوتنەوەیە لە درێژەدان بە چیرۆکەکە و چارەسەرکردنی بابەتێکە لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە، هەر کاتێك مرۆڤ بەشێکی کەم لە چیرۆکەکە بخوێنێتەوە هەموو چیرۆکەکەی بە تەواوی دێتەوە یاد ئەگەر چی مەبەستیشی نەبێت.

سەرەڕای ئەو گفتوگۆیانەی کە لە هەموو چیرۆکێکدا باس دەکرێت بە شێوازێك داڕێژراون کە دەچنە قووڵایی دەروون و

هەست هەژێنن و لە یادەوەریدا دەمێننەوە.

لە قورئاندا ژیاننامەی هیچ پێغەمبەرێك بە تەواوی لە یەك سورەتدا باسنەكراوە بێجگە لە ژیاننامەی پێغەمبەر (یوسف) عليه السلام كە لە سورەتی (یوسف)دا هاتووە، ئەمەش بە تەنها ئاماژەیەكی ئیعجازی تایبەتە بەو سورەتە، كە ژیاننامە و نەهامەتییەكانی پێغەمبەر (یوسف) عليه السلام لە كۆمەڵە چیرۆكێكی كورت و پوختدا كۆكردووەتەوە. ئەم كورتكردنەوەیەش هیچ كاریگەری لە سەر درێژەی ئەو ڕووداوە زۆرانەی ناو چیرۆكەكە نییە و هیچ كاریگەرییەكی لەسەر شیكاری هەڵوێستی مرۆڤەكان و دەرخستنی هەڵوێست و هەست و سۆزی پاڵەوانانی ناو چیرۆكەكە نییە.

**جێی سەرنجە ئەنجامی ئەو لێكۆڵینەوە و ڕەخنە ئەدەبیانەی كە لە سەدەی بیستەمدا دەربارەی (مەرجەكانی چیرۆكی سەركەوتوو) بە دەست هاتووە، هیچیان شتێكی نوێ یاخود نامۆیان لە سەر چیرۆكەكانی قورئانی پیرۆز پێ نەبووە كە پێش هەزار و چوار سەد ساڵ باسكراون...!**

هەر لە پێشەكی چیرۆكەكە و ناساندنی پاڵەوانانی ناو چیرۆكەكەشیان كورتەیەك لەسەر بارودۆخی باوی چیرۆكەكە، یان گرێكانی، یان یەك بابەتی چیرۆكەكە، یان شیكردنەوەی دەروونی، بۆ ناخی ئەو پاڵەوانانەی كە لە چیرۆكەكەدا هەن، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێكی كاریگەر و پەند ئامێزە، هەموو ئەمانەش بە شێوازێكی سەرنج ڕاكێش و پاراو و موعجیزە ئاسا هاتوون.

**چیرۆكەكانی قورئان دوورن لە جەنجاڵی و بێزاركردن:**

سەیر لەوەدایە كە چیرۆكێك بە چەند ئایەتێك باس دەكات، هەندێك جاریش تەنها بە یەك ئایەت، یان كەمتر لە ئایەتێكیش، بۆ ئەوەی خوێنەر و بیسەر ئاشنابكات لە كەشی باوی چیرۆكەكە، پاشان ڕاستەوخۆ بیگوازێتەوە بۆ ناوەڕۆكی بابەتەكە ئەمیش بە وەسفی دیمەنەكە و تۆماركردنی گفتوگۆكان بۆ گەیشتن بە ئەنجامی كۆتایی چیرۆكەكە بە زۆری كەمتر لە نیو لاپەڕەدا پێشكەش دەكرێت.

لە قورئانی پیرۆزدا چەند چیرۆكێكی زۆر كورت هەیە، كە هەندێكیان لە یەك ئایەت یان دوو ئایەت كورتكراوەتەوە وەك گفتوگۆی نێوان پێغەمبەر (ئیبراهیم) عليه السلام و پادشای ئەو سەردەمە كە لە (سورەتی البقرة)دا هاتووە. لە هەواڵی پێغەمبەر (موسی) عليه السلام لە قورئاندا چیرۆكێكی كورت هاتووە لە سورەتی (القصص)دا، خوای پەروەردگار باسی حاڵەتی پێغەمبەر (موسی) عليه السلام دەكات پاش دەربازبوونی لە (میسر) و ڕۆیشتنی بۆ شاری (مەدیەن)، كە چەندە برسی و ماندوو و بێ هیوا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاو دەهێنێت بۆ ئەو دوو ئافرەتەی كە چاوەڕێی ئاویان دەكرد بێ ئەوەی داوای پاداشتیان لێ بكات، بەڵكو داوای پاداشتی لە خوای گەورە كرد پاشان دەرووی خێری لێ كرایەوە، هەموو ئەمەش تەنها لە سێ ئایەتدا باسكراوە.

سەبارەت بە ڕووداوێكی زۆر گرنگ كە مێژووی مرۆڤایەتی تۆماری كردووە، ئەویش لافاوە گەورەكەی سەردەمی پێغەمبەر (نوح) عليه السلام بوو، كە لە قورئاندا بە شێوازێكی پاراو و كورت و پوخت هاتووە، بە بێ ئەوەی لە گەورەیی دیمەنی ترسێنەری ئەم ڕووداوە كەم بكاتەوە، كە پێش چەند ساتێك باڵی كێشا بوو بەسەر بارووددۆخەكەدا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤ ﴾ هود، واتە: (پاشان فەرمان درا بە زەوی: ئاوەكەت با ڕۆبچێت بە ناختدا، ئەی ئاسمان: تۆش با بەس بێت و باران مەبارێنە، ئیتر ئاوەكە ڕۆچوو، فەرمانیش بە ڕێكی و تەواوی ئەنجام درا، كەشتییەكەش لەسەر كێوی جودی وەستا و لەنگەری گرت و وترا: دەك دووربی لە بەزەیی خوا و تیاچوون بۆ بەرەی ستەمكاران)، دوای كۆتایی هاتنی ئەم ڕووداوە ئارامی باڵ دەكێشێت بەسەر بارووددۆخەكەدا، ئەمەش پاش ئەوەی زەوی ئاوەكە قووت دەداتەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەی كە بڕیاری لەناوچوونیان بۆ درابوو لە لایەن خوای گەورەوە، هەموو ئەمەش لە یەك ئایەتدا باسكراوە.

ئەوەی باسمان كرد تەنها مشتێكە لە خەرمانێك، بۆ چێژ وەرگرتن لەو شێوازە باسەی كە خوای گەورە دەربارەی نەتەوەكانی پێشوو باسی كردوون، كە هەندێكیان دڵخۆش دەكەن و هەندێكیان ترسێنەرن و بەشی سێیەمیشیان پەند و ئامۆژگارین بۆ دەروونی مرۆڤەكان و هەندێكی تریان ڕاچڵەكاندنە و هەموشیان بانگەوازێكن بۆ بیركردنەوە و تێرامان، خۆشبەختیش بۆ ئەو كەسانەی كە هۆگری قورئانن و لەگەڵ چیرۆك و پەند و ئامۆژگارییەكانیدا دەژین.

پوختەی باسەكە ئەوەیە قورئانی پیرۆز تەنها كتێبێك نییە كە چەند كۆمەڵە چیرۆكێكی خەیاڵی لە خۆ گرتبێت، بەڵكو چەند ڕاستییەكن بۆ ئامۆژگاری و بیرخستنەوە، **ئامانجی چیرۆك لێرەدا تەنها لە خزمەتی پەند و ئامۆژگاری و بیرخستنەوەی باوەڕدارانە، وەك خوای گەورە لە سورەتی (هود)دا دەفەرموێت:** ﴿ وَكُلّٗا نَّقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَۚ وَجَآءَكَ فِي هَٰذِهِ ٱلۡحَقُّ وَمَوۡعِظَةٞ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ١٢٠ ﴾ هود، واتە: (ئەی محمد ﷺ هەموو ئەوانەشت بۆ دەگێڕینەوە لە چیرۆك و هەواڵی پێغەمبەران، بۆ ئەوەی كە دڵی تۆی پێ دابمەزرێنین و دڵنیات بكەین، دڵنیاش بە كە لەم هەواڵانەدا حەق و ڕاستیت بۆ هات و بۆت ڕوونكرایەوە، هەروەها ئامۆژگاری و بیرخستنەوەی باشی تێدابوو بۆ ئیمانداران.)

خوای گەورە لەو كەسانەمان بگێڕێ كە هەردەم خوێنەری قورئان بین و لێی تێبگەین و پەند و ئامۆژگاری لێ وەرگرین و كاری پێ بكەین... اللهم امين.


**سەرچاوە:**

1- بابەتی/ (الإعجاز القصصي في القرآن الكريم)، گۆڤاری (الإعجاز العلمي) ژمارە: (40).

2- ڕاڤەی ئایەتەكان لە (تەفسیری ئاسان) وەرگیراوە.

# خۆكوشینی 5:2 چی یە؟




دیارە زۆر جۆر خۆكوشین Diet و هەوڵدان هەن بۆ دابەزاندنی كێش، وەلێ ئەوەی بەندە لێرەدا ئەمەوێ تیشكی بخەمە سەر ئەم جۆرەیە 5:2.

بنچینەی سەرەكی ئەم جۆرە خۆكوشینە لەوە سەرچاوە دەگرێت، كە كەسەكە ئامۆژگاری دەكرێت 5 ڕۆژ لە هەفتەیەكدا بە ئارەزووی خۆی هەر جۆرە خواردنێك دەخوات بخوات، دوو ڕوژیش بە ڕۆژوو بێت، بەڵام ئەو ڕۆژانە دەبێت بەسەر یەكەوە نەبێت. ئەم جۆرە خۆكوشینە دەبێتە هۆی دابەزینی كێش بە بڕی یەك پاوەند (نزیكەی نیو كیلۆ گرام) بۆ هەر هەفتەیەك بۆ خانمان، هەمان بڕیش یان زیاتر بۆ پیاوان. ئەمە بە پێی لێتوێژینەوەی دكتۆر و ڕۆژنامەڤانی تۆڕی میدیایی BBC ئینگلیزی، (د. میكاییل موسلەی) Michael Mosley.[1] تەنانەت ئەم دكتۆرە لە زنجیرە بەرنامەیەكی پەروەردەیی تەندروستی كەناڵەكە بەناوی[2] "بخۆ و بە ڕۆژوو بە زۆرتر بژی "Eat Fast and Live Longer" ئەم ڕاستیەی خستە ڕوو، ئەم ڕاستیەی وەك شۆڕشێكی ڕاستەقینە لەم بوارەدا لە قەڵەم دا.

1- Brown James E, Mosley Michael, Aldred Sarah. Intermittent fasting: a dietary intervention for prevention of diabetes and cardiovascular disease? The British Journal of Diabetes & Vascular Disease. 2013;13(2):68–72.

2-http://youtu.be/SFDj_WOchgk

سەرباری ئەمە (میكاییل) لە سەرەتایی 2013 پەرتوكێكی لە ژێر ناونیشانی the fast diet واتا خۆكوشینی خێرا چاپ و بڵاوكردەوە.

لە هەمان ساڵدا هەر مانگێك دوای ئەوە (كات هاریسون) Kate Harrison ڕۆژنامەڤانی BBC، كتێبێكی بەنیوی the 5:2 diet book واتا: "پەڕتوكی خۆكوشین بە ڕێگەی 5:2" بڵاوكردەوە.




لە ڕاستیدا ناوەڕۆكی هەر دوو كتێبەكە زۆر لێك نزیكن، هەرچەندە ڕێنماییەكانیان كەمێك جودان.

## ئەم جۆرە خۆكوشینە ڕێگایەكی زۆر كاریگەرە بۆ:

كاراكردنی مێشك، كەمكردنەوەی مەترسیەكانی نەخۆشیەكانی دڵ، وەستانی مێشك و شێرپەنچە، بەتایبەتی شێر پەنجەی مەمك[3]، هەروەها كونترۆڵكردنی ڕێژەی كۆڵسترۆل لە خوێن و شەكرە... هتد.

بەڕێزان ئەمەی سەرەوە هەمووی گواستنەوەی قسەی ئەو زانا بەریتانیایانە بوو كە بەكورتی بۆم خستنە ڕوو.[4]

پاشان با بێینە سەر مەبەست و كرۆكی بابەتەكەمان، ئەوەی توزێك شارەزایی هەبێت لە ژیانی خوشەویست دروودی خودای لەسەربێت دەزانێت، كە خۆشەویست هەموو دوو شەممە و پێنج شەممەیەك بە ڕوژوو بووە، كە ئەوەش ڕێك ئەو سیستەمەیە كە دوای زیاتر لە 1400 ساڵ ئینجا زانست سەلماندی كە چەندە بێ وێنەیە هەروەك باسمان كرد. ئەوەش ڕێبازی ئەو و شوێنكەوتووانی بوو، هەروەك خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾ الأحزاب، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾ النجم.

دیارە بە ڕاستی ئەوە یەكێكە لە سەر سوڕهێنەرەكان، بەڵگەیە لەسەر ڕاست و پاك و بێگەردی ئەو پێغەمبەرە و ڕاستی ئاینەكەمان.

3-https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/25540982

4-https://www.bbcgoodfood.com/howto/guide/what-52-diet

# دۆزینەوەی کۆنترین هەنگوین



د. بەهێز محمد صالح محمود bahezmuhammed@haiv.org

ئاشکرایە ئەگەر خۆراکێك شێدار بێت، واتە پێکهاتەکەی ئاوی تێدا بێت بە زوویی تێك دەچێت، یاخود بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەمێنێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجدان و سەرسوڕمانە هەنگوین کە یەکێکە لە بەرهەمە سەرەکیەکانی هەنگ بە تەواوی جیاوازە و لەگەڵ ئەوەی شێدارە و دەبوایە بە زوویی تێك بچێت، بەڵام بە دەیان و سەدان ساڵ بێ تێکچۆن وەك خۆی دەمێنێتەوە. پێشتر هەنگوینێکی کۆن لای (توت عەنخ ئامون) فیرعەنی میسری کۆن دۆزرایەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ 3000-2500 ساڵ پێش زایین[1]، وا دەزانرا کۆنترین هەنگوینە، بەڵام لەم دواییانەدا لە ڕۆژئاوای شاری (تەبلیس)ی (جۆرجیا) هەنگوینێك لە ناو چەند گۆزەیەکی مێژووییدا دۆزرایەوە، زۆر لەوەی فیرعەونەکان کۆنتر بوو، تەمەنی بۆ 5500 ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. سەرسوڕهێن ئەوەیە هەنگوینەکە بێ خراپ بوون بە درێژایی ئەو ماوە زۆرە وەك خۆی مابوەوە و تێك نەچوو بوو[2].

وەك ئاشکرایە هەنگ چەندین بەرهەمی شیفابەخش پێشکەش دەکات، یەکێك لەوانە هەنگوینە کە تایبەتمەندییەکی جیای لە بەرهەمەکانی تری هەیە، ئەویش مانەوەیەتی بێ تێکچوون بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەمەش یەکێکە لە سەرسوڕهێنەرەکانی هەنگوین. لەگەڵ ئەوەی کە پێکهاتەی سەرەکی هەنگوین شەکرە کە بە ماوەیەکی کەم تێك دەچێت و لە سەرەتادا زۆر شلە و 70%ی ئاوە، ئاشکراشە هەر شتێك شێدار بێت زووتر تێك دەچێت. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا سەدان ساڵ بە بێ خراپبوون دەمێنێتەوە[3].




(ئەو گۆزەیەی کۆنترین هەنگوینی تێدا دۆزراوەتەوە لە تەبلیس پایتەختی جورجیا)

1- http://www.eurasianet.org/node/65204
2-http://www.nationalgeographic.comau/history/honey-in-the-pyramids.aspx
3- http://scienceline.ucsb.edu/getkey.php?key=2379

با بزانین بە چ ڕێگایەك هەنگەکان پارێزگاری لە تێکنەچوونی هەنگوین دەکەن:

1- کاتێك لە شانەکاندا هەنگوینەکە دادەنێن، هەنگەکان وەك پانکەیەك بە باڵەکانیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باوەشێنی دەکەن هەتا وشك دەبێتەوە و بەشێکی زۆری دەبێتە هەڵم و، ڕێژەی ئاوی ناوی لە 70% وە دەبێتە 17%، بەمەش چڕ دەبێتەوە و بەکتریا ناتوانێت لە ناویدا بژی، چونکە بەکتریا و کەڕووەکان لەو ڕێژەیە زیاتر ئاویان تێدایە و، بۆ زوو گەشەکردنیان پێویستیان بە ناوەندێکە لە ڕێژەی خۆیان زیاتر ئاوی تێدا بێت. بەڵام بەهۆی کەمی ڕێژەی ئاوی هەنگوینەوە ناتوانن تێیدا بژین. بە پێوەری زانستیی بەکتریا و کەڕووەکان بۆ بەردەوامی ژیانیان ئەو ناوەندەی تێیدان پێویستە چالاکی ئاوی (0،75) بێت، بەڵام چالاکی ئاویی هەنگوین (0،6)ە، بەمەش میکرۆبەکان لە جیاتی گەشەکردن خێرا شی دەبنەوە بە کردارێك کە پێی دەوترێت (ئوسموتیك لایسس) osmotic lysis.

| Component | Average (%) | Range (%) |
|---|---|---|
| Water | 17.2 | 12.2–22.9 |
| Fructose | 38.4 | 30.9–44.3 |
| Glucose | 30.3 | 22.9–40.7 |
| Sucrose | 1.3 | 0.2–7.6 |
| Other disaccharides | 7.3 | 2.7–16.0 |
| Higher sugars | 1.4 | 0.1–3.8 |
| Gluconic acid | 0.57 | 0.17–1.17 |
| Acids (not including gluconic) | 0.43 | 0.13–0.92 |
| Lactones | 0.14 | 0.0–0.37 |
| Minerals | 0.17 | 0.02–1.03 |
| Nitrogen | 0.04 | 0.0–0.13 |

(ئەم خشتەیە ڕێژە و پێکهاتەی هەنگوین دیاری دەکات کە ئاو لە 17% پێکدەهێنێت لەگەڵ ڕێژەی پێکهاتەکانی دیکە)

2- هەنگوین زۆرترین ڕێژەی لە شەکرەکان پێکهاتووە، زیاترینیان شەکری glucose، شەکری میوە fructose لەگەڵ جۆرەکانی دیکە...تاد، بەم شێوەیە پێکهاتەیەکی زۆر خەست hypertonic دروست دەبێت، بەمەش میکرۆبەکان لە جیاتی گەشەکردن خێرا وشکدەبنەوە و بەرەو شیبوونەوە دەچن، بە کردارێك کە پێی دەوترێت (ئوسموتیك لایسس) osmotic lysis.




3- (PH) ژمارەی هایدرۆجینی کە یەکەیەکی پێوانەیی ترشی و تفتییە، لە هەنگویندا ژمارەکە (3 بۆ 4) دەبێت، واتە لە ناوەوە زۆر ترشە[4]، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی شەکر تێیدا هەست بە ترشیەکەی ناکەین، ئەم ترشیەش بەکتریاکان دەکوژێت. لە هەنگویندا چەندین جۆری ترش هەیە لەوانە (فۆرمیك ئەسید) و (ستریك ئەسید) و (گلۆکۆنیك ئەسید)، ئەمەی دواییان وا دەکات هەنگەکە ئەنزیمێك دەربکات کە (گلوکۆن ئەسید)کە تێك بشکێنێت و یارمەتی هەنگوینەکە دەدات زیاتر خەست ببێتەوە، بەوەش هەر ڤایرۆس و بەکتریا و کەڕوویەك هاتنە ژوورەوە تێکیان دەشکێنێت و لەناویان دەبات، هەروەها هەنگوین (hydrogen peroxide)ی تێدایە کە ڕێگری لە گەشەکردنی بەکتریا دەکات[5].




وێنەی پێکهاتە کیمیاویەکانی هەنگوین وەك (گلوکۆنیك ئەسید) gluconic acid لەگەڵ (هایدرۆجین پیرۆکساید) hydrogen peroxide

لەوانەیە کەسێك پرسیار بکات، کاتێك لە ماڵەوە هەنگوین دادەنێت پاش ماوەیەك کە هەوا لێی دەدات وەك ڕۆن توند دەبێتەوە و تووشی بە کریستاڵ بوون دەبێت. ئایا ئەمە تێکچوونی هەنگوینەکە نیە؟ وەڵام: لە ڕاستیدا نەخێر، بەڵکو ئەمە بە هەڵمبوونی بەشێکی ئاوی هەنگوینەکەیە، بەوەش شەکرەکەی زیاتر دەمێنێتەوە super saturated وەك کریستاڵ دەردەکەوێت و توند دەبێتەوە. چارەسەری ئەمەش ئەوەیە هەنگوینەکە بۆ ماوەی چەند خولەکێك بە قوتوەکەیەوە بخرێتە ناو ئاوێکی کەمێك گەرم، هەتا شەکرەکەی دیسان دەتوێتەوە و وەك خۆی لێ دێتەوە[6].

لە کۆتاییدا جگە لەوەی کە هەنگوین شیفایەکی گەورەی تێدایە بۆ مرۆڤ، مانەوەشی بە بێ تێکچوون و هەر بە شیفایی ئیعجازێکی تری هەنگوین دەردەخات کە لە هیچ چارەسەرێك و شیفاییەکی تردا نییە. هەر لەبەر ئەمەشە کە قورئانی پیرۆز لەناو هەموو دەرمان و شیفاکانی تردا بە تایبەتی باسی کردووە.

4-Guo, Wenchuan, et al. "Sugar and water contents of honey with dielectric property sensing." Journal of Food Engineering 97.2 (2010): 275-281.
5-Mandal, Manisha Deb, and Shyamapada Mandal. "Honey: its medicinal property and antibacterial activity." Asian Pacific Journal of Tropical Biomedicine 1.2 (2011): 154-160.
6-White, J. W., Jr. Honey. In The Hive and the Honeybee; Graham, J. M., Ed.; Dadant & Sons: Hamilton, IL, 1992; p 869– 925




# هەماهەنگی نێوان دەقە قورئانییەکان
# سەبارەت بە پێکهاتنی مرۆڤ

توێژینەوەی: عەبدول مەجید زیندانی، د.مستەفا ئەحمەد، پرۆفیسۆر تی. ڤی. ئێن پێرساد- سەرۆکی بەشی توێکاریی کۆلێژی پزیشکی لە مینوتۆبای کەنەدا. و: دیدار ئیسماعیل - ئاراس عومەر.

**قورئانی پیرۆز باسی قۆناغە سەرەکییەکانی گەشەی مرۆڤی لەسەرەتای دووگیانییەوە تا کاتی منداڵبوون باسکردووە و دەفەرموێت:**

1- ﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾ المؤمنون.

واتە: بە ڕاستی ئێمە مرۆڤمان لەپێکهاتەیەك لە قوڕ بەدیهێناوە، پاشان کردومانەتە نوتفە (تنۆکێك) لە ئارامگەیەکی لەبار و پارێزراودا (کە منداڵدانی دایکە) پاشان نوتفەکەمان کردە عەلەقە (پێکهاتەیەکی شێوە زەروو کە لە خوێنی وەستاو پێکهاتووە)، پاشان دەستبەجێ عەلەقەکەمان کردە موزغە (پێکهاتەیەکی شێوە جوراو) و دەستبەجێ موزغەکەمان کردە ئێسکە پەیکەر و دەستبەجێ ئێسکەکەمان بە گۆشت داپۆشی، پاشان لەشێوەیەکی تردا گەشەمان پێ کرد (شێوەی ئادەمیزاد)، بە ڕاستی خوای گەورە بەرز و پیرۆزە و باشترین بەدیهێنەرە.

2- ﴿ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ القيامة.

واتە: ئایا ئەو مرۆڤە نوتفەیەك (دڵۆپەیەك) نەبوو لە مەنی کە دەردراوە (یان ئەندازە کراوە[1]) کە دواتر بوو بە عەلەقە و دواتر خودا ڕێکوپێکی کرد و دواتر ڕێکی خست (لەشی ڕاست کردەوە و شێوەیەکی ڕێکوپێکی پێ بەخشی) و دواتر یەکێك لە ڕەگەزەکانی نێر یان مێی لێخستەوە.

3- ﴿ الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ ﴿٧﴾ فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ ﴿٨﴾ ﴾ الانفطار.

واتە: ئەو خودایەی کە تۆی بەدیهێناوە و ڕاستی کردویتەوە و شێوەیەکی ڕێکوپێکی پێ بەخشی و لەسەر ئەو شێوازەی کە ئەو ویستی لەسەر بووە ئەندامەکانتی بەیەکەوە لکاندووە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئایەتە پیرۆزانەی سەرەوە قۆناغەکان لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێن:

1- قۆناغی خەلقە بەراییەکان (تەخلیق) کە ئەمانە دەگرێتەوە:

(نوتفە، عەلەقە، موزغە، ئێسك و داپۆشینی ئێسك بە گۆشت (ماسولکە).

2- قۆناغی نەشئە (گەشەکردن):

ئەمەش بە دوای قۆناغەکانی سەرەتای دروستبووندا دێت، لەم ماوەیەدا گۆڕین و ڕێکخستنەوەی شێوەی کۆرپەلە ڕوودەدات و شێوەی دەرەوەی کۆرپەلە بەرەو شێوازێك گەشە دەکات کە لە مرۆڤ دەچێت و دەناسرێتەوە، ئەم قۆناغەش تا کۆتای ماوەی دووگیانی بەردەوام دەبێت.

لە قورئاندا قۆناغەکان بە شێوازێك باسکراون کە زاراوەکانی وەسفی شێوەی دەرەوەی کۆرپەلە دەکەن، فرمانی ڕوونکەرەوە و ئاشکرا بۆ باسکردنی قۆناغە گرنگەکانی گەشەکردن بەکارهێنراون. (خشتەی 1) پەیوەندی نێوان سێ دەقەکان نیشان دەدات، تێبینی ئەوەش دەکرێت کە لە قورئاندا ئامرازی پەیوەندی جیاواز بۆ باسکردنی زنجیرەی گۆڕانکارییەکان لە شێوەدا یان گۆڕانەکان لە قۆناغەکاندا بەکارهێنراوە. لە زمانی عەرەبیدا، ئامرازی پەیوەندی (ثم) ئەوە دەردەخات کە ماوەیەك لە نێوان ڕووداوەکاندا هەیە، بەڵام ئامرازی پەیوەندی (ف) ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ بە دوای یەکتریدا دێن.

1- وشەی (یمنی) دوو واتای هەیە یەکەم تخرج (دەرچوون)، دووەم: تقدر (ئەندازەکردن) لە زمانی عەرەبی دەوترێت: (منى المانى) واتا (قدر المقدر).

**خشتەی 1 یەکگرتنەوەی نێوان ئایەتەکان کە پەیوەندیان بە قۆناغە سەرەکیەکانی دروستبوونی مرۆڤەوە هەیە**

| قۆناغەکان | سورة المؤمنون 14-12 | سورة القيامة 39-37 | سورة الإنفطار 8-7 |
| --- | --- | --- | --- |
| 1. نوتفە (دڵۆپێك) | ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ پاشان گردمانە نوتفەیەك (تنۆکێك) لە ئارامگەیەکی لەبار و پارێزراودا (منداڵدانی دایك) | أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَى ئایا ئەو مرۆڤە نوتفەیەك نەبووە؟ دڵۆپێك لە ئاو کە دەردراوە و ئەندازەکراوە | |
| 2. عەلەقە (شێوە زەروو) | ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً دواتر نوتفەکەمان کرد بە عەلەقە (پێکهاتەیەکی شێوە زەروو) | ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً دواتر بوو بە عەلەقە (شێوەزەروو) | |
| 3. موزغە (لەپەکان) | فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مضغة دواتر عەلەقە کەمان گۆڕی بۆ موزغە (ماددەیەك وەك ئەوەی جوراوبێت) | فَخَلَقَ دواتر خوای گەورە دروستی کرد | الَّذِي خَلَقَكَ ئەو پەروەردگارەی کە تۆی دروستکرد |
| 4. ئێسك (العظام) (ئێسکەپەیکەر) | فَخَلَقْنَا الْمُضغة عظاما دواتر موزغەکەمان کرد بە ئێسك | فَسَوَّىٰ دواتر ڕێکی کردەوە | فَسَوَّاكَ تۆی ڕێك کردەوە |
| 5. گۆشت (لحم) (ماسولکە) | فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا دواتر ئێسکەکانمان بە گۆشت داپۆشی (ماسولکەکان) | فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ دواتر لەمە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی لێ جیاکردەوە | فَعَدَلَكَ فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ دواتر تۆی گۆڕی بۆ ئەو شێوەیەی کە خۆی ویستوویەتی |
| 6. نەشئە (گەشەکردن) | ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ دواتر وامان لێکرد گەشەبکات و شێوەیەکی تایبەت بەخۆی وەربگرێت | | |

زانیارییەکانی خشتەکە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەردەخەن:

**1- هەماهەنگی بەکارهێنانی هەردوو ئامرازی پەیوەندی (ثم) و (ف) لە سورەتە جیاوازەکاندا:**

(ثم) کە بەدواداهاتنی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ دەگەیەنێت، لە هەردوو سورەتی (المؤمنون) و (القيامة)دا بۆ دەرخستنی هێواشی و لەسەرخۆیی گۆڕان لە قۆناغێکی سەرەکییەوە بۆ قۆناغێکی تری سەرەکی بەکارهاتووە.
(ف) کە بەدوایەکداهاتنی خێرا و دەستبەجێ دەردەخات، بۆ دەرخستنی بەدوایەکداهاتنی خێرا لەنێوان ڕووداوەکانی هەر قۆناغێکدا بەکارهاتووە. بەم شێوەیە شێواز و ڕێژەی خێرایی گەشەکردن لە هەردوو سورەتەکەدا وەك یەکن.

**2- نوتفە و عەلەقە:**

ئامرازی پەیوەندی (ثم) لە نێوان ئەم دوو نیمچە قۆناغەی کاتی گەشەکردندا بەکارهاتووە لە هەردوو سورەتی (المؤمنون)و (القيامة) کە هەماهەنگییەك دەردەخات لە نێوان هەردوو سورەتەکەدا سەبارەت بە کاتی ڕوودانی هەر کردارێکی گەشەکردن.

**3- موزغە:**

زاراوەی موزغە لە سورەتی (المؤمنون)دا بۆ وەسفکردنی ئەو نیمچە قۆناغەی کە بە دوای عەلەقەدا دێت بەکارهاتووە و زاراوەکە لە هەمان کاتدا دەرخەری شێوەی کۆرپەلەکەیە.
لە سورەتی (القيامة)دا، فرمانی (خلق) بەکارهێنراوە و لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی موزغە لە سورەتی (المؤمنون)دا دەگونجێ. ئەم فرمانە (خلق) چەند واتایەکی هەیە؛ لەوانە (دروستکردنی شتێك لە شتێکی ترەوە)، لێرەدا ئەو مانایە مەبەستە هەتا گۆڕینی لە قۆناغی عەلەقەوە بۆ قۆناغێکی تر بگەیەنێت، کە قۆناغی موزغەیە. وشەی (خلق) بە واتای بەدیهێنانیش دێت، کۆرپەلەزانیش پێمان دەڵێت سەرەتای کۆئەندامە جیاوازەکان لە قۆناغی موزغەوە دەست پێ دەکەن.




وێنەی کێشراوی لاتەنیشتی کۆرپەلە لە نیمچەقۆناغی موزغەدا لەماوەی هەفتەی پێنجەم و شەشەمی گەشەدا. لەم نیمچەقۆناغەدا هەموو پێکهاتە پێویستەکان کە لە شێوەی گۆپکەدان پێکەوە کۆکراونەتەوە کە هاوکاتە لەگەڵ (40)مەم ڕۆژدا[2] لەبەرئەوە کرداری بەدیهێنان تایبەتمەندیەکی دیاری موزغەیە، کاتێك شێوەی دەرەوەی کۆرپەلەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت

2-Permission from Moore, K.L . The Developing Human , Clinically Oriented Embryology 4th ed., Philadelphia, Saunders 1988.

هاوکات لەگەڵ گۆڕانی ناوەکی، فرمانی (سوی - ڕاستکردنەوە و سافکردن) لە سورەتی (القیامة)دا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نیمچەقۆناغی موزغە کۆتایی پێهاتووە. لەبەرئەوەش کە موزغە ڕێك نەکراوەتەوە و ئێسك و ماسولکەی نیە، شێوەکەشی لە مرۆڤ ناچێت.




وێنەیەکی کێشراوی کۆرپەلە لە هەفتەی شەشەم بۆ حەوتەمدا. ڕووخساری کۆرپەلە لەم کاتەدا باش جیاناکرێتەوە و لە کۆرپەلەی مرۆڤ ناچێت[3].

3- CIEA, Clinical Symposiua, vol. 28, No.3

کەواتە کرداری ڕاستکردنەوە (تەسویە) کە ڕووی دەرەوەی کۆرپەلەکە خاوروخێچی نامێنێت و ڕێك دەبێتەوە، هەروەك لە سورەتەکانی (القیامة) و (الإنفطار)دا باسکراوە، پێویستە دوای نیمچەقۆناغی موزغە بێت.

شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکان لە هەرسێ سورەتەکانی (القیامة) و (الإنفطار) و (المؤمنون)دا وەك یەکە. بۆیە ئەو "ڕێککردنەوە"یەی کە لە هەردوو سورەتی (القیامة) و (الإنفطار)دا باسکراوە هاوکات و هاومانایە لەگەڵ قۆناغی (العظام) (ئێسك، ئێسکەپەیکەر) لە سورەتی (المؤمنون)دا.

ئەم لەگەڵ یەکداهاتنەوەیە زیاتر بەهۆی ئەو هەماهەنگی و ورد باسکردنەی "خلق" لە ئایەتەکانی هەردوو سورەتی (القیامة) و (الإنفطار)دا دەردەکەوێت. دواتر گۆڕانەکانی ڕووخساری کۆرپەلە باسکراوە لە سورەتی (الإنفطار)دا و پەرەسەندنی تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکان لە سورەتی (القیامة)دا باسکراوە. هەردوو کردەکانیش هاوکاتن و گونجانیان هەیە لەگەڵ دەستپێکردنی ڕووداوەکانی نیمچەقۆناغی (لحم)، هەروەك لە سورەتی (المؤمنون)دا باسکراوە بە درێژایی قۆناغی نەشئە بەردەوامیش دەبن، بۆیە شیکردنەوەی



وێنەی کۆرپەلەیەك لە قۆناغی ئێسك (العظام) لە هەفتەی حەوتەمدا، هەموو کۆئەندامەکانی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی سەرەتایی هەیە و کۆرپەلە بەهۆی پێکهاتنی ئێسکە پەیکەرەوە لە قۆناغی ڕێککردنەوەدایە.

ڕووداوەکان لە هەرسێ سورەتەکەدا ئەوە دەردەخات کە کرداری ڕاستکردنەوەکە هاوکاتە لەگەڵ نیمچەقۆناغی (العظام). لە یەکچوونی زنجیرەی ڕووداوەکان ئەوەشمان بۆدەردەخات کە سورەتی (الإنفطار) بە موزغە دەستی پێکردووە لە ڕێگەی بەکارهێنانی فرمانی (خلق)، کە ئەم فرمانە تایبەتمەندییەکی قۆناغی موزغەیە، هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە.

لەمەش زیاتر زاراوەی موزغە وەك (مخلقة وغیر مخلقة) دروستکراو و دروستنەکراو وەسفکراوە و پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ ﴿٥﴾ ﴾الحج، بۆیە پرۆسەی دەستپێکردن و دروستبوونی ئەندامە جیاوازەکان تایبەتمەندییەکی دیاری ئەم قۆناغەیە.

## 4- ئێسکە پەیکەر (العظام):

هەروەك لەسەرەوە ڕوونکراوەتەوە، سەرەتای دەستپێکردنی نیمچەقۆناغی (العظام) (ئێسك، ئێسکەپەیکەر) هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی کردەی ڕێککردنەوە و ڕاستکردنەوە. جگە لەوەش، سورەتی (الإنفطار) ئەوەمان پێ دەڵێت کە لەماوەی کردەی ڕێککردنەوەدا تەعدیل ڕوونادات، چونکە تەعدیل بە جیا و دوای کردەی ڕێککردنەوە باسکراوە. گۆڕانکاریش لە ڕێگەی دروستکردنی شێوەی مرۆڤەوە ڕوودەدات، کە ئەمەیان پێش دروستبوونی ماسولکە ڕوونادات، بۆیە دەتوانین بڵێین کە کردەی تەعدیل لە شێوەی کۆرپەلەدا هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی نیمچەقۆناغی (لحم) (داپۆشین بە ماسولکە)دا دەست پێ دەکات، کە ئەمەش دوای نیمچەقۆناغی (العظام) دەست پێ دەکات و هاوکاتە لەگەڵ کردەی ڕێککردنەوە (تسویة). ئەم دەرئەنجامەشمان لە لایەکەوە لە ڕێگەی شێوازی ڕێکخستنی کردارەکان لە سورەتی (المؤمنون)دا و لەلایەکی تریشەوە لە هەردوو سورەتی (القیامة) و (الإنفطار)دا بۆ ڕوون دەبێتەوە. قورئان لە نموونەی یەکەمدا ناوێکی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی زاراوەی (العظام) تا ئەوە دەرخات کە گۆڕانکاری ڕوودەدات و فرمانی (سوی)ی لە دوو سورەتەکەی تر بەکارهێناوە بۆ ئەوەی وەسفی کردەیەك یان ڕووداوێك بکات.

بەم پێیەش فرمانی (سوی) ئەم سێ مانایانەی هەیە:

أ- ڕاستکردن و ڕێککردنی کۆرپەلە.

ب- ئامادەکردنی ئەندامەکان بە شێوازێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی فرمانەکانیان.

ج- ڕێککردن و تەختکردنی ڕووکەشی کۆرپەلەکە.

لەم ماوەیەدا کۆرپەلەکە زیاتر ڕاست دەبێتەوە دوای ئەوەی کە پێشتر چەماوە بوو (شێوەی "C" بوو)، ئەندامە جیاوازەکانی دەچنە شوێنی گونجاوی خۆیان و ڕووی کۆرپەلە زیاتر ساف دەبێت، لە کاتێکدا پێشتر لە قۆناغی موزغەدا نارێك و ناساف بوو.

## 5- داپۆشینی ئێسکەکان بە ماسولکە ( الكساء باللحم):

بە پێی باسەکانی سەرەوە، سەرەتای دەستپێکردنی نیمچەقۆناغی ماسولکە (لحم) هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی تەعدیل لە سورەتی (الإنفطار)دا. ئەو کردەیەش لەگەڵ ئەو ئایەتەی سورەتی (القیامة) یەك دەگرێتەوە کە دەفەرموێت:

﴿ فَجَعَلَ مِنۡهُ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ ﴾ القیامة. واتە: "ئێمە نێر و مێمان لەمەوە بەرهەمهێناوە"، چونکە قۆناغی ڕاستکردنەوەی کۆرپەلەکە پێشی دەکەوێت.

بۆیە جیابونەوەی ڕەگەزی نێر و مێ هاوکاتە لەگەڵ نیمچەقۆناغی (لحم) دا لە سورەتی (المؤمنون). لە ڕاستیدا ئەمەش هیچ گومانێکی تێدا نیە و لەگەڵ زانستدا دێتەوە و یەك دەگرێتەوە. لەم نیمچەقۆناغەشدا ئەندامی زاوزێ تایبەتمەندیتی هێلکەدان یان گون وەردەگرێت.




لەپەکان یان گۆپکەکان (Somites) لە قۆناغی گۆشت (لحم) لە 51 ڕۆژیدا کۆئەندامی ماسولکەی لێوە دروست دەبێت[4].

## 6- نەشئە (النشأة):

لە سورەتی (المؤمنون)دا ئامرازی پەیوەندی (ثم) لە نێوان (لحم) و نەشئەدا بەکارهات. بەڵام لە سورەتی (القیامة) و (الإنفطار)دا قۆناغی شەشەم بە هیچ شێوەیەك باس نەکراوە (سەیری خشتەی1 بکە). ئەم شێوازە لە ڕێکخستنی وشەکاندا ئەوە دەگەیەنێت کە جیابونەوەی ڕەگەزی نێر و مێ بەردەوامە، ئەوەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لە زانستدا. ئەندامە دەرەکییەکانی زاوزێ دەست دەکەن بە گەشەکردن لە نێوان هەفتەی (11 بۆ 12)[5].

بە هەمان شێوە تەعدیل لە ئەندامەکاندا و وەرگرتنی شێوەی مرۆڤ لەلایەن کۆرپەلەوە تا دوا قۆناغەکانی سکپڕی بەردەوام دەبێت.

4- Permission from Moore, K.L . The Developing Human , Clinically Oriented Embryology 4th ed., Philadelphia, Saunders 1988
5- Arey, L.B. 1974, Developmental Anatomy, Table; p, 107. Ref. 1, p9



وێنەی ڕوونکردنەوەیی[6]: ئەو گۆڕانە ڕوون دەکاتەوە کە لە ڕێژەی لاشەدا لە ماوەی قۆناغی نەشئەدا لە هەفتەی 9 بۆ 38 ڕوودەدات. چێوەی سەر هاوتای چێوەی سکە، لەدوای ئەوە چێوەی سك گەورەتر دەبێت. زاراوەی قورئان کە ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گۆڕانی ڕێژەیی بەشەکانی لەش بریتی یە لە تەعدیل.

لەبەرئەوەی ئەم ڕووداوانە ماوەیەکی زۆری گەشەکردنیان پێویستە تا تەواوبن، بۆیە ئەوانە لە کۆتاییەکانی سورەتی (القیامة) و (الإنفطار)دا باسیان لێوەکراوە. لە سورەتی (المؤمنون)دا دوو دەستەواژەی جیاواز بەکارهێنراون: الكساء باللحم (داپۆشینی ئێسکەکان بە ماسولکە) و النشأه خلقا آخر (وەرگرتنی شێوازی تایبەتی مرۆڤ). هەردوو کردەکان لەگەڵ دوا کردەکانی دوو سورەتەکەی تر ڕوودەدەن، ئەمەش دەریدەخات کە ئەم کردانەی گەشەکردن هاوکات لەگەڵ ئەوانەی کە لە سورەتی (المؤمنون)دا باسیان لێوە کراوە ڕوودەدەن.

## پوختەی شیکردنەوەی خشتەی ئایەتەکان:

دەتوانین ئەم پوختەیەی خوارەوە بنووسین بە پێی ئەو ئایەتانەی کە باسی گەشەی مرۆڤ دەکەن، کە لە (خشتەی 1)دا باسکراون:

أ- باسی تەواوی هەر قۆناغێکی گەشەکردن بە پێی شێوەی دەرەوە و ئەو ڕووداوانەشی کە تیایاندا ڕوودەدات کراوە، ئەم سەرئەنجامەشمان لەمەوە بۆ دەردەکەوێت کە خوای گەورە ناوەکانی وەك کۆمەڵێك زاراوەی تایبەت بەکارهێناوە کە هەم وەسفی شێوەی دەرەوە، هەم وەسفی گەشەکردنی ناوەوەی کۆرپەلەکەش دەکەن، هەروەك لە ئایەتەکانی سورەتی (المؤمنون)دا دەیبینین. لە بارودۆخەکانی تریشدا، فرمان بەکارهێنراوە و وەسفی ڕووداوەکان دەکەن، هەروەك لە سورەتەکانی (الإنفطار) و (القیامة)دا دەیبینین.

ب- سازانێکی تەواو بەدیدەکرێت لە نێوان ئایەتەکانی هەرسێ سورەتەکەدا سەبارەت بە باسکردنی شێوازی گەشەی مرۆڤ.

ج- ئامرازە پەیوەندییەکانی (ثم) و (فـ) خێرایی گۆڕان لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر و خایاندنی کاتی زۆر یان کەم دەردەخەن، هەروەك پێکەوە گونجانی زنجیرەی ڕووداوەکان لە نێوان سورەتەکاندا دەردەخەن و کاتی گەشەکردنەکانیش ڕوون دەکەنەوە، وەك پێشتر باسکرا.

6- Keith Moore and T.V.N. Persaud, The Developing Human, 1998, Figure 6-3

## گرنگی زاراوە قورئانییەکان

چواردە سەدە لەمەوبەر قورئان و سوننەت باسی ئەوەیان کردووە کە گەشەی مرۆڤ لە سکی دایکدا بە چەند قۆناغێك ڕوودەدات. ئەم ڕاستییەش ئەو کاتە لەلایەن زانا ناموسڵمانەکانەوە تا ناوەڕاستی سەدەی 19هەم نەدۆزرابووەوە. سەرەڕای ئەمەش تا کاتی دۆزینەوەی مایکرۆسکۆپ، لە سەدەی 17هەمدا، زۆر لە زاناکان هەمان بیروباوەڕی یۆنانییەکانیان هەبوو کە دەیوت کۆرپەلە لە خوێنی سوڕی مانگانەوە گەشە دەکات. لە سەدەی 13هەمدا زانای بەناوبانگی موسڵمان (ئیبن حەجەر)[7] ئەم بیروبۆچوونەی ڕەتکردەوە و ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی کرد بە بەڵگە، هەرچەندە هیچ ئامێرێکی زانستیشی لا نەبوو تا بەشێوەیەکی زانستییانە بیسەلمێنێ، وتەکانیشی بەتەواوی ئەوەیان دەگەیاند کە مرۆڤ لە بەرهەمی ئاوی پیاو و ئافرەتەوە دروست دەبێت.

دوای داهێنانی مایکرۆسکۆپ و دواتریش دۆزینەوەی تۆو (سپێرم)، زاناکان باوەڕیان وابوو کە هەر تۆوێك پێکهاتووە لە مرۆڤێکی تەواو دروستکراوی بچوککراوە[9,8]. ئەم بیروباوەڕەش بە تەواوی ڕۆڵی بۆماوەیی و فیزیایی ئافرەتی لە دروستبوونی کۆرپەلە سڕییەوە. دواتر لە سەدەی 18یەمدا هێلکە دۆزرایەوە و زانایان بیروباوەڕێکی تریان لا دروستبوو و وتیان مرۆڤێکی تەواو دروستکراوی بچوککراوە لەناو هێلکەدا هەیە، بەمەش هەڵەیەکی تر ئەنجامدرا و ڕۆڵی پیاو لە دروستبوونی کۆرپەلە لادرا. ئەم بیردۆزە هەڵانەش بەهۆی بیروباوەڕێکی نادروستەوە بوو کە ئەوەبوو دەبێ مرۆڤێکی کامڵ و تەواو دروستکراو لە سەرەتای سکپڕییەوە بوونی هەبێت.

هەتا لە ماوەی ئەم دوو سەدەی ڕابردوودا دۆزرایەوە گەشەی مرۆڤ بە چەند قۆناغێك ڕوودەدات. بەڵام زاناکان تووشی کێشەی تر بوونەوە لە هەڵبژاردنی زاراوەی دروست بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێك سەرەتا ژمارە بەکارهێنرا، بەڵام ئەوە تەنها ڕیزبەندی قۆناغەکانی دەردەخست بە بێ باسکردنی هیچ تایبەتمەندییەك، بەڵام قورئان زاراوەی گونجاو و "دیار و جیاکەرەوە"ی بەکارهێناوە، کە هەر گۆڕانکارییەکی گەورە یان هەرقۆناغێك ناوێکی پێدراوە و بە شێوەیەکی گشتگیر باسی گەشە دەرەکی و ناوەکییەکانی کۆرپەلە دەکات (خشتەی2-10). سوودێکی تری زاراوەکانی ئیسلام ئەوەیە کە خەڵکی هەر باکگراوندێکیان هەبێت دەتوانن بە ئاسانی لەم زاراوانە تێبگەن.

لەمەش زیاتر منداڵدان لە قورئاندا وەك "ئارامگەیەکی لەبار و پارێزراو" وەسفکراوە (سورەتی المؤمنون ئایەتی 13). بە

7- فتح الباري بەرگی 11 لا 491-477، ط. دار المعرفة، بیروت .

8- persaud. t.v.n early history of anatomy 1984, charles thomas springfield illinois p.72

9- Moore, K.L. and Zindani A.A, The Developing Human, with Islamic Addition p.9

پێی زانستی سەردەم، ئەم وەسفەی قورئان بۆ منداڵدان گرنگترین تایبەتمەندی و فرمانەکانی منداڵدان دەگرێتەخۆی، بەشێوەیەك "ئارامگەیەکی لەبار" پەیوەندی منداڵدان بە کۆرپەوە دەردەخات و "شوێنێکی پارێزراو"یش پەیوەندی منداڵدانە لەگەڵ لەشی ئافرەتەکە خۆی.

زاراوەکانی نوتفە و عەلەقە و موزغە لە قورئاندا ئەوکاتانەی کۆرپەلە دەگرێتەوە کە یەکجار بچووکە، تیرەی نوتفە کە تەنها بە مایکرۆسکۆپ دەبینرێ (0.1 ملم) دەبێت.[10] عەلەقە (0.7 تا 3 ملم) دەبێت و موزغە (3.2 تا 13 ملم) دەبێت لە درێژیدا[11].

بەهۆی بچوکی قەبارەکەیانەوە، زاناکان نەیانتوانی لەسەر ئەم قۆناغانە تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەم زانیاری تەواو بە دەستبێنن.

ئایەتەکانی قورئان زنجیرەی ڕووداوەکان و کاتی ڕێژەیی نێوان قۆناغەکانیشی باس کردووە. سەرەڕای ئەمانەش، هەر قۆناغێك دابەش کراوە بەسەر زنجیرەیەك کردەی گەشەکردن بەم شێوەیە وەسفێکی تەواو لە نێوان سەرەتای ماوەی کۆرپەلەییەوە تا کۆتایی ماوەی کۆرپە بەدی دەکرێت (خشتەی 2).

سێ قۆناغە سەرەکییەکە ئامرازی پەیوەندی (ثم)یان لە نێواندا بەکارهێنراوە، بەڵام نیمچەقۆناغەکان یان ڕووداوەکانی نێوان قۆناغێك کە دەستبەجێ بە دوای یەکدا دێن ئامرازی پەیوەندی (فـ)یان بۆ بەکارهێنراوە. ئەم دەربڕینانەش بە تەواوی لەگەڵ زانستی سەردەمدا دەگونجێن، بۆیە وردی و لە خۆگرتنی وەسفێکی زۆر لە زاراوە قورئانییەکاندا ئەوە دەردەخەن کە قورئانی پیرۆز لەلایەن خوایەکی زانا و شارەزا بە هەموو نهێنییەکان دابەزێنراوە.

**خشتەی 2 زاراوە قورئانییەکان بۆ گەشەی مرۆڤ، لەگەڵ تەمەن و درێژی هەر قۆناغێك.**

| زاراوەکان | تەمەن (ڕۆژ) | درێژی (ملم) |
|---|---|---|
| 1- قۆناغی نطفة (دڵۆپێك) | 14-0 | 0.68-0.055 |
| الماء الدافق (سپێرم و هێلکە) | 0 | 0.13 & 0.055 |
| سلالة (هەڵبژاردن بۆ پێتاندن) | 1 | 0.13 & 0.055 |
| نطفة أمشاج (زایگۆت) | 5-1 | 0.13 |
| خلق (بەدیهێنان) | 1 | 0.13 |
| تقدير (بەرنامەڕێژکردن) | 1 | 0.13 |
| حرث (کێڵان و چاندن) | 14-6 | 0.68-0.1 |
| 2- قۆناغی تەخلیق (بەدیهێنان) | 56-15 | 31.0 - 0.7 |
| علقة (پێکهاتەی شێوە زەروو) | 25 - 15 | 3 - 0.7 |
| مضغة (ماددەیەکی شێوە جوراو) | 42-26 | 13-3.2 |
| عظام (ئێسکەپەیکەر) | 49-43 | 20-14 |
| لحم (ماسولکە) | 56-50 | 31-22 |
| **پرۆسەکانی قۆناغی تەخلیق** | | |
| تصوير آدمي (شێوەی مرۆڤ) | 49-40 | 20-12 |
| تسوية (ڕێککردنەوە) | 56-43 | 32-14 |
| تذكير وتأنيث (ئەندامی زاوزێ) | 56-50 | 32-22 |
| **3- قۆناغی نشأة (گەشەکردن: کۆرپە)** | **266-57** | **500-33** |
| نشأة خلقا آخر (گەشەی ئەندامەکان) | 175-57 | 262-33 |
| حضانة الرحمية (منداڵدان) | 266-176 | 500-262 |
| تيسير السبيل (منداڵبوون) | 266 | 500 |
| **پرۆسەکانی قۆناغی نشأة** | | |
| تعديل (گۆڕین) | 266-57 | 500-33 |
| تذكير وتأنيث ئەندامی زاوزێی دەرەکی) | 77-60 | 78-35 |
| التصوير الفردي (وێنەی کەسیی تایبەت) | 266-64 | 500-58 |
| **هەنگاوەکانی دیاریکردنی ڕەگەز** | | |
| لە نیمچەقۆناغی نطفة دا: تقدير (بەرنامەڕێژکردن) | 1 | 0.13 |
| لە نیمچەقۆناغی لحم دا: ڕژێنەکانی زاوزێ | 56-50 | 32-22 |
| لە قۆناغی نشأة دا ئەندامی دەرەکیی زاوزێ | 77-60 | 78-35 |

**سەرچاوە:**

Human Development as Described in the Qur'an and Sunnah: Correlation with Modern Embryology (Abdul-Majeed A. Zindani, E Marshall Johnson, Mustafa A. Ahmed, Gerald C Goeringer, Joe Lee Simpson, Keith Moore, T. V. N. Persaud)

10- Moore, K.L. and Zindani A.A, The Developing Human, with Islamic Addition p.41
11- Moore, K.L. and Zindani A.A, The Developing Human, with Islamic Addition p.78 Table 5-1

# زمـــــان
# له ڕووی تامەوە چ نهێنیەكی تێدایە؟!

د. بەهێز محمد صالح محمود bahezmuhammed@haiv.org

لێرەدا باسی توێکاری پێکهاتەی زمان و چۆنیەتی جوڵانی و دروستبوونی ناکەین کە بابەتێکی زۆر وردە و دەرفەتی ئەوە نابێت، بەڵکو لێرەدا مەبەستمانە تیشکێ بخەینە سەر تایبەتمەندی زمان لە ڕووی تامەوە. ئایا ئەو تامانە هەروا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دانراون؟ یان بە دیزاین و تەرازووەیەکی ڕێکوپێك ڕێکخراون؟ هەروەها بزانین چ نهێنیەك لە کاری تامکردن و زمان هەیە؟

زمان یەکێکە لە ئەندامە هەستیارەکانی مرۆڤ و چێژی هەموو خواردنەکانی پێوە بەندە.

زمان لە چەند گۆپکەیەکی تام پێکهاتووە کە ژمارەیان (دە هەزار تا سەد هەزار) دەبێت، بە هۆی زۆر وردیانەوە نایانبینین. ئەوەی زانست پێی گەیشتووە ئەم گۆپکانە هەموو دوو هەفتە جارێك بۆ ئەوەی تامی تازە و شتی تازە وەرگرن، خۆیان نوێ دەکەنەوە، تا مرۆڤیش بەتەمەنتر بێت کەمتر نوێ دەبنەوە.. لەناو ئەم تامە تازەیەشدا تەنانەت میمۆری هەیە، مرۆڤ کاتێك تامێك دەکات لە مێشکدا خەزن دەبێت بەوەش لەکاتی تامکردنەوەی دوبارەی خواردنەکە و جۆری تامەکەی بیر ناچێت، بەڵکو بەهۆی ئەم میمۆریەوە عەودالی خواردن دەبێت و بۆی دەگەڕێت.

لەگەڵ ئەوەی زمان یەکێکە لەو ئەندامانەی لەگەڵ دەرەوە پەیوەندارە و زوو وشك دەبێتەوە و هەوای بەردەکەوێت، بەڵام ڕووی سەرەوەی بە لینجە ڕژێنێك ڕووپۆشکراوە mucus membrane، کە لینجیەك دەردەدات و نایەڵێت وشك بێتەوە و شەق شەق بێت. هەروەها سوودی تری لینجە ڕژێنەکە وا لە خۆراك دەکات تەڕ بێت و بە ئاسانی لە قورگ بچێتە خوارەوە و لە بۆری سورێنچك نەگیرێت.

کاتێك کە شتێك خرایە سەر زمانی مرۆڤ بەهۆی ئەو خانانەی کە وەرگرە مولولەکان microvilli (رسێپتەر) تامەکە بە (سیگنالێك) بۆ مێشك دەنێرێت و بە خێراییەکی زۆر (بە چاوترووکان و کەمتریش) وەڵامی جۆری تامەکە دەدرێتەوە.

مرۆڤ 12 دەماری هەیە کە لە قەدی مێشکەوە بۆ لاشە دەچێت، زمان سێ لەو دەمارانەی پێوە پەیوەستە و ئیشی لەسەر دەکەن بەمجۆرە:

1- دەماری ژمارە 12 دەیجوڵێنێت.

2- دەماری ژمارە 7 دوو لەسەر سێی هەستی تام دەگوێزێتەوە.

3- دەماری ژمارە 9 سێیەکی هەستی تام دەگوێزێتەوە، لە ڕێی ئەم دەمارانەوە هەستی تام دەگوازرێتەوە بۆ ناوەندی تام لە مێشکدا (gustatory center)[1].




### شوێنەکانی تام لە زماندا:

شوێن (location)ی تامەکانی زمان بەم شێوەیە دابەشکراوە[3,2]:

1- شیرینی (sweet): لە بەشی پێشەوەی زمانە، ئەویش حیکمەتەکەی لەوەدایە هەتا مرۆڤ یەکسەر تامی شیرینی بکات، چونکە شیرینی خۆشی بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەردەوامیی پێدەدات.

2- ترشی (sour): لە تەنیشتەکانی زماندان، ترشیش باڵانسە، چونکە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی میکانیزمی ژمارەی هایدرۆجینی (PH) کە بریتیە لە ترشی و تفتی ناو



1-Book .textbook of clinical Neuroanatomy. Vishram Singh. 6th edition, page 298.

2-http://udel.edu/~lbryant/ART307/project3/project3_2a/taste.html

3-http://www.vivo.colostate.edu/hbooks/pathphys/digestion/pre-gastric/taste.html

خوێن. لەگەڵ ئەوەشدا ترشی زۆر ئەگەر بچێتە سورێنچك و گەدەوە ئەبێتە رووشان و برینی رووپۆشەکەی، بەم شێوەیە تامی ترشی پارێزگاری لە مرۆڤ دەکات[4] ڕێگری دەکات بچێتە خوارەوە.

3- سوێری (salty): لە پشت تامی شرینیەوەیە و لەنێوان ترشیەکاندایە. ئەمەش بۆیە وایە هەتا مرۆڤ کە شتێکی سوێری خوارد لە نیوەیدا بوەستێت. چونکە زۆربونی سوێری (سۆدیۆم کلوراید) NaCl چەندین زیان بە لاشە دەگەیەنێت، بەتایبەتی گورچیلەکان و نەخۆشی بەرزبوونی پەستانی خوێن. بۆیە لە ڕێگەی هەستکردن بەم تامەوە ڕێگری لە چەندەها نەخۆشی دەکرێت.

4- تاڵی (Bitter): لە پشتەوەی زمانە، بە پێی ئەم ڕێکخستنە بێت کە شتێکی تاڵ دەخۆین دەبێ درەنگ هەستی پێبکەین، بەڵام کارەکە بە پێچەوانەوەیە! ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لێرەدا ئەم تامە هەستەوەرترین تامە کە مرۆڤ تامی بکات و بە بەرکوتنێکی کەم کاردەکات (low threshold). واتا ئەگەر خواردنێك بخەیتە سەر زمان هەموو تامەکانی تیابێت ئەوا تامی تاڵی لەگەڵ ئەوەی لە پشتەوەیە، یەکەم تام دەبێتە هەستی پێ بکەیت، ئەمەش حیکمەتی لەوەدایە، زۆربەی ڕووەکەکانی سەر زەوی سەر بە گرووپی (تفتە سروشتیەکان- natural alkaloid)ن، واتا تاڵن و، ئەم تاڵیەش 90% بۆ 95% لە سروشتدا ژەهراوین. ئەمەش بۆ ئەوەیە مرۆڤ زوو هەست بەم مەترسیە بکات و لەمردن پارێزراو بێت و زوو خواردنەکە فڕێبدات. تەنانەت زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم هەستکردن بە تاڵیە پارێزگاری لە مرۆڤ لە ژەهراوی بوون و مردن دەکات.[5]



ئەم ڕووەکە یەکێکە لە تفتە سروشتیەکان پێی دەوترێت

Papaver somniferum

5- تامو چێژ Umami: ئەم تامە هەموو زمان دەگرێتەوە و تاموچێژ لە کاتی خواردندا دەداتە مرۆڤ، بەتایبەتی لەو خواردنانەدا کە پڕن لە پرۆتین L-Glutamate

4- Rabinerson, David, Eran Horovitz, and Yeshayahoo Beloosesky. "The sense of taste." Harefuah 145.8 (2006): 601-5.

5- Jadhav, S. J., Raghubir P. Sharma, and D. K. Salunkhe. "Naturally occurring toxic alkaloids in foods." CRC Critical reviews in toxicology 9.1 (1981): 21-104.

وەك گۆشت و ماسی... گرنگی ئەم تام لەوەدایە مرۆڤ لە کەمی پرۆتین و بەدخۆراکی (Malnutrition) ئەپارێزێت و وای لێدەکات هەمیشە حەز لە خواردن بکات.




شوێنەکانی تام: شیرینی، سوێری، ترشی، تاڵی، تامو چێژ

Examples of some human threshold

نمونەی بەرکەوتنی تام لە مرۆڤدا

| Threshold for tasting (بەرکەوتنی تامەکان) | Substance (ماددەکان) | Taste (تامەکان) |
|---|---|---|
| 0.01 M | NaCl | Salty سوێری |
| 0.0009 M | HCl | Sour ترشی |
| 0.01 M | Sucrose | Sweet شیرینی |
| 0.000008 M | Quinine | Bitter تاڵی |
| 0.0007 M | Glutamate | Umami تاموچێژ |

لەم خشتەیەدا دەبینین (هەستیاری تاڵی) Bitter لە هەموویان زیاترە، واتە زووتر لە تامەکانی دیکە هەستی پێدەکرێت.

کەواتە دێینە سەر ئەوەی کە بڵێین زمان بە دیزاینێك دروستکراوە، لەگەڵ ئەوەی ئاڵۆز و بەیەکداچووە، لەهەمان کاتیشدا لەوپەڕی ڕێکوپێکی و پڕ داناییە و، بە ئاسانی کارەکانی دەڕۆن بەڕێوە. بۆ نموونە تامی تاڵی کە بووەتە پارێزەری مرۆڤ لە ژەهر خواردن، ئەمەش دیارخەری دەسەڵاتی خودای مەزنە کە لە پارچە گۆشتێکدا ئەم هەموو دیزاینە ناوازانەی داناوە کە پڕن لە بەخشش و میهرەبانی و چاودێریی، بە جۆرێك مرۆڤ و هەموو زیندەوەر و ڕووەکەکانی پێکەوە بەستۆتەوە بە پەیوەندن بە یەکەوە. ئەمانەش پێمان دەڵێن ئەو زاتەی زمانی خەلق کردووە هەر ئەو زاتەیە کە ڕووەکان و بوونەوەرانی دیکەی ئەم سەر زەوییەی دروستکردووە.

وفي كل شيء له آية ... تدل على أنه الواحد

هەموو شتێك بەڵگەی تێدایە... لەسەر ئەوەی خوا تەنیایە.



# فسیۆلۆجی نوێژ

## لە ڕێگریکردن لە گوناه و کردەوەی ناشیرین و ناپەسەند

ئا: أحمد حلمی صالح
و: هیوا عبدالرحمن حسن

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱتۡلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۗ وَلَذِكۡرُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَصۡنَعُونَ ٤٥﴾ العنکبوت.

واتە: "ئەو قورئانە بخوێنەرەوە کە بە نیگا بۆت هاتووە و نوێژ بخوێنە، نوێژ ئادەمیزاد لە کاری خراپ و ناپەسەند ئەگرێتەوە، ناوهێنانی خوا لە هەموو شتێ گەورەترە و خوا ئەزانێ ئێوە چی ئەکەن."

لەم بابەتەدا باسی ئەو گۆڕانە فسیۆلۆژییانە دەکەین کە لە ئەنجامی ملکەچی و خشوعی مرۆڤ لە نوێژدا ڕوودەدات، ئەویش لە سەرەتادا بە یەکخستنی چالاکیی مێشکی هەموو نوێژخوێنەکان وەك ئەوەی یەك مێشك بێت دەست پێ دەکات.

لێکۆڵەرەوانی کۆمپانیای (ئینتڵ) لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا لەسەر چالاکی مێشك ئەویش بە وێنەگرتن بە ئامێری لەرینەوەی موگناتیسی بۆیان دەرکەوتووە کە چالاکییەکانی مێشك وەکو یەکە لە جیاتی بیستن یان بینینی شتێکی دیاریکراو، چونکە هەمان چالاکی مێشکییان هەیە لەکاتی بینینی وێنەی ئاوێکی سازگاردا یان بیستنی خورەی ئاو هەمان چالاکی مێشکییان لێ دەردەکەوێت، ئەمە ئەو کارەیە لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا دەیبینین سەرەتا بە ئاگاهاتن لە کاتی بانگدا و وتنەوەی، پاشان بە نییەتهێنان و دەستکردن بە نوێژ بە (اللە أکبر) کردن.

شەپۆلەکانی مێشك لە ژیانی ئادەمیزاددا ئەرکێکی گرنگی زۆری هەیە، هەروەك (هانز بێرگەر) Hans Berger دووپاتی دەکاتەوە کە شەپۆلەکانی مێشك چوار دانەن: (بێتا) Beta، (ئەلفا) Alpha، (ثیتا) Theta و (دەلتا) Delta، هەموویان بۆ مرۆڤ بە سوودن و، هەریەکەیان ئەرکی جیاوازی خۆی هەیە، بەڵام کێشەیەك دروست دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە کاتی نەبوونی یەکێك لەو شەپۆلانەدا نەتوانین شێوەی شەپۆلەکانی مێشك بگۆڕین بۆ ئەو کارەی کە پێویستییەتی، بۆ نموونە بە نەبوونی شەپۆلی (ئەلفا) Alpha، دەکەوینە ناو ڕاڕایی و دوودڵیی و ئەو نەخۆشییانەی پەیوەستن بە زیادبوونی فشار و پەستانەوە، هەروەها ئەم ڕاڕایی و دوودڵیی و فشار و پەستانە دەبێتە هۆی لاوازبوونی سیستمی بەرگریمان، کەواتە زیادبوون و بەهێزبوونی سیستمی بەرگریمان بە زۆربوونی شەپۆلی (ئەلفا)وە دەبێت، هەروەها ئەمەش دەبێتە هۆی نەمان و کەمبوونەوەی ڕاڕایی (القلق).

بەهۆی زیادبوونی ئەم شەپۆلانە لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە گۆڕانکاری لە ئاستی شەپۆلەکانی مێشکدا ڕووبدات، هەروەك (ویزلی) Wesley لە ساڵی (2009 ز)دا ئاماژەی پێ کردووە کە:"بە دڵنیاییەوە نوێژکردن لە ئاسانترین ڕێگاکانە بۆ چوونە ناو حاڵەتی (ئەلفا و ثیتا)، نوێژکردن و بیرکردنەوە لە گرنگترین ڕێگاکانن بۆ بەهێزکردنی تەندروستی و چارەسەری نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکان". هەروەها (کیث) Keith لە ساڵی (1985ز) ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە نوێژ و بیرکردنەوە کاریگەرییان هەیە لە بزواندنی شەپۆلەکانی (ئەلفا و ثیتا) کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێژەی هەناسەدان کە وا دەکات هەناسەکان قووڵتر بن، لێدانی دڵ کەم دەکاتەوە، ماسوولکەکان خاودەبنەوە و پشوو دەدەن و چاوەکان تەرکیزیان زیاد دەکات، هەروەها (علاء علیوة) (1999ز) هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆچوون لە بیرکردنەوەدا دەبێتە هۆی دابەزینی ڕێژەی بەکارهێنانی ئۆکسجین بەڕێژەی 10-20% و هەروەها کەمبوونەوەی تێکرای لێدانەکانی دڵ.

(دۆرۆن) Doron ئاماژەی بەوە کردووە کە شەپۆلی (ئەلفا) Alpha Wave لە کاتی نوێژکردندا دەبێتە هۆی دروستبوونی پشوودان و حەوانەوە، ئەمەش باشترین حاڵەتە لە ئەنجامدانی نوێژە، هەروەك شەپۆلی (ثیتا) Wave Theta لە کاتی نوێژدا

زیاتر ڕۆچوون و قووڵبوونەوەی زیاتر پێ دەبەخشێت، هەروەها داهێنان و توانای فێربوونت زیاد دەکات.

(داڤید) David لە (2009ز)دا دووپاتیکردووەتەوە کە لە کاتی نوێژدا تەرکیزی ناوەکی و تێرامانت زیاد دەکات.

(تۆبایۆس) Tobias لە (2004ز) ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە زیادبوونی شەپۆلەکانی (ئەلفا و ثیتا) لە ئەنجامی ڕاهێنانی دەرکییەوە لەگەڵ زیادبوونی چالاکی شەپۆلی (ثیتا) لە ڕێی 10 دانیشتنەوە، هەروەك (جۆن پوتمان) john Putman لە (2000 ز) گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ڕاهێنانکردن بە چاوی کراوەوە چالاکی شەپۆلی ئەلفا زیاد دەکات. (وۆڵف گانگ) Wolfgang لە (1999 ز) ئاماژەی کردووە بە بوونی پەیوەندی لەرینەوەی شەپۆلەکانی (ئەلفا و ثیتا) کە پێچەوانەیە لەگەڵ پەی پێبردن و بیروهۆشدا، هەر گۆڕانێك لە چالاکی مێشکدا پەیوەستە بە ڕوودانی گۆڕانکاری لە وێنەی کارەبایی Electromyographi (EMG) و گۆڕانکاری لە پلەی گەرمی پێستدا.

(تەبەری): دەڵێت فەرمایشتی خوای گەورە: ﴿ أَقِمِ الصَّلَوٰةَ ﴾ ئاراستەی پێغەمبەر ﷺ و ئوممەتەکەی کراوە، هەستان بە نوێژکردن بەوە دەبێت کە لە کاتی خۆیدا ئەنجامی بدەیت و بە خوێندنی قورئان و چەمینەوە و کڕنووشبردن و دانیشتن لە نێوان کڕنووشەکان و خوێندنی تەحیات و ئەنجامدانی هەموو مەرجەکانی.

گرنگی ئەنجامدانی نوێژ و دووبارەکردنەوەی نوێژ لە چەند کاتێکی دیاریکراودا لە سیستەمی ئیسلامیدا: دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامیی پارێزگاریکردن لەسەر نەرمونیانی و هاوسەنگراگرتنی شەپۆلەکانی مێشك، کە بە درێژایی ڕۆژ بە هەمان ڕێژەی داواکراو بەردەوام نابێت لەسەر ئەنجامدانی ئەرکەکەی. کە لە ئەنجامدانی نوێژدا بە دەست دێت کە دەبێت ئەنجام بدرێت، (هانز بێرگەر) Hans Berger دووپاتی کردووەتەوە کە شەپۆلی (ئەلفا) Alpha دەردەکەوێت و ون دەبێتەوە، کە ئەم دیاردەیە بەردەوام ئاڵوگۆڕ دەکات، وەکو نموونە شەپۆلی (ئەلفا) لە کاتێکدا کە لە خەوێکی قووڵدایت ون دەبێت و لەو کاتەدا نییە، هەروەها لە کاتێکدا کەسێك تووشی حاڵەتی ترس و تووڕەیی دەبێت لەو کاتەشدا شەپۆلی (ئەلفا) نامێنێت.

جیبەجێکردنی ئەو شێوازی وتنەی کە لە نوێژدایە لەگەڵ شێوازی ئەنجامدانەکەی دەبێتە هۆی زیادبوونی توانا و لێهاتوویی لە کارکردنی ئەم شەپۆلانەدا، هەروەك دەرکەوتووە کە قورئانخوێندن لە نوێژدا کاریگەری هەیە و دەبێتە هۆی ڕێکخستنی کاری هەناسەدان، لەبەرئەوەی هەناسەدانی قووڵ دەبێتە هۆی دابەزینی ئەو شەپۆلانەی کە لە بەشی ئاناگایی ناو مێشك دەدەن، هەروەها (نیوبێرگ) newbeeg ئاماژە بەوە دەکات کە وتنی ئەو وشانەی کە لە ناو نوێژدا دەوترێت دەبێتە هۆی بەکارهێنانی هەندێ شوێنی تر لە مێشك لەگەڵ بە ئاگاهاتنی ئەو بەشەی مێشك کە تایبەتە بە کرداری بە ئاگاهاتن. هەروەها نوێژ بە چالاککەرێکی گرنگ و بەهێزکردنی جەستە دادەنرێت، لە ڕێی بەستنەوەی جۆری شەپۆلەکانی مێشك بەو حاڵەت و شێوازەی کە جەستەی تێدایە، ئەمەش (هانز بێرگەر) Hans Berger دووپاتی کردووەتەوە کە زیادبوونی چالاکی شەپۆلی (ئەلفا) دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکی جەستە، هەروەك ئەوەی (سمیعة خلیل) لە (2007ز) دەڵێت: شەپۆلی (ئەلفا)ی مێشك زیاددەبێت لە پێش کاتی گەیشتن بە ترۆپکی (لوتکەی) ئەنجامدانی ڕاهێنانی جەستەیی (زۆربەی جار ئەمە لە بەشی چەپی مێشکدا دەبێت). کە ئەمە لەسەر یاریزانی تۆپی باسکەدا دەردەکەوێت کە: شەپۆلی (ئەلفا) دەست بە زیادبوون دەکات پێش کاتی ئەوەی کە تۆپەکە بە باشترین هەڵدان هەڵبدات، بەڵام بۆ یاریزانی (گۆڵف) زیادبوون لەو شەپۆلانەدا لە بەشی چەپی مێشکدا تۆمارکراوە لە کاتێکدا کە بە باشترین شێواز دەکێشێت بە تۆپی یارییەکەدا.

نوێژکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ تەندروستی جەستە و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتیش، ئەمەش Murray مۆرەی (2008 ز) ئاماژەی کردووە بەوەی کە بەشداریکردن لە نوێژ و ئەنجامدانی پەرستشە ئاینییەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵخۆشی و شادمانی و تەندروستبوون و کەمبوونەوەی فشارە دەروونییەکان. هەروەك نوێژ ڕۆڵی هەیە لە کەمبوونەوە و نەمانی فشارە دەروونییەکان و سەلامەتی و تەندرووستی دەروونی هەیە بۆ ئەوانەی پارێزگاری لە نوێژەکانیان دەکەن.

(ج. ئیرین) J. Irene لە (2010ز)دا ئاماژە دەکات بەوەی کە نوێژ ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە باشبوونەوەی پێکانەکان، هەروەها نوێژ بە ملکەچییەوە دەبەستێتەوە بە زیادبوونی ئاستی چاکبوونەوە و شیفاوە، هەروەك دەبێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەردانی کردنی نەخۆش.

Uri Wernik (یوری ویرنیك) (2009ز) ئەوە دووپات دەکاتەوە کە گرنگییەکی گەورە و مەزن لە نوێژدا هەیە کە سوود و چارەسەرە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان نەخۆش و چارەسەرکەرەکەی. (ڤیڤیان) ViVienne یش لە (2005ز) ئامۆژگاری دەکات کە هەستین بەوەی منداڵان فێری نوێژکردن بکەین؛ لەبەرئەوەی لەسەر شێوەیەکی دروست و بە پاکی و بە سەلامەتی لەلایەنی ڕۆحییەوە گەشە بکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هەست و لایەنە ڕۆحییە پاکە لە منداڵان ڕەنگ بداتەوە تێیاندا.

هەروەها تاکو نوێژ ببێتە بەربەست بو ڕێگەگرتن لە خراپە و تاوان؛ ئەویش بەوەی کە ببێتە هۆی ئارامییەکی دەروونی و تەندروستی بۆ موسڵمان، ئەگەر بە خشوع و ملکەچییەوە ئەنجامی دا. بۆ ئەوەی نوێژ ببێتە هۆی حەوانەوە و پشوو و ئارامیی بەخش و دوورکەوتنەوە لە ڕاڕایی و دوودڵیی و نارەحەتی. نوێژ یەکێکە لە سەرەکیترین ڕێگەکان بۆ کەمبوون و نەمانی فشار و بەدیهێنانی ئارامیی و پشوودان، لەم بارەیەوە (کلاجنەر) Klajner (1984ز) و کەسانی دیکەش ئاماژە بە هەمان کاریگەریی دەکەن بە بەکارهێنانی

ڕاهێنانی تێرامان و وردبوونەوە.

(کلاجنەر) و کەسانی دیکەش هۆکاری بەکارهێنانی ئەم ڕێکارانە کە هۆکارن بۆ پشوودان و ئارامبوونەوە بۆ دوو هۆکاری گرنگ دەگێڕنەوە:

یەکەم: ڕاڕایی و فشارەکان هۆکارن، یان دەبنە هۆی زیادبوونی هۆگریی و ئالوودەبوون.

دووەم: ڕاهێنانەکانی پشوودان و خاوبوونەوە بەهۆی کەمبوونەوە و نەمانی ڕاڕایی و دوودڵیی و زیادبوونی هەستکردن بە ئارامیی دەروونی و زاڵبوون بەسەر هیلاکی و ماندووبووندا.

دەرەنجامەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ڕاهێنانەکان بۆ بەهێزکردنی شەپۆلی (ئەلفا) دەبێتە هۆی کەمبوون و نەمانی ڕاڕایی بۆ کەسی تووشبوو پێی، کاریگەریشی دەرکەوتووە لەسەر چارەسەری بۆ ماوەیەکی دوورمەودا لەسەر ئاستەکانی ڕاڕایی و قەلەقی، ئەمەش بە دەست دێت بە ئەنجامدانی نوێژێکی ملکەچیی و خشوع تێیدا، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی شەپۆلەکانی (ئەلفا).

(سمیعة خلیل) (2007ز) ئاماژەی بەوە کردووە کە بەراهێنانت دەتوانیت بەهۆی شەپۆلی (ئەلفا)وە زاڵبیت بەسەر پەرچەکردارت بۆ کردارە توندەکان، هەروەها ڕاهێنان بە مێشك بکەیت بۆ زاڵبوون بەسەر بەرهەمهێنانی شەپۆلەکانی مێشکدا، هەروەها بە ڕێنماییکردن لە ڕێی ڕاهێنانی مێشك لە دۆزینەوەی هۆکارەکانی هیلاکی و ماندووبوون و ڕێژەی ئەو بیرۆکە و هەڵسووکەوتەی ئەنجامی دەدەیت.

**بەهۆی دروستبوونی شەپۆلەکانی مێشکی لە نوێژدا، ئەمە دەبێتە هۆی خۆپاراستن لە کەشوهەوای گوناهو تاوان،** لەمەشدا (پاسینی) Passini و کەسانی دیکەش لە (1977ز) ئاماژەی بەوە کردووە بۆ بەکارهێنانی شەپۆلی (ئەلفا) بۆ چارەسەری ئەو کەسانەی کە بە خواردنەوە کحولییەکانەوە ئالوودەبوون، هەروەك (پۆلۆك) Pollock و (ڤۆلاڤکا) Volavka و کەسانی دیکەش لە (1983ز)دا دابەزینی ئاست و کەمیی لە ڕیتمی شەپۆلی (ئەلفا)یان لە کەسانی ئالوودەبووی خواردنەوە کحولییەکاندا تۆمارکردووە.

هەردوو (جۆنز و هۆڵمز) Jones & Holmes یش لە (1976ز) ئەوەیان بۆ دەرکەوت کەسانی ئالوودەبووی خواردنەوە کحولییەکان بە پێی توانای خۆیان دەتوانن وازبهێنن لە تێکرای هۆگریی مەی؛ ئەگەر فێرکران کە چۆن بەرهەمهێنانی شەپۆلی (ئەلفا) زیاد بکەن، ئەوەش ئەوەیە کە ئێمە دەیبینین و لەکاتی بەردەوامبوون لەسەر نوێژەکان و ئەنجامدانی لەکاتی خۆیدا بەدییدێت.

بەهۆی زانینی کاریگەریی بەرهەمهێنانی شەپۆلەکانی (ئەلفا و ثیتا) لەسەر ئالوودەبوونی خواردنەوەی کحولی، هەردوو (پینستۆن و کالکۆسکی) Kulkosky/Peniston لە (1989ز) هەستان بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەك لەسەر سیستمی فیدباکی دەماری Neurofeedback بۆ شەپۆلەکانی (ئەلفا و ثیتا) لەسەر چەند کەسێکی هۆگر و ئالوودەبووی خواردنەوە کحولییەکان، ئەم تاقیکردنەوەیە سێ کۆمەڵەی لەخۆگرت؛ کە کۆمەڵەی یەکەم لەوانەبوون کە هۆگر و ئالوودەبوون و خواردنەوە کحولییەکانیان دەخواردەوە، ئەمانە بە ڕێگەکەی (پینستۆن و کالکۆسکی) چارەسەریان وەردەگرت بەفیدباکی دەماریی بۆ شەپۆلەکای مێشك Brainwave neuron(PKBWNT) feedback therapy، کۆمەڵەی دووەم بە ڕێگەی چارەسەری دەروونی باو چارەسەرکران. کۆمەڵەی سێیەمیش ئەو کەسانەبوون کە هۆگری خواردنەوەی کحولییەکان نەبووبوون.

پاشان بۆ هەریەکێك لە کۆمەڵەکان، لە هەربارێکدا ڕاپۆرتی پزیشکیی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دەروونی وەردەگیرا بۆ پێش و دوای چارەسەرکردنەکە، هەروەك تاقیکردنەوەیان دەکرد بۆ تایبەتمەندییەکانی هێڵکاری کارەبایی مێشك EEG و چالاکی بەرگری بۆ ئاستەکانی (بیتا ئەندرۆفین) کە بە خوێن دەگات، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەرکەوت کە بۆ کۆمەڵەی یەکەم کە لە ژێر چاودێریی (پینستۆن و کالکۆسکی)دا بوون لە هێڵکاری کارەبایی مێشکدا ڕێژەی سەدی بۆ شەپۆلەکانی (ئەلفا و ثیتا) زیادی کردبوو، دوای چارەسەرکردن باشتربووبوون بە بەراوردی پێش وەرگرتنی چارەسەر، لە کاتێکدا لەو کەسانەی کە هۆگری خواردنەوەی کحولییەکان نەبووبوون هاوشێوەی ئەم زیادبوونە نەبینرابوو.

هەروەها بە زیادبوونی شەپۆلی (ثیتا) ئەگەر هەیە بەشێوەیەکی ڕوونتر ببینن (ڕاهێنانی وێناکردن بەشێکە لە پرۆگرامی ڕاهێنانەکە کە لە دوای هەموو یەکەیەکی ڕاهێنان تاوتوێ دەکرێت) و دەبێتە هۆی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون، هەروەها ئەوە بەدییکراوە کە ڕاهێنانی شەپۆلی (ئەلفا) بۆی هەیە ببێتە هۆی بەهێزکردنی حاڵەتی پشوودان، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردنێکی باشتر و کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر ئەو فشار و پەستانەی کە دروست دەبێت، کە ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو فشارەی کە بەهۆی ئالوودەبوونی خواردنەوەوە دروست دەبێت، یان ئەو پەستانەی دەبێتە هۆی زیادبوونی ئارەزوو لە کات و ساتی چارەسەرکردندا. هەروەها کۆمەڵێك تاقیکردنەوە دەریانخستووە کە کەمبوونەوەیەکی زۆر لە خەمۆکی و گۆشەگیریدا و بەهێزکردنی توانای وازهێنان لە خواردنەوەی ماددەی کحولی بەشێوەیەکی دیار لە کۆمەڵەی چارەسەری دەروونی باو بە ڕێژەی 2:10 ڕوودەدات و، لە چارەسەری دەروونیشدا بە ڕێژەی 8:10 ڕوودەدات، ئەمە بە پێوەرێکی دووبارەکردنەوەی یەك لەدوای یەك لە پاش 36 مانگ لەو توێژینەوەیەدا.

لە کۆمەڵێك چارەسەری باودا بەرزبوونەوەی ئاستی (بیتا ئەندرۆفین) Beta-Endorphins بە گەیشتنی بە خوێن دەرکەوتووە، لە دوای چارەسەرکردن ئەمە بە بەراورد بە پێش چارەسەرکردنیان، (بیتا ئەندرۆفین) هۆرمۆنێکە پەیوەستە بە فشاری جەستەیی و هەڵچوونەوە و دەبێتە هۆی چارەسەرێکی کاریگەر بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی ئاستەکەی لە خوێندا، ئەم بەرزبوونەوەی ئاستەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵەیە فشاریان لەسەربووە بۆ وازهێنان لە خواردنەوەی کحولی و

ترسیان هەبووە لە شکستهێنانیان بۆ جارێکی دیکە، لە کاتێکدا لەم کۆمەڵەیەدا کە تاقیکردنەوەی لەسەرکراوە زیادبوونی لەم هۆرمۆنەدا بەدیی نەکراوە، بەڵکو هاوسەنگ ڕاگرتنی ئەم هۆرمۆنە لە خوێندا بەدیکراوە.

لە پێشتردا باسکرا کە ئەنجامدانی نوێژ دەبێتە هۆی ڕێکخستنی جەستە و بیرکردنەوە و ڕێکخستنی هەناسەدان **بە خوێندنی قورئان و زیکری خوای گەورە ئەمە کار لەسەر سەربەستکردنی (ئازادکردنی) شەپۆلەکانی مێشك (ئەلفا و ثیتا) دەکات کە ئەم شەپۆلانە سوودیان بۆمان هەیە و دەبنە هۆی بەدیهاتنی باری هاوسەنگیی تەندروستی و دەروونی و جەستەیی کە ئەم گۆڕانکارییە لە کاتی گوناه و خراپەکردن و ئەنجامدانی تاواندا ڕوودادات**، هەروەها لەکاتی بەردەوامبوون لە نوێژدا بە ملکەچیی و خشوعی تەواوەوە کاردەکات بۆ خێرا گەڕانەوە و تەوبەکردن لەو گوناهو تاوانانە. کاریگەریی زیکر و یادکردنی خوای گەورە لە نوێژ و دەرەوەی نوێژیشدا دەبێتە هۆی زیادبوونی تێکڕای شەپۆلی (ئەلفا)، ئەمەش (علاء علیوة) (1999ز) ئاماژەی پێکردووە کە زیادبوونی چالاکی شەپۆلی (ئەلفا) پشت دەبەستێت بە بەردەوامیی لە دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێك وشە و دەربڕین. هەروەها (محمد الأطرونی) (2002ز) ئاماژەی داوە بەوەی کە زیکر و یادی خوای گەورە شەپۆلەکانی مێشك ڕێکدەخات و مرۆڤ دەگەیەنێتە بارێکی هاوسەنگی دەروونی، ئەمەش بەبێ بەکارهێنانی دەرمانە هێورکەرەوەکان. ئاماژەی کردووە بە بەکارهێنانی یادی خوای گەورە بە چەند دانیشتنێك بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووان، وەك دەڵێت:" ئەوەی زیکر بکات و تەسبیحات بکات تووشی ئالوودەبوون نابێت و ئەوەی ئالوودە دەبێت چارەسەرەکەی بە زیکر و تەسبیحات دەبێت"، ئەمەش دەبێتە هۆی چاککردنی هەڵسوکەوتە بایۆلۆجییەکانی مێشك بەهۆی شەپۆلەکانی (ئەلفا و ثیتا) ئەمانیش لە ڕێی زیکر و تەسبیحاتەوە بە دەست دەهێنین بەوەی کە ڕۆژانە لە دوو کاتدا بە دوو دانیشتن بە زیکر و تەسبیحاتکردن بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبوون و خۆپاراستن لێی.

ئەو کەسەی کە بە تێڕامانەوە زیکر دەکات و نوێژەکانی بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدات، ئەمە سیستمێکی زۆر ناوازەیە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، ئەوەش بنەمایەکە بۆ ڕاهێنانی وەرزشی. بۆیە کاتێ یەکەیەکی ڕاهێنان هەبێت کە هەموو ڕاهێنانەکانی بەشێوەیەکی ڕیزبەندی بێت کە سەرکەوتن و دابەزینیشی تێدا بێت بەشێوەیەکی تووند و جیددی، ئەوا ئەمە دەبینین کە لە ئەنجامدانی نوێژدا دێتەدی کاتێك کە بە پێی ڕێنماییەکان و ئاڕاستەکردنەکانی قورئان بێت، کە لە سەرەتای ڕۆژەوە دەست پێ دەکات تاکو کۆتاییەکەی. ئەمەش بە دەست دێت لە قۆناغی گواستنەوەوە لە نێوان لوتکەی پشوودانەوە لە شەپۆلی (دەلتا)وە، پاشان بەریزبەندی (ثیتا و ئەلفا) بۆ لوتکەی چالاکی لە شەپۆلی (بیتا) و، پاشان ئەم لوتکەی جووڵە و چالاکییە لە ڕۆژدا کۆتایی دێت و بەشێوەیەکی ڕیزبەندی دەگەڕێتەوە لە شەپۆلی (بیتا)وە بۆ (ئەلفا) و دواتر (ثیتا)، پاشان خەوتن و شەپۆلی (دەلتا) و بەم شێوەیە.

بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم نەخشە و پلانە سەرسوڕهێنەرە لە گۆڕین و گواستنەوەی قۆناغی شەپۆلەکاندا لە کاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەك لە مرۆڤدا ئەوا پێویستی بە ئارامگرییە لەسەر ئەو ئازار و خەم و خەفەتەی کە دێتە سەر ڕێی، یاخود هەستان لە خەو لە شەودا بۆی، ئەمانە بە ڕوونی لە چەندین ئایەتەی خوای باڵادەستدا ڕوونکراوەتەوە، بە نمونە:

﴿ قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً ۖ قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا ۗ وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ ﴿٤١﴾ ﴾ آل عمران.

﴿ لِّتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٩﴾ ﴾ الفتح.

﴿ فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ ﴿٣٩﴾ وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ ﴿٤٠﴾ ﴾ ق.

بۆ ڕێکخستنی خودیی، ڕێکخستنی خودییش بەشێکی گرنگە لە ئەرکەکانی مێشك و، ئەمەش دەبێتە هۆی باشتر کارکردنی ئامێری دەروونی ناوەندی (الجهاز العصبي المركزي).


**سەرچاوە:**

- (فسیولوجیة الصلاة في النهي عن الفحشاء والمنكر، أحمد حلمي صالح، مجلة الإعجاز العلمي، عدد: 37، ص 24).
- سەرجەم تەفسیری ئایەتەکان لە (خوڵاصەی تەفسیری نامی)ەوە وەرگیراوە.

**هەندێك لە سەرچاوەکانی نووسەر:**

- David Y. Gao,Hanif D. Sherali (2009) . Advances in Applied Mathematics and Global Optimization: In Honor of Gilbert , Springer. 111
- J. Irene Harris; Christopher R. Erbes; Brian E. Engdahl ; Richard G. Tedeschi ; Raymond H. Olson ; Ann Marie M. Winskowski;Joelle McMahill (2010). Coping Functions of Prayer and Posttraumatic Growth, International Journal for the Psychology of Religion, Volume 20, Issue 1 , 26 – 38
- John Putman (2000) . The Effects of Brief, Eyes-Open Alpha Brain Wave Training with Audio and Video Relaxation Induction on the EEG of 77 Army Reservists, Journal of Neurotherapy, Volume 4, Issue 1 , 17 – 28
- Keith Sherwood (1985) . The art of spiritual healing , Llewellyn.45

Klajner, F., Hartman, L.M., &Sobell, M.B. (1984). Treatment of substance abuse with relaxation training: A review of its rationale, efficacy and mechanisms. Addictive Behavior, 9, 41-55

- Klajner, F., Hartman, L.M., & Sobell, M.B. (1984). Treatment of substance abuse with relaxation training: A review of its rationale, efficacy and mechanisms. Addictive Behavior, 9, 41-55
- Murray Levine . Prayer as Coping (2008). - A Psychological Analysis, Journal of Health Care Chaplaincy, Volume 15, Issue 2 , 80 – 98

Peniston, E.G. & - Kulkosky, P.J. (1989). Alpha-theta brainwave training and beta endorphin levels in alcoholics. Alcoholism: Clinical and Experimental Results, 13(2), 271-279

- Passini, F.T., Watson, C.B., Dehnel, L., et al. (1977). Alpha wave biofeedback training therapy in alcoholics. Journal of Clinical Psychology, 33, 292-299
- Pollack, V.E., Valavka, J., Goodwin, D.W., et al. (1983). The EEG after alcohol in men at risk for alcoholism. Archives of General Psychiatry, 40, 857-864
- Tobias Egner;John H. Gruzelier (2004). The Temporal Dynamics of Electroencephalographic Responses to Alpha/Theta Neurofeedback Training in Healthy Subjects, Journal of Neurotherapy, Volume 8, Issue 1 , 43 – 57
- -Uri Wernik (2009) . The use of prayer beads in psychotherapy , Mental Health, Religion & Culture, Volume 12, Issue 4 , 359 - 368
- Vivienne Mountain (2005). Prayer is a positive activity for children—a report on recent research, International Journal of Children's Spirituality, Volume 10, Issue 3 , 291 – 305

Wong, M.R., Brochin, N.E., & - Genfron, K.L. (1981). Effects of meditation on anxiety and chemical dependency. Journal of Drug Education, 11, 91-105

- Wolfgang Klimesch (1999) . EEG alpha and theta oscillations reflect cognitive and memory performance: a review and analysis, Brain Research Reviews, Volume 29, Issues 2-3, , 169-195
- Doron Alon: How to Use Brain Wave Technology and subliminals to enhance the Law of Attraction,



# تێڕامانێك له مرۆڤ لەژێر ڕۆشنایی ئایەتی

## ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ﴾

## بەشی دووەم

د. كاوه فەرەج سەعدون kawasadoon@haiv.org
پسپۆڕی نەخۆشییەكانی سنگ و هەناسەدان

پـەروەردگار بـە بەردەوامـی داوا لـە مرۆڤـەكان دەكات كـە لە پێكهاتـەی جەسـتەی خۆیان بڕوانـن بـۆ ئـەوەی بە ڕوونیی شـوێنەواری دەسـەڵاتی خودایان بـۆ دەركەوێت و بگەنـە باوەڕی تـەواو بـە بوونـی دروسـتكەرێكی بـە توانـا و زانـا و دانا كـە ئـەم وردەكارییـەی لـە دروسـتكردنی مـرۆڤ و سـەرجەم پێكهاتەكانـی ئاسـمان و زەوی فەراهـەم هێنـاوە.

پـەروەردگار دەفەرموێـت: ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ٢١ ﴾ الذاريـات، واتـە: (لـە خـودی خۆشـتاندا (بەڵگـەی زۆر هەیـە) دەی ئایـا بـۆ ورد نابنـەوە و سـەرنج نـادەن)، هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿ سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ٥٣ ﴾ فصلـت، واتـە: (ئێمـە لـە ئاینـدەدا بەڵگـە و نیشـانەی سەرسـوڕهێنەریان نیشـان دەدەیـن لـە ئاسـۆكانی بوونـەوەر و لـە خـودی جەسـتەی خۆشـیاندا، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی تـا چاك بۆیـان ڕوون ببێتـەوە و دڵنیـا ببـن كـە دەسـەڵاتی پـەروەردگار و قورئانـە نێردراوەكـەی حـەق و ڕاسـت و ڕەوایـە، ئایـا پـەروەردگارت بـەس نییـە كـە بـە ڕاسـتی ئـاگادارە بەسـەر هەمـوو شـتێكدا).

لـە بەشـی پێشـووی ئـەم باسـەماندا باسـی دەم و لـووت و قورگمان كرد، لەم بەشـەدا دەچینە سـەر باسـكردنی پێكهاتەكانی تری سیسـتمی هەناسـە. قوڕقوڕاگە (Larynx) دوای ئەو بەشـانەی پێشـتر دەسـتپێدەكات، كـە سـندوقی دەنـگ (Voice Box)یشـی پێدەووترێت و بریتییە لە سـندوقێكی كركراگەیی و دەكەوێتە پێشـەوەی مـل، درێژییەكـەی لەپیاوانـدا دەگاتـە (44ملـم) و لـە ئافرەتانـدا (36ملـم)ە و تیرەكـەی دەگاتـە (30ملـم). بەهـۆی فرمانـە جۆراوجۆرەكانییـەوە پێكهاتەیەكـی میكانیكـی ئاڵـۆزی هەیە، بـەڵام بەشـێوەیەكی زۆر وورد دیزاینكراوە بـۆ بەئەنجام گەیاندنـی فرمانەكانـی، كـە سـەرەكیترینیان بریتیـە لـە دروسـتكردنی دەنـگ.

قوڕقوڕاگـە لـە 6 جـۆر كرکڕاگـە پێكهاتـووە، كـە سـیانیان تـاك و سـیانیان جووتـن، گەورەترینیـان بریتییـە لە كرکڕاگەی دەرەقی (Thyroid Cartilage) كە پێشی دەووترێت سێوی ئادەم (Adam's Apple) و لـە دوو لەوحـی چەمـاوە پێكهاتـووە، كاتێك لەپێشـەوە یەكدەگـرن بەرزاییـەك دروسـتدەكەن لەپێشـەوەی مـلـدا، گۆشـەی نێـوان ئـەم دوو لەوحـە لـە پێشـەوەی ملـدا لەپیاوانـدا 90 پلەیـە و لـە ئافرەتانـدا 120 پلەیـە، كـە وادەكات ئـەم بەرزاییـەی پێشـەوەی مـل لەپیاوانـدا دیارتربێـت، بـەڵام لە ئافرەتانـدا زۆر كەمتـر دیـارە و مەبەسـت پێـی لایەنـی جوانییـە لـە ئافرەتانـدا. ئـەم جیاوازییـە لـە تەصمیمـی قوڕقوڕاگـە لـەلای پیـاوان و ئافرەتـان كـە یـەك فرمانیشیان هەیـە تەنهـا مەبەسـت پێـی بەرچاوگرتنـی لایەنـی جوانیەتـی لای ئافرەتـان، ئەمـە وەڵامێكـە بـۆ ئەوانـەی باوەڕیـان بەخـودا نییـە كـە دروسـتكەری مـرۆڤـە، چونكـە هیـچ مرۆڤێكـی ژیـر ناتوانێـت بڵێـت ئەمـە بەڕێكـەوت دروسـت بـووە، تەنانـەت ئەگـەر مرۆڤیـش ئەمـەی دیزایـن بكردایـە ئـەم جیاوازییـەی بەهەنـد وەرنەدەگـرت[1].




یەكێكـی تـر لـە كرکڕاگەكانـی قوڕقوڕاگە بریتییـە لە زمانەی قوڕقوڕاگـە (لسـان المزمـار Epiglottis) كـە لـە شـێوەی گـەڵا یـان

کەوچکدایە و، هەڵدەستێت بەداخستنی قورقوڕاگە بەتەواوی لەکاتی قووتدانی خواردن و خواردنەوەدا، بەهۆی گرژبوونی ئەو ماسولکانەی کۆنترۆڵی جووڵەکەی دەکەن.

لە ناوەراستی بۆشایی قورقوڕاگەدا 2 جووت پەردە هەیە کە دەکەونە سەر یەکتری، پەردەی خوارەوە پێیدەووترێت دەنگەژێ ڕاستەقینەکان (TRUE VOCAL CORDS) و، پەردەی سەرەوە پێیدەووترێت دەنگەژێ ناڕاستەقینەکان (FALSE VOCAL CORDS). ئەم دەنگەژێیانە بەهۆی چەند ماسولکەیەکەوە دەجووڵێنرێن کە گرێدراون بەدیوارەکانی قورقوڕاگەوە، گرژبوون و خاوبوونەوەی ئەم ماسولکانە دەبێتەهۆی داخستن و کرانەوەی ئەم دەنگەژێیانە بەمەبەستی گۆڕینی لەرەلەری ئەو دەنگ و ئاوازانەی دروستی دەکەن.




ئەوەی شایانی باسە ئەو 2 دەرچەیەی لە دەنگەژێکاندا هەن بەیەکەوە دەکرێنەوە و دادەخرێن بەهەماهەنگییەکی تەواوەوە، کە لەکاتی ئاساییدا بەتەواوەتی کراونەتەوە بۆ گەیاندنی هەوا بۆ ناو بۆری هەوا، بەڵام لەکاتی قسەکردندا بەشێوەیەکی ناتەواو دادەخرێن بۆ دروستکردنی دەنگەکان. یەکێك لە فرمانەکانی دەنگەژێکان بریتییە لە دروستکردنی کۆکە بە مەبەستی دەرکردنی خۆراك و دەردراوەکان لە قورقوڕاگەوە کاتێك دەپەڕێتە ناوی لە قورگەوە. کاری سەرەکی دەنگەژێکان بریتییە لە دروستکردنی دەنگەکان بەهۆی لەرینەوەیان لە ئەنجامی تێپەڕبوونی هەوا بەناویاندا لە سییەکانەوە بەرەو سەرەوە. درێژی دەنگەژێکان لەپیاواندا لەنێوان (17.5 بۆ 25ملم)دایە و لە ئافرەتاندا لەنێوان (12.5 بۆ 17.5ملم)دایە و ئەستوورییان (2-3ملم)ە. لەرەلەری ئەو دەنگانەی دروستدەبن لە دەنگەژێکانەوە پێچەوانەیە لەگەڵ درێژییاندا، هەربۆیە لە قورقوڕاگەی پیاوانەوە لەرەلەری دەنگەکان دەگاتە 125 هێرتز و، لە ئافرەتاندا دەگاتە 210 هێرتز لە چرکەیەکدا بەهۆی کورتیی دەنگەژێکانیانەوە و، لەمناڵانیشدا دەگاتە 300 هێرتز لە چرکەیەکدا. لەگەڵ ئەم لەرەلەرە سەرەکییانەدا دەنگەژێکان چەندین لەرەی تر دروستدەکەن کە پێیاندەووترێت دەنگە سازەکان، یان هاوسۆزەکان (HARMONICS) کە لەرەیان لەوانەیە بگاتە 20 هەزار هێرتز. چەندین دەنگی نەویستراو لە دەنگەژێکانەوە دروست دەبن، بەڵام بەهۆی ڕۆشتنیان بەناو بۆشاییەکانی ڕێرەوەکانی سەرەوەی هەناسەدا، وەك قورگ و دەم و لووت و قورقوڕاگە و گیرفانەکانی لووتدا، ئەم دەنگانە پاڵفتە و گونجاودەکرێن.

دوای قورقوڕاگە لە سیستمی هەناسەدا بۆری هەوا (TRA-CHEA) دەستپێدەکات، کە درێژییەکەی لەنێوان (10-16 سم)دایە و، تیرەکەی لەنێوان (2-3 سم)دایە و، دەکەوێتە بەردەم بۆری خۆراك یان سورێنچك. دیواری بۆری هەوا لە ئەڵقەی کرکراگەیی ناتەواو لە بەشی دواوەی پێکدێت و، ژمارەیان دەگاتە 20 ئەڵقە. بەشی کراوەی دواوەی ئەم ئەڵقانە بەهۆی ریشاڵی ماسولکەیی خۆنەویست پێکەوە گرێدراون و، لەکاتی گرژبوونیان دەبنە هۆی کەمکردنەوەی تیرەی بۆری هەوا[2].

**بۆری هەوا چەندین فرمانی گرنگی هەیە:**

فرمانی یەکەم و سەرەکی بریتییە لە گەیاندنی هەوا بۆ ناو سییەکان، کە پێویست دەکات بە بەردەوامی ئەم بۆرییە کراوە بێت. بوونی دیوارە کرکراگەییەکەی ئەم کارە ئاسان دەکات، بەڵام بۆ فرمانێکی تری، کە بریتییە لە دەرکردنی بەڵغەم و ماددەی تر کە دەپەڕێتە بۆری هەواوە، پێویست دەکات کە تیرەکەی بچووك بکرێتەوە لەکاتی کۆکە و پژمیندا بەمەبەستی دەرپەڕاندنی ئەم ماددانە بۆ دەرەوەی بۆری هەوا، کە ئەمەش بەهۆی گرژبوونی ریشاڵە ماسولکەییەکانی گرێدەری ئەڵقەکانی بۆری هەواوە دەبێت. هەروەها دروستکردنی دەنگیش لە قورقوڕاگەدا پێویستی بە تەسکبوونەوەی بۆری هەوایە بەمەبەستی لەراندنەوەی دەنگەژێکان بەو هەوایەی لە سییەکانەوە دێت. فرمانی چوارەمی، کە لەوانەیە بەخەیاڵی زوربەماندا نەهاتبێت، بریتییە لە ئاسانکردنی تێپەڕبوونی خۆراك بەناو بۆری سورێنچکدا کە دەکەوێتە پشتەوەی بۆری هەوا و دیوارەکانیان پێکەوە نووساون. بۆ ئەوەی بۆری هەوا هەموو ئەم فرمانانە جێبەجێ بکات ئەم دیزاینە ناوازەیەی بۆ کراوە کە لە ئەڵقەی کرکراگەیی ناتەواو دروست بووە و بەشە کراوەکەی بە ریشاڵی ماسولکەیی پێکەوە گرێدراون، کە تەنها لەکاتی قسەکردن یان کۆکە یان پژمیندا گرژدەبێت و بۆری هەوا تەسکدەکەنەوە، بەڵام لەکاتی ئاساییدا کە فرمانی تێپەڕاندنی هەوایە بۆ ناو سییەکان بە تەواوەتی ئەم بۆرییە کراوەیە.




بەشە کراوەکەی ئەڵقەکانی بۆری هەوا شوێنی کرانەوەیان بەشێوەیەك هەڵبژێردراوە کە ئەو بەشە بێت کە نووساوە بە بۆری سورێنچکەوە، ئەمە وادەکات بوار بدات بە سورێنچك کە بکشێت لەکاتی قوتدانی خۆراکدا و بە ئاسانی پێیدا تێپەڕێت،

کە ئەگەر بەشە کرکراگەییەکەی بۆری هەوا بنوسایە بە بۆری سورێنچکەوە ئەوا بواری نەدەدا بە بۆری سورێنچك بۆ کشان و گەورەبوون. دەبنوارە لەم وردەکارییە گەورەیە لە دیزاین و گونجاندن کە دەیسەلمێنێت دروستکراوی پەروەردگارێکی زانا و بەسۆز و شارەزایە.

تەنانەت دیزاینکردنی بۆری هەوا بەوشێوەیەی لە ئەڵقەی کرکراگەیی دروستبووە کە نێوان ئەم ئەڵقانەش بریتیە لە ماسولکەی خۆنەویست مەبەستێکی گەورە لە پشتیەوەیەتی، چونکە گرژبوونی ماسولکەکانی نێوان ئەڵقەکان دەبێتە هۆی کورت کردنەوەی بۆری هەوا بۆ سەرەوە و پاشان بەرز کردنەوەی قورقوراگە بۆ سەرەوە بەمەبەستی داخستنی دەرچەکەی سەرەوەی بەتوندی لەلایەن زمانەی قورقوراگەوە لەکاتی قوتدانی خۆراکدا.

ناوپۆشی ناوەوەی بۆری هەوا لە خانەی تەخت پێکهاتووە کە خاوەنی گەندەمووی وردن و بەرەو سەرەوە دەجووڵێن. هەروەها ماددەیەکی تەنکی لینجیش دەردەدەن بەمەبەستی شێدارکردنی هەواو و پاککردنەوەی لەو خڵتانەی لەگەڵیدادێن، کە دواتر ئەم ماددەیە بەهۆی گەندەمووەکانەوە بەرەو قورگ پاڵیان پێوەدەنرێت و لە دەمەوە دەکرێنە دەرەوە.

بۆری هەوا دابەش دەبێت بۆ 2 بۆریچکەی هەوای لای راست و چەپ، کە هەریەکێکیان دەچێتە ناو سیەکی مرۆڤەوە و، پاشان لەناو سییەکاندا دابەش دەبن بۆ بۆریچکەی هەوا و بۆریچکەلەی هەوای بچووکتر، تا سەرەنجام درەختێکی بۆریچکەلە هەواییەکان (BRONCHIAL TREE) دروستدەکەن. پێکهاتەی دیواری ئەم بۆریچکە و بۆریچکەلە هەواییانە وەك پێکهاتەی بۆری هەوا وایە تەنها لەوەدا نەبێت کە ئەڵقە کرکراگەییەکانیان بازنەی تەواوە، چونکە تەنها فرمانیان بریتییە لە تێپەڕاندنی هەوا بۆ ناو تورەکەکانی هەوا لەناو سییەکاندا و پێویستە بە بەردەوامی کراوە و فراوان بن.

کۆتایین بەشی سیستمی هەناسە بریتییە لە سییەکان (LUNGS) کە 2 دانەی لای راست و چەپن، کێشی هەردووکیان 1کگم دەبێت و شکڵیان قووچەکییە و بنکەکانیان لەسەر پەردەیەکی ماسولکەیی خۆنەویست دامەزراون کە پێی دەوترێت ناوپەنچك (DIAPHRAGM). هەریەکەیان چەند پلێکیان هەیە: لای راست 3 پل و لای چەپ 2 پل بەهۆی بوونی دڵ لەبەردەمی سی چەپدا. سییەکان لەناو بۆشایی قەفەسی سنگدا بە دوو چینی پەردەیەکی تەنك داپۆشراون کە پێیاندەوترێت پەردەی سییەکان (PLEURA)، چینێکیان نووساوە بە سییەکانەوە و چینەکەی تر قەفەسی سنگی ناوپۆش کردووە و، لەنێوانیاندا شلەیەکی روونی کەم هەیە کە یارمەتی لێکخشاندنی ئەم 2 چینە پەردەیە دەدات بەسەر یەکدا بەبێئەوەی بنووسێن بەیەکەوە. پەردەی داپۆشەری سییەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەکرداری هەناسەدان و فراوانکردنی سییەکان بۆ وەرگرتنی هەوای دەرەوە، هەروەها سییەکان دەپارێزن لە لێکخشانیان بەدیواری ناوەوەی قەفەزی سنگ و پەراسووەکان، هەروەها کاریگەریی لێدانی دڵ لەسەر سییەکان ناهێڵن[3].



داری بۆریچکە هەواییەکان

کۆتایین بەشی بۆریچکەلەکانی هەوا لەناو توورەکەکانی هەوا یان سیکڵدانۆچکەکان (ALVEOLI) لەناو سییەکاندا دەکرێنەوە، کە دیوارەکانیان لە 1 چین لە 2 جۆر خانە پێکدێت، جۆری یەکەم زۆرترن کە کاریان ئاڵوگۆڕکردنی ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە لەنێوان هەوای دەرەو و موولوولەکانی خوێندا، جۆری دووەم ماددەیەك دەرێژن کە پێیدەوترێت (SURFACTANT) کە ناوپۆشی توورەکەکانی هەوا دەکات و دەبێتە هۆی کرانەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام لەکاتی هەناسە وەرگرتن و هەناسەدانەوەدا، واتە توورەکەکانی هەوا وەك میزەڵدان لێدەکات کە هیچ کاتێك ناقوپێت. ژمارەی ئەم تورەکانەی هەوا زیاتر لە 300 ملیۆن دانە دەبن لە هەردوو سییەکاندا و، تیرەیان لەنێوان (0.1-0.2 ملم)دا دەبێت، کە ئەگەر رووبەری گشتی ناوەوەی ئەم توورەکانەی هەوای سییەکان بپێوین لەنێوان (70-100 مەتر دووجا)دا دەبن، ئەمەش بۆ ئەوەی سییەکان بەوپەڕی تواناوە بتوانن ئۆکسجین لە هەواوە وەرگرن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە لەشەوە بکەنە دەرەوە. هەریەکێك لەم توورەکانەی هەوا تۆڕێکی چڕ لەموولوولەکانی خوێن دایپۆشیون کە کاری ئاڵوگۆڕکیی گازەکان لەنێوان خوێن و هەوای ناو تورەکەکانی هەوا ئەنجامدەدەن.




بۆریچکە هەواییەکان، کۆتاییان بە تورەکەکانی هەوا دێت لە سییەکاندا.

لە نێوان تورەکەکانی هەوادا شانەی بەستەری دەوڵەمەند

بە ڕیشاڵی لاستیکی هەیە (ELASTIC FIBERS) کە سروشتێکی نەرم و لاستیکی دەدەنە سییەکان و کاری کشان و چوونەوەیەکی ئاسانەدەکەن. ئەو خوێنبەرەی لە دڵەوە دێت بۆ سییەکان دەبێت دابەش ببێت بۆ 300 ملیۆن لق، کە هەریەکێکیان دەگاتە تورەکەیەکی هەوا لە سییەکاندا و لەچواردەوری ئەم توورەکانەدا دابەشدەبن و تۆڕێکی چڕ لە موولولەی خوێن دروستدەکەن کە ئەستوورییەکەی تەنها (0.2ملم)ە، پاشانیش لێرەوە ئەم موولوولانە دیسانەوە یەکدەگرنەوە بۆ دروستکردنی خوێنهێنەرێکی بچووک، ئەم لقانەی خوێنهێنەریش ژمارەیان دەگاتە 300 ملیۆن لق کە بەرەبەرە یەکدەگرن و سەرەنجام خوێنهێنەری سەرەکی سییەکان دروستدەکەن و دەچێتەوە ناو دڵ. ڕاکێشانی ئەم تۆڕە مەزنە لە بۆرییەکان و موولوولەکانی خوێن لەرووی ژمارەیان و وردییان و گەیشتنی هەریەکێکیان بەئامانجی خۆی کە توورەکەکانی هەوایە لەسییەکاندا کارێکە کە ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی بۆی کۆببنەوە ناتوانن ئەنجامی بدەن!! ئیتر چۆن بێرێزی نییە بەزیریی مرۆڤ کە بڵێین ئەمە لە ئەنجامی ڕێکەوتەوە دروستبووە؟! بەڵکو دەبێت دانبنێین بەوەدا کە ئەوەی ئەم دیزاینە مەزن و ناوازەیەی فەراهەم هێناوە تەنها خودای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە (سبحانە وتعالی).

دەرکەوتنی ئەم ووردەکارییە گەورانە لە دروستکردنی پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤدا بەئاشکرا شایەتی دەدات لەسەر ئەوەی کە بەرهەمی دروستکەرێکی زانا و دانا و بەدەسەڵاتە کە ئاگاداری هەموو نهێنییەکانە و پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکان و ڕاگری ئەم ووردەکارییە گەورەیەیە: ﴿ صُنۡعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِيٓ أَتۡقَنَ كُلَّ شَيۡءٍۚ إِنَّهُۥ خَبِيرُۢ بِمَا تَفۡعَلُونَ ٨٨ ﴾ النمل، واتە: ئەمە دروستکراوی ئەو خوایەیە کە هەموو شتێکی بەوپەڕی ڕێك وپێکی دروست کردووە بەراستی خوا ئاگادارە بەهەر کردەوەیەك ئێوە دەیکەن. هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ هَٰذَا خَلۡقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ١١ ﴾ لقمان، واتە ئەمە دروستکراوی خوایە دەی نیشانم بدەن ئەوانەی بێجگە لە خودا چییان دروست کردووە (هیچیان دروست نەکردووە) بەڵکو ستەمکاران لە گومڕاییەکی ئاشکرادان.

**پەراوێزەکان:**

(1)Davidson's principles & practice of medicine-page 646
Textbook of Medical physiology page 478.
(2)Davidson's principles & practice of medicine-page 647
(3) Davidson's principles & practice of medicine-page 647-648.

**سەرچاوەکان:**

- Davidson's principles & practice of msdicine – 22nd Edition-2014.
- Textbook of Medical physiology- Guyton & Hall- 11th Edition-2006.

# لێکۆڵینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە ڕۆژوگرتن لە مانگی ڕەمەزاندا و هەوکردن لە جەستەدا



نەریمان محمد - بێخاڵ بەختیار

گۆڤاری زانستی (Nutrition) ئەمریکی، لێکۆڵینەوەیکیان دەربارەی پەیوەندی نێوان ڕۆژوگرتنی مانگی ڕەمەزان و کەمبوونەوەی هەو کردن لە جەستەدا بلاوکردووە... لەو خوێندنەوە زانستیەدا کە لەسەر(50) کەسی موسڵمان کە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانیان گرتبوو ئەنجامدا، هەستان بە پێوانەی خانە بەرگرییەکان و ئەو پرۆتینانەی یارمەتی دەری ڕوودانی هەوکردنن پێش ڕەمەزان و دوای کۆتایی هێنانیان بە مانگی ڕەمەزان لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە:

1- ڕۆژووگرتن سوود دەگەیەنێت بە جەستە بەهۆی دابەزینی ئەو پرۆتینانەی هۆکارن بۆ چالاکبوونی هەوکردن لە جەستەدا Pro_infalmmatory cytokines.

2- خانە بەرگرییەکان کەم دەبنەوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی جەستە کەمتر تووشی هەوکردن بووە، لە کاتی بە ڕۆژووبوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێژەی سروشتی و پێویستی خۆیاندا ماونەتەوە.

3- کەمبوونەوەی چەوری لە جەستە دا وکەمبوونەوەی پەستانی خوێن، دابەزینی کێشی لەش، ئەمانەش دەبنە هۆی بەرز بونەوەی توانای دەزگای سور.

4- لێکۆڵەرەوەکان وتیان: ئەمە کاریگەریەکی باشە بۆ جەستە و لە ئایندەدا دەرگای لێکۆڵەنەوەی زانستی زیاترمان بۆ دەکاتەوە سەبارەت بە سوودی ڕۆژووگرتنی پچڕ پچڕ (وەك مانگی ڕەمەزان) بۆ کەمبوونەوەی هەوکردن لە ناو جەستەدا و دواتر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیە بەر گریە هەوکردنەکان وەك (ڕۆماتیزم).

**سەرچاوە:**

http://booksc.org/book/20001324/1667b7
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/23244540

# هەواڵێکی سەرنجڕاکێش لەسەر
# چاوی خیانەتکار

ن: عبد الدائم الكحيل    و: مەولان وەیسی ڕەشید - هێڤین ظاهر کریم

ئایا چاو دەتوانێت نهێنیە شاراوەکان ئاشکرا بکات کە لە ناو مێشکمان شاردوومانەتەوە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین؟

ناونیشانی ئەم هەواڵە لە پێگەی گاردیان؛ (چۆن دەکرێ چاوەکانت نهێنیەکانت ئاشکرا بکەن) how your eyes betray your thoughts، ئەم بابەتە لەبارەی ناپاکیەکانی چاوەوە دەدوێ لەسەر خاوەنەکەی. بەڵام چۆن چیرۆکی ئەم هەواڵە دەستی پێ کرد؟ پێش چەندین ساڵ زانایان سەرنجی جوڵانی چاویان داوە کە لە بارە دەروونیەکاندا کاتێك ڕووبەڕوی دەبێتەوە وەك (ترس، شتێکی لەناکاو، یان خۆشی و ناخۆشی) بە خێرایەکی زۆر دەجوڵێت، بەڵام ئەو خوێندنەوە نوێیانە جەخت دەکەنەوە کە ئەو جوڵانە خێرایەیی چاو زۆر بە خێرایی ڕوودەدات و پێچەوانەی ئەو جوڵەیەیە کە لە مێشکماندا ڕوو دەدەن لە بیرکردنەوە نهێنیەکان.

لێکۆڵینەویەکی زانکۆی (زیورخ) ڕوونی دەکاتەوە کە چاو بەردەوام جوڵەی خێرای هەیە کە پێی دەڵێن (saccades)، پێشتر زانایان پێیان وابووە ئەم جوڵانە هەڕەمەکین، بەڵام ڕوونبووەوە کە ئەمە ڕێکخستنێکی تەواوە و دەربڕینی بیرۆکەیەکە یان بڕیاردانە و بیروباوەڕیەتی..

زانایان دۆزیویانەتەوە کە خێرایی جوڵەی چاو و ژمارەی جوڵەکان و شێوازەکەی و کاتەکەی، هەموو ئەمانە دەتوانین بخوێنینەوە و ئاشکرای بکەین بە ڕێگای تەکنیکی وێنەگری خێرا و زانیارییەکان بە هۆی بەرنامەی تایبەتی کۆمپیتەرەوە بزانین.

لە ڕێی ئەو وێنە تایبەتیانەی بۆ مێشك گیراوە دەرکەوتووە، کە کاریگەری گوازراوەی خێرا هەیە لە نێوان جوڵەکانی چاو saccades و هەندێ شوێنی تایبەتی مێشك، زانایان بۆچوونیان وایە کەوا ئەم



جوڵانە ناتوانرێت بەچاو ببینرێت و تێبینی بکرێت، بەڵام دەتوانرێت بە کامێرا نوێکان وێنەی بگیرێت کەوا پێمان دەڵێت چی لە مێشکی مرۆڤدا دەخولێتەوە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات وەکو ئەوەی ئەم چاوانە ناپاکی لێ بکەن و ئابڕووی ببەن .(physiology.com)

لێکۆڵەر Roger Johansson لە زانکۆی Lund Universityدەڵێت: کەوا چاو بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەجوڵێت کاتێك دیمەنێك دەبینێ کە پێشو تر بە ئاشکرا بینرابێت و پەیوەندیەك لە نێوان مێشك و چاو دروست دەبێت و بیرۆکەکانی پێشوو چارەسەر دەکات، لە هەمان کاتیشدا چاو بە پێی ئەوەی کەوا پێشوتر لە مێشکدا هەڵگیراوە دەجوڵێت، ئەمانە هەمووی بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەی ڕوو دەدەن و دەتوانرێت لە ڕێگای وێنەگرتنی خێراوە بدۆزرێنەوە...

دوای لێکۆڵینەوەی درێژ و تێکۆشانی زۆر، بۆ زانایان ڕوونبووەوە کە چاو بە بەردەوامی جوڵەی لەسەرخۆی هەیە (هەتا لە کاتی نوستنیشدا) چاو بە بێ ئاگا ئەم جوڵانە ئەنجام دەدات. پەیوەندی دەکات بەخانەکانی مێشك، وەکو ئەوە وایە کە چاو بیەوێت ئەو هەست و بیرۆکانەی مرۆڤ دەیشارێتەوە لە (درۆ و ڕاستی و خۆشەویستی و ڕق) تەنانەت ئەو هەڵسوکەوتانەشی کە مرۆڤ دەیەوێت ئەنجامی بدات نایەوێت کەس پێی بزانێت، چاو دەیەوێت دەریبخات. بەبێ ئەوەی تۆ دەسەڵاتت بەسەریەوە هەبێت، ئەو ئاگاداریەتی..

لێکۆڵەران لە زانکۆی University College London دەڵێن: چاو هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی جوڵەی سنوردار پێش ئەوەی بڕیاربدات بەتایبەت لە بڕیاردانە ترسناکەکان، ئێستا بۆ زانایان ئاسان بووە کە بتوانن بەهۆی جوڵەی چاوی مرۆڤەوە بزانن کە چی دەگوزەرێت لە مێشکی مرۆڤ لە بڕیار و بۆچوون و حەز و ویستەکانی!

هەروەك لێکۆڵینەوە سویدیەکان کە ئەنجامدراون لە ساڵی 2013 بە بەڵگەی زانستی بۆیان دەرکەوتووە کە جوڵەکانی چاو وەکو گەڕاندنەوەی یادەوەریە شاراوەکانە، بەدڵنیایەوە پەیوەندی لە نێوان جوڵەی چاو و یادەوەری هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆبەخشانەی کە بەشداریان کردووە لەم لێکۆڵینەوەیە ویستویانە بیرۆکەکانیان بشارنەوە، بەڵام چاوەکانیان ئەم بیرۆکە و نهێنیانەیان ئاشکرا کردووە، وەك ئەوەی کرداری خیانەتکردن لە نێوان چاوەکانیان و خاوەنەکەیان دەدوا.. مرۆڤ هەموو کات هەوڵدەدات کە نهێنیەکانیان بشارنەوە، چاوەکانیان ئاشکرای دەکات و ناپاکی لەگەڵ دەکات و گرنگیشی پێ نادات!!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ١٩ ﴾ غافر. (واتە: ئەو خوایە هەمیشە چاوە خیانەتکار و ناپاکەکان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشاردراوە)...

**لە سەرچاوەکانی نووسەر:**

-http://www.theguardian.com/science/neurophilosophy/2015/jun/02/how-your-eyes-betray-your-thoughts

-http://www.bbc.com/future/story/20150521-how-the-eyes-betray-your-thoughts

-http://pss.sagepub.com/content/early/2013/10/28/0956797613498260

Fast Eye Movements: A Possible Indicator of More Impulsive Decision-Making,

-http://www.hopkinsmedicine.org/news/media/releases/fast_eye_movements_a_possible_indicator_of_more_impulsive_decision_making




# دۆزینەوەی کەمکردنی زەوی لە لێوارەکانیەوە

ئا: کارۆخ میراودەلی

زەوی بەردەوام لە لێوارەکانیەوە کەم دەکات و ئەمە بەڵگەیەکی تازەی کۆمەڵەی جیۆلۆجی ئەمریکییە دەربارەی ونبونی کیشوەرێکی تازەی نزیك ئوستورالیا کە رووبەری وشکانیی کەمی کردووە بە ئەندازەی ئەو رووبەرەی ژێر ئاو کەوتووە. دوای لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زۆر لە رێی مانگە دەستکردەکانەوە دەرکەوتووە کە توێکڵی دەرەوەی رووپۆشی زەوی لە چەند پلێتێك پێکهاتووە... ئەم پلێتانە لە جوڵەی بەردەوامدان. کۆتایی لێوارەکانی ئەم پلێتانە بەهۆی هۆکارەکانی کەشوهەوا و تەوژم و جوڵەی ئاوی دەریاکان بەردەوام لە کەمبوونەوە و داخوراندان.

هەروەها زانایان ئاشکرایان کردووە بەردەوام بەشێکی کەم لە بەرگە هەوای زەوی لە کەم بووندایە و دەرواتە دەرەوەی زەوی بەڵام ئەوەندە کەمە بە ئاسانی هەستی پێ ناکرێت، کە ئێستا ئەو پێوانە وردانەی بەردەوام دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە ئەم راستیەیان دەرخستووە... هەروەها کەمبوونی وشکایی کیشوەرەکان کە بەردەوام لێوارەکانی ژێر ئاو دەکەون.

هەروەها لەبەر ئەوەی زەوی شێوە خڕە و بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە تا بەرەو جەمسەرەکان بڕۆین تیرەکەی کەم دەکات، کە درێژترین تیرەی زەوی لە ناوچەی کەمەرەیی (استواء) و تا بەرەو باکور یا باشور بڕۆین دەبینین کە چێوە و تیرەکەی کەمترە...

زانایان لە تازەترین دۆزینەوەیاندا کیشوەرێکی تازەیان دۆزیوەتەوە کە رووبەرەکەی سێ لەسەر چواری (سێ چارەك) ی کیشوەری ئوستورالیایە و ناویاناوە بە کیشوەری (زیلاندیا).. کە پێش ملیۆنان ساڵ ژێر ئاوی زەریا کەوتووە و تەنها دوو دورگەی لێ ماوەتەوە کە یەکێکیان (نیوزیلاندا)ی ئێستایە! ئەم کیشوەرە پێش ملیۆنان ساڵ دروست بووە و رووبەرەکەی 4.5 ملیۆن کیلۆمەترە و ئێستا ئاو لە 94% ی رووبەرەکەی داپۆشیوە، تەنها دوو دوورگەی لێ بە دیار ماوە کە (نیوزیلەندا و نیو کالیدۆنیا)ن.

کەواتە زانست ئەو راستییەی دەرخستووە کە بەردەوام زەوی لە کەمبوونەوەدایە هەر لە بەرگە هەواکەی و پلێتەکان و وشکایی لێواری کیشوەرەکان، یا لە تیرەکەی، ئەم کەمکردن و داخورانە نەزانرابوو لە سەدەی حەوتەمدا، بەڵام قورئانی پیرۆز زۆر بە روونی ئاماژەی پێداوە!! بگرە زانایان تا ئەم نزیکانە باوەڕیان نەدەکرد کە کیشوەرێك بە تەواوەتی ژێرئاوی زەریا بکەوێت!!

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا ۚ وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ ۚ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿٤١﴾ ﴾ الرعد.

(دکتۆر موستەفا خوررەم دڵ) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: "ئایا نەیان دیوە کە ئێمە لە دەوروبەری زەوی کەمدەکەینەوە؟ خوداش فەرمان دەدا و هیچ کەسێك توانای نییە رێگای فەرمانی ئەو بگرێ، خودا زوو بە حیساب و کیتاب رادەگا. (تەفسیری شنەی رەحمەت). هەروەها دەڵێت: ئەم ئایەتە ئاماژە بە پیرۆزی و سەرکەوتنی موسڵمانان بەسەر کافراندا و گرتنی ولاتیانە، یان ئاماژە بە ئەو کەشفی علیمی و دۆزراوەی زانستی تازەیە کە دەڵێ: خولدانی توند و گەرانی تیژی گۆی زەوی بە دەوری تەوەرە و چەقی خۆیدا و نیرووی راکەر لە مەرکەز و ناوەند، بۆتەهۆی ئەوە کە زۆپی و زەقایی دوو قوتب و جەمسەری باکوور و باشووری گۆی زەوی رۆچێ و کەمبێتەوە. یان ئاماژە بە ئەو خاڵە گرنگەی زانستی نوێیە کە دەڵێ: کاتێ توندوتیژی جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕی هەندێك لە ئەو گازانەی کە وەك پۆشەن و قلفێك گۆی زەوی داگرتووە، لە نیرووی راکێشی زەوی زۆرتر بێ، بڕێك لە ئەو گازانە لە کژوکەشی گۆی زەوی دووردەبنەوە و ئەتمۆسفیری زەوی بەجێ دێڵن و دە جەهاندا بلاودەبنەوە. ئەوەش بە جۆرێك لە کەمبوونەوەی دەوراودەوری زەوی ئەژمار دێ و شەووڕۆژ ئەو کارەش بەردەوامە." شنەی رەحمەت، بەرگی (1)، لا (732)، د. موستەفا خورەم دڵ. تاران، نەشری ئیحسان، 2015، چاپی (1).

سەرچاوە:

http://www.nbcnews.com/news/world/scientists-say-they-ve-discovered-hidden-continent-under-new-zealand-n722796

http://www.telegraph.co.uk/news/2017/02/16/scientists-discover-eighth-continent-zealandia

http://www.geosociety.org/gsatoday/archive/27/3/article/GSAT-G321A.1.htm



# پێشینەکان و هەڵێنجانی گۆیی بوونی زەوی

د. محمود عبدالله نجا
و: جومعە هەمەوەندی

کاتێـك توێژینەوەیەکم ئەنجامـدا لەسـەر ڕای پێشینەکان لەبـارەی گۆیـی بوونـی زەوی، تـا لـەو بەڵگانـە تێبگـەم کـە بەکاریان هێناوە بۆ سـەلماندنی گۆییەکە، بۆم روون بوویەوە کە شێوازەکەی ئەوان بەڕاستی بە یەکەمین ئیعجازی زانستی دادەنرێت، بۆیە ئەوان یەکەم کەسێك بوون کە بناغەیەکیان دانا بۆ هەڵێنجانی دەلالەتی زانستیی دەق لەرێگای تێگەیشتنی زمانی عـەرەب و بەراوردکردنی لەگەڵ زانستەکانی سـەردەم، تا حوکم لەسـەر دروست و نادروستەکانی بـدەن، لەکاتێکدا کە لە دروستیی دەلالەتە زانستیە هەڵێنجراوەکە دڵنیابن، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو بەڵگەی زانستییان هێنایەوە کە پشتیوانیی دەلالەتە زانستییەکانی دەق دەکات.

هەرچەندە من تەنها لێکۆڵینەوەیەك لەسەر نوسینەکانی ئیبـن حـەزم و ئیبـن تەیمیـە دەکـەم، بـەڵام ئـەو ئیعجـازە نادرێتـە پاڵ هیچ یەکیان، چونکە هەردووکیان ڕای پێشینی خۆیـان گواسـتۆتەوە، ئەو ئیعجـازە لـە سـەردەمەکەی ئـەوان کۆنتـرە، ئیبـن تەیمیـە ئەوانـەی داوەتـە پـاڵ هـاوەڵان و شـوێنکەوتوانیان، ئەمـەش بەراشـکاوی ئـەوە دەگەیەنێـت کـە شـێوازی بەکارهێنـراو بـۆ سـەلماندنی گۆیـی بوونـی زەوی، کـە لەم سـەردەمەدا لە ئیعجازی زانستیدا بەکاری دەهێنین، کە شـێوازێکی کۆنـەو داهێنانی ئەوانـە نییـە کـە لـەم سـەردەمەدا لـە بـواری ئیعجـازی زانسـتی کاردەکـەن، وەك نەیاران یان ڕەتکەرەوانـی ئیعجـازی زانسـتی هەڵـی دەبەسـتن، بەڵکو ئـەوە شـێوازی پێشـین بـووە بـۆ تێگەیشـتنی ئـەو دەقـەی بـاس لـە کێشـەیەکی گەردوونـی دەکات، خـوای بـەرز و بـاڵاش زاناتـرە.

بۆ ئـەوەی قسـەکان تەنهـا هەڵبەسـتنی بـێ بەڵگـە نەبێـت، بـا ئـەو وتـەی ئەوانەتـان بـۆ بهێنینـەوە کـە پێیـان وایـە زەوی گۆییـە، تـا خۆیـان لەبـارەی یەکەمیـن ئیعجـازی زانسـتییان، بەشـێوازی گفتوگـۆی وێناکاریـی سـەرنجڕاکێش بدوێـن، تیایـدا شێوازی بیرکردنـەوە و ڕەفتاریـان لەگـەڵ دەقـە قورئانیەکانـدا دەردەکەوێـت، جـا لێرەدا مـن پرسـیار دەکـەم و وەڵامەکـەی لـە کتێبەکانـی زانـا پایەبەرزەکانـەوە دەگوێزمـەوە، مـن دەقەکانـم بـەش بـەش کـردووە بـۆ وەڵامـی کـورت کـورت:

ئیبـن حـەزم لـە خـوازەی (ڕونکردنـەوەی گۆیـی بوونـی زەوی) لـە کتێبەکـەی (الفصل في الملل والأهواء والنحل)[1]چـی دەڵێـت.



ودعوى ساقطة لادليل عليها ولا يعجز عن مثلها احد ولم يأتوا على شيء من ذلك بشغب ولا باقناع فكيف ببرهان وانما هو تقليد لبعض قدماء الصائبين فمثل هذه الحماقات والخرافات هي الذى دفعته الشريعة الاسلامية وأبطلته وأما ما قامت عليه البراهين فهو في القرآن والسنة موجود نصا واستدلالا ضروريا والحمد لله رب العالمين

مطلب بيان كروية الارض

(قال أبو محمد) وهذا حين ناخذ ان شاء الله تعالى في ذكر بعض ما اعترضوا به وذلك انهم قالوا ان البراهين قد صحت بان الارض كروية والعامة تقول غير ذلك وجوابنا وبالله تعالى التوفيق أن أحدا من أئمة المسلمين المستحقين لاسم الامامة بالعلم رضي الله عنهم لم ينكروا تكوير الارض ولا يحفظ لاحد منهم في دفعه كلمة بل البراهين من القرآن والسنة قد جاءت بتكويرها قال الله عز وجل ﴿يكور الليل على النهار ويكور النهار على الليل﴾ وهذا أوضح بيان في تكوير بعضها على بعض مأخوذ من كور العمامة وهو ادارتها وهذا نص على تكوير الارض ودوران الشمس كذلك وهي التي منها يكون ضوء النهار باشراقها وظلمة الليل بمغيبها وهي آية النهار بنص القرآن قال تعالى ﴿وجعلنا آية النهار مبصرة﴾ فيقال لمن أنكر ما جهل من ذلك من العامة أليس انما افترض الله عز وجل علينا أن نصلي الظهر اذا زالت الشمس فلابد من نعم فيسألون عن معنى زوال الشمس

من الارض فينزل مثل الامطار والثلوج والبرد والرياح وما ينزل من السماء مثل الصواعق والشهب وما يحدث في الجو من الرعد والبرق والسحاب والضباب وقوس قزح وذوات الاذناب والهالة والمجرة وما يحدث في الارض من الزلازل والمياه والابخرة الى غير ذلك ومنها متوسطات القوى السارية في جميع الموجودات ومدبرات الهداية الشائعة في جميع الكائنات حتى لا نرى موجودا ما خاليا عن قوة وهداية اذا كان قابلا لهما قالوا واما الحالة فاحوال الروحانيات فلا من الروح والريحان والنعمة واللذة والراحة والبهجة والسرور في جوار رب الارباب كيف يخفى ثم طعامهم وشرابهم التسبيح والتقديس والتمجيد والتهليل وانسهم بذكر الله تعالى وطاعته فمن قائم ومن راكع ومن ساجد ومن قاعد لا تبدل حالته لما هو فيه من البهجة واللذة ومن خاشع بصره لا يرفع ومن ناظر لا يغمض ومن ساكن لا يتحرك ومن متحرك

1- كتاب "الفصل في الملل والأهواء والنحل " لابن الحزم الظاهري الاندلسي(384هـ-456هـ) الجزء الثاني(باب مطلب بيان كروية الأرض) سنة النشر: 1348، صفحة 78.

پ1: سەبارەت بەوانەی دەڵێن زەوی تەختە، چی دەڵێن؟

و1: بەڵگەکان دروستن کە دەڵێن زەوی گۆییە، خەڵکیش شتێکی دیکە دەڵێن، وەڵامەکەشمان بە پشتیوانی خوا ئەوەیە کە هیچ یەك لە پێشەوایانی مسوڵمانان، ئەوانەی شایستەی پێشەوایەتی بوون لە زانستدا، خوا لێیان ڕازی بێت، نکوڵییان لە گۆیی بوونی زەوی نەکردوە، هیچ وشەیەك لەوانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی نەبیستراوە.

پ2: بەڵگەتان چیە لەسەر گۆیی بوونی زەوی؟ زانستی دنیاییە یان دەقی شەرعی؟

و2: بەڵکو بەڵگەکان لە قورئان و سوننەتدا لەسەر گۆیی بوونی هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِ ٥ ﴾ الزمر. شەو لەرۆژ ئەپێچێ و، ڕۆژیش لەشەو ئەپێچێ.

پ3: بەڵام ئەو دەقە بۆ گۆیی بوونی زەوی راشکاو نییە، چونکە لەوەوە گۆیی بونەکەتان هەڵێنجا؟

و3: ئەوە ڕونترین دەربڕینە بۆ پێچانەوەی هەندێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا، لە پێچانەوەی مێزەر وەرگیراوە، کە خولاندنەوە دەگەیەنێت، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر خولانەوەی زەوی و خولانەوەی خۆریش.

پ4: بەڵگەی دیکەتان هەیە لەسەر گۆیی بوونی زەوی؟

و4: بەڵێ، خوا هەواڵ دەدات کە خۆر و مانگ لە ئاسمانن: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِي جَعَلَ فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجٗا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجٗا وَقَمَرٗا مُّنِيرٗا ٦١ ﴾ الفرقان. بەرز و بڵندە ئەو خوایەی چەندان قۆناغی ئەستێرەی گەورە گەورەو شۆڵەداری لە ئاسماندا دامەزراندووە و چرایەکی پرشنگدار (خۆر) و مانگێکی ڕووناکیشی تێدا داناوە)، و خولگەیەکیان هەیە تیایدا دەخولێنەوە: ﴿ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ٤٠ ﴾ یس. هەریەکەشیان لە خولگەی خۆی وەك مەلەوان دەخولێتەوە.

پ5: بەڵام ئەو بەڵگەیە لە گۆیی بوونی زەوی راشکاو نییە!

و5: خوای گەورە هەواڵێکی داوە تەنها کافر ڕەتی دەکاتەوە، کە مانگ و خۆر لە ئاسمانن، ئینجا بەڵگەیەکی پێویستی بەرچاوی هێناوەتەوە لەسەر خولانەویان بە دەوری زەویدا لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، پاشان لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات، ئەگەر بەپێی گومانی نەفامەکان زەوی تەخت بێت، ئەوا خۆر و مانگ ئەگەر بە دەوری زەویدا خولانەوەو کەوتنە ئەو ڕووەی کە ئێمە لەسەری نین، کەواتە لە ئاسمان دەرچوون، ئەوەش بەدرۆخستنەوەی خوای گەورەیە، جا دروست ئەوەیە کە ناشێت خۆر و مانگ لە ئاسمانەکان جیاببنەوە و ناشێت لێشی دەرچن، چونکە هەرچۆن بخولێنەوە، هەر لە نێو ئاسمانەکاندان، ڕاست ئەوەیە کە ئاسمانەکان لەسەر زەوی تەواو جوتن.

پ6: هیچ گەواهیدەرێکی مادیتان هەیە لەسەر ئەوەی کە دەڵێن زەوی گۆییە؟

و6: بەڵێ.. جیاوازیی کاتی نوێژ لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە، ئەگەر زەوی تەخت بوایە، ئەوا کاتی نوێژ لە هەموو وڵاتان یەك دەبوو، چونکە لە هەمان کات خۆریان بەردەکەوت، بەڵام بە بینین دەرکەوتووە کە کاتەکانی نوێژ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازن، چونکە کاتەکانی دەرکەوتنی خۆر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، ئەوەش وا دەخوازێت کە زەوی گۆیی بێت نەك تەخت.

وتەی ئیبن تەیمیە لەبارەی گۆیی بوونی زەوی لە (مجموع الفتاوي)[2]

پ1: ئەوەتان لە کوێوە هێناوە کە دەڵێن زەوی گۆییە؟

و1: پێشەوا (أبو محمد بن حزم) و (ابو فرج بن الجوزي) باس لە کۆڕایی لەسەر گۆیی بوونی زەوی دەکەن و زانایان ئەوانەیان بە سەنەدی ناسراو لە هاوەڵان وشوێنکەوتوانیانەوە گێڕاوەتەوە.

پ2: بەڵام لەوانەیە ئەو کۆڕاییە لەسەر زانستێکی ماددی نادروست بنیاتنرابێت!

